# شنەی هەیبە سولتان

## کۆبەرهەمی شیعرو نووسینەکانی

## جەلال جۆبار

ئامادەکردنی
د . عوسمان دەشتی          شاگوڵ قوباد سلێمان

٢٠١٨ ز          ٢٧١٨ کوردی

لەسەر ئەرکی خانەوادەکەی چاپکراوە

# شنەی هەیبەسوڵتان


- ناوی شاعیر: جەلال جۆبار
- ئامادەکردنی :د. عوسمان دەشتی – شاگوڵ قوباد سلێمان
- تایپ: ئاراز جەلال جۆبار
- دیزاینی ناوەوەوبەرگ: خەلیل هیدایەت مام شێخ ٤٩٢٤٢٦٣
- لە کتێبخانەی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٣)ی ساڵی ٢٠١٠ دراوەتێ
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- نۆرەی چاپ : **چاپی دووەم**
- شوێنی چاپ : چاپخانەی رۆژهەڵات–هەولێر

# سەرەتا

پرۆژەی ئەم بەرهەمە بەوە دەستی پێکرد کاتێك شاگوڵ خان وەکو خوێندکاری قۆناغی چوارەمی بەشی کوردی راسپێردرا کەوا باسی دەرچوونەکەی لەمەڕ ژیان و بەرهەمی (جەلال جۆبار)ی شاعیر، کە باپیرەیەتی (واتە باوکی دایکییەتی)، لەژێر سەرپەرستی و چاودێری بەندە، بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ ئامادە بکات و پێشکەشی بەشەکەی بکات.

هەوڵماندا لەباسەکەدا بێجگە لەدیداری مەیدانی و کۆکردنەوەی زانیاری لەمەڕ ژیان و بەرهەم و هۆنراوەکانی شاعیر، لەباری رەخنەی ئەدەبیشەوە بەسوود وەرگرتن لەهەندێ سەرچاوەی زانستی ئەدەبی، شیکردنەوەیەکیش دەربارەی هونەرەکانی رووخسار و ناوەرۆکی شیعری لەهۆنراوەکانی شاعیردا بەئەنجام بگەیەنین، دواتر هاتینە سەر ئەوەی کە پرۆژەکە زیاتر پەرەی پێ بدرێت و منیش بەسوود وەرگرتن لەباسەکەی ئەو و بەپشت بەستن بەو زانیاری و کەرەستانەی کە لە لامان کۆبوونەتەوە باسێکی ئەکادیمی بۆ گۆڤاری زانستی (زانکۆی کۆیە) ئامادە و پێشکەش بکەم.

لەدوایە لەسەر ئەوە گیرساینەوە کەوا پوختەی باس و نووسینەکانمان ئاوێتەی تەواوی بەرهەمەکانی شاعیر بکەین، سەرەتا هۆنراوەکانی لەدوایەش ئەو حەکایەت و چیرۆك و نووسینانەش کە لەدەفتەرێکدا تۆماری کردبوون، ئینجا ئەو دیدارو دیمانانەش کە لە گەڵیدا سازکراون و بڵاوکراونەتەوە، تا لەدوا قۆناغ دا هەموویان بخرێنە پاڵ یەك و ببێت بەپرۆژەی کتێبێك لەمەڕ سەربووردەی ژیانی شاعیر و تەواوی بەرهەم و نووسراوەکانی.

ئـەوەبوو لەدەرفەتێکیـشدا بـەڕێز (د. خـدر مەعـسوم) سـەرۆکی زانکۆمـان لەبیرۆکەی پرۆژەکە ئاگادار کردەوەو داواشمان لێی کـرد کـەوا هاوکارمـان بێـت بۆ ئەوەی بەڵکو بتوانین کتێبەکە لەسەر ئەرکی زانکۆ لەچاپ بدرێت، ئەمەش وەکـو بەشـێك لـە ئەمـەك و وەفـاداری لەئێمـە و لەزانکۆشـەوە هـەم لەئاسـت خودی شاعیرو هەم لەبەرامبەر شاری کۆیـەی خۆشەویـست پێـشکەشی بکـەین. ئەویش راستەوراست هاتە دەست و پەسەندی و رەزامەندی خۆیانی نیشان دا، بەم شێوەیە کارەکە بەرەبـەرە کەوتـە بـواری جـێ بـەجێکردن تـاوەکو بـەئاکام گەیشت.

بەرهەمـەکانی (جـەلال جۆبـار) لـەدوو بەشـی سـەرەکی پێـك دێـت، بەشـی یەکـەمی بریتییـە لەشـیعرو هۆنراوەکـانی، بەشـی دووەمـی ئـەو حەکایـەت و چیرۆك و مەسەلۆکانەن کە شاعیر تۆماری کردوون، تا وەکو بەشێك لـە سـامان و میراتـی ئـەدەبی میللەتەکـەمان هـەم لـە فـەوتان و لەناوچـوون بپـارێزرێن هــەمیش مــرۆڤ لــەژیان و گــوزەرانی کۆمەڵایەتیــدا پەنــدو عیبرەتــی لــێ وەربگرێت. لێرەدا پێویستە سوپاسی بـێ پایانمـان بـۆ بنەماڵەی شـاعیر نیـشان بـدەین، کـە زۆر بەپەرۆشــەوە بەپیرمانــەوە هـاتن و لەپێـشکەشکردنی هـەر کۆمـەك و هاوکارییـەك بەمەبەسـتی بەئـەنجام گەیانـدنی پرۆژەکـە درێغییـان لەگەڵماندا نەکرد.

# ژیننامەی شاعیر

## شاگوڵ قوباد سلێمان

ناوی جەلالی کوڕی سەعیدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حاجی محەمەد کوڕی خدر بەگە لە تیرەی خۆشناوانەو باپیرە گەورەی کە خدر بەگە،خەڵکی گوندی( ئاوڕێ ) بووە بە هۆی بڵاو بونەوەی نەخۆشییەکی کوشندە (تاعون ) بەیانییەکی کە لە خەو هەڵساوە سەیری کردووە هەموو خزم و کەسو کاری مردوون تەنیا خدر بەگ و خوشکێکی ڕزگاریان بووە ئەوانیش گوندەکەیان جێهێشتوەو ڕویان کردۆتە شاری کۆیە، خدر بەگ بە هۆی پەیوەندییەکی کۆن لە گەڵ ماڵی مەحمود ئاغای غەفوری ڕووی کردۆتە ئەوێ، مەحمود ئاغا زۆر هاوکاری کردووەو لەکۆیە نیشتەجێ بووەو ژنی هێناوە. بە تێپەڕ بونی ساڵ چەند نەوەیەکیان لێ کەوتۆتەوە تا گەیشتۆتە ئەم زاتە ......

جەلال جۆبار لە ساڵی ( ١٩٢٩ ز) لە شاری کۆیە چاوی بە ژیان هەڵهێناوە باوکی مەلا بووە بەڵام لە تەمەنی چوار مانگی لەسەر پشتی بێشکەدا باوکی کۆچی دوایی کردووەو خۆی و سێ خوشکی کە هەرسێکیان لە ئەو گەورەتر بوون بەجێ ماون و دایکی پەروەردەی ئەوانی خستۆتە ئەستۆی خۆی، دایکی ناچار بووە خۆی بژێوی ژیانی خۆی و چوار کۆرپەکەی پەیدا بکات ئەویش بە دروست کردنی کڵاوو خەیاتی و ....تا تەمەنی جەلال گەیشتووەتە (٨) ساڵ ئینجا کەوتۆتە هانای دایکی وپێکەوە لەگەڵ دایکی کەوتونەتە ئیش بۆپەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی و دایکی و خوشکەکانی، ئیشی وەك شاگردی و کرێکاری کردووە ..تا تەمەنی (١٦-١٧ ) ساڵی لە دوای ئەو تەمەنەی بڕوای بە خۆی بووەو دوکانێکی سەربەخۆی لە ساڵی (١٩٤٨ ز) داناوە....

جەلال جۆبار لە منداڵیەوە کە تەمەنی ( ٤-٥ ) ساڵان بووە ناوی باوکی خۆی نەزانیووە زۆر بە پەرۆش بووە بۆ زانینی ناوی باوکی جارێك لە دایکی پرسیوە دەربارەی ناوی باوکی بەڵام دایکی لەبەر گریان نەیتوانیوە وەڵامی بداتەوە ئەویش کە زانی دایکی

غەمی پێ دەخوات جارێکی ترلێی نەپرسیوە بەلاّم هەر عەودالّی بووە تا جارێکیان لەگەلّ منداڵە هاوتەمەنەکانی یاریان کردووە کە یاریەکە ناوی (هێشوانێ ) بووە ئەو منداڵەی لەکۆتایی یاریەکە نۆرەی هاتبایە دەیانگوت مەڕی فرانکەس پێوە بوو بەرێکەوت جارێکیان جۆبار بەبەر دەکەوێت منداڵەکانیش دەڵێن مەڕی مەلا سەعید پێوەبوو .ئەو کاتە زانیویەتی کەباوکی ناوی سەعیدە ....

## نازناوی شعری:

نازناوی شاعیر ( جۆبار ) و بە مانای کۆی جۆگەکان دێ، هۆی هەڵبژاردنی ئەم نازناوەش ئەوەبووە، تاکو کەس نەزانێ هۆنراوەکانی هی جەلالە، بۆ ئەوەی کەس نەیناسێ نەوەك سەرکەوتوو نەبێت.

## خوێندنی:

شاعیر لە هیچ قوتابخانەیەکو حوجرەیەك نەیخوێندووە، چونکە خێزانێکی هەژار بوون و کاتی خوێندنی نەبووە، کەسی نەبووە یارمەتیان بدات . شاعیر تەمەنی (٤ مانگان ) بووە، کە باوکی مردووە .باوکی دوای مردنی خۆی کوڕێك و سێ کچی لە پاش بەجێماوە، کوڕەکەش ئەم شاعیرە بووە، کە لە هەموو منالّەکان بچوکتر بووە.

لە تەمەنی ( ٧ — ٨ ) ساڵی دا لەگەڵ برادەرەکانی جارجارە کە یاریان دەکرد لەکۆلاّن، ئەو دەرسەی کە ئەوان لە قوتابخانە دەیانخوێند دەیانهێنا کۆلاّن ئەویش لێی وەردەگرتن و تەماشای دەکردو پرسیاری دەربارەی پیتەکان و وشەکان دەکرد بەم جۆرە هەموو وشەکانی ناسی، بە ناسینی ئەم وشانەو خوێندنەوەیان فێری خوێندنەوەو نوسین بووە . لە بەر ئەوەی بەهرەیەکی زۆری هەبوو زۆریش زیرەك بووە زوو فێری پیتەکان بووەو زۆر بەباشیش توانیویەتی بیانخوێنێتەوەو بیاننوسێتەوە، دوای ئەم قۆناغە دەستی بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە کردووە، هەروەها چیرۆك و پەرتوکی فارسی و عەرەبی دەخوێندەوە بەم شێوەیە شارەزایی لە بارەی زمانی عەرەبی و فارسیش پەیدا کردووە. بەم شێوەیە خوێندنەوەو نوسینی بە هێزتر بووەو زانیاری لە زانینی پەیدا کردووە .

## بەهرەی شعری:

هەر لە منداڵییەوە لە تەمەنی ( ٧ – ٨ ) ساڵیدا .واتە هەر لەو کاتەی فێری خوێندن و نوسین بوو حەزی بە خوێندنەوەی شیعردەکردو شعری شاعیرانی وەکو (شێخ ڕەزا و نالی و صافی و عەونی و ..هتد) دەخوێندەوەو لەبەر دەکرد.زۆر جار لەکاتی یاری کردن لە ناو منداڵەکانی هاوڕێی، شاعیر چەند دێرە شعرێکی بە سەر زارەکی چەن جارێك وتووە ئیتر منداڵەکانیش لە بەریان کردووە و گۆتیتیانەوەو بە کوچەو کۆلانەکاندا بلاو بۆتەوە .بۆ نموونە هەر لە دەورو بەری ئەم سالانە واتا سالانی منداڵیتی شاعیر، پیاوێك هەبووە، ناوی (یحیا ) بووە، ڕۆژانە ئەو پیاوە ناو بازاڕی ئاو ڕشێن دەکرد، ئینجا ڕۆژی جومعانیش لە هەر دوکانداڕەو عانەیەکی وەردەگرت شاعیردەربارەی ئەو پیاوە لە ناو منداڵەکان وتوویەتی :

لێرەو لەوێ یەحیا جومعانەی دەوێ

دەیدا بە کراس و کەوێ

چونکە ژنەکەی لێی دەوێ

شاعیر بەم شێوەیە هەستی بەخۆی کردووە،کە بەهرەی شیعری هەیە،تا تەمەنی دەگاتە(٢٠)ساڵی، ئینجا یەکەم شیعری بە نووسین نووسیوە،بەلام ئەو شیعرەی بەناوی خۆی بلاو نەکردۆتەوە لەوە ترساوە،سەرکەوتوو نەبێت .

شاعیر ئەو شیعرە دەدات بە (حەمەد ئەمین عەباس )ی گۆرانی بێژ ، وە پێشی دەڵێ کە نەڵێ ئەو شیعرە هی جەلالە، پێشی دەڵێ ئەگەر پرسیان ئەم هۆنراوەیە هی کێیە بڵێ هی شاعیرێکی سلێمانیە• شەوێك لە ئاهەنگێکی بووك گواستنەوە ( حەمەد ئەمین عەباس )ی گۆرانی بێژ هۆنراوەکەی بەگۆرانی دەڵێت، جەلال جۆباریش ئەم شەوە لە ئاهەنگەکە ئامادە دەبێت، دوای تەواو بوونی گۆرانیەکە دوو سێ کەس لێی دەپرسن کە ئەم هۆنراوەیە هی کێیە، حەمەد ئەمین عەباسیش لەسەرداواکاریەکەی شاعیر دەڵێ هی شاعیرێکی سلێمانیە، لە بەر ئەوەی هۆنراوەکە لای خەڵکەکە خۆش دەبێو پەسند دەکرێ، داوا لە گۆرانی بێژەکە دەکەن کە دوو بارەی بکاتەوە، ئەم دووبارە کردنەوەی

شعرەکەو پەسند بوونی لە لایەن گوێگرانەوە بووە هاندەرێك بۆ بەردەوام بوونی شاعیر لە هۆنینەوەی هۆنراوەکانی، کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

## کارو تێکۆشانی:

لە بەر ئەوەی جەلال جۆبار هەژار بووەو کەسیشی نەبووە بەخێویان بکات دەست دەکات بەکارکردن لە تەمەنی ( ٧ ) سالێدا، شاعیر دەگێڕتەوەو دەڵێ:

﴿ بەیانیان زوو هەڵدەستام لەگەڵ هاورێکانم دەچومە دەرەوە، ئەوان دەچونە قوتابخانەو دەیانخوێند منیش لە بەردەمی دەرگای قوتابخانە بەجێم دەهێشتن و دەچوومە سەر کارەکەم ﴾

سەرەتای دەستپێکردنی بە کارکردن، شاگرد بووە لەلای زۆرکەسان وەکو(شاگردچایخانەولۆقنتەو شەربەت فرۆشی .. هتد)

تا تەمەنی گەیشتە ( ١٤ ) سالی، ئیتر لەو کاتەوە دەستی کروە بە کرێکاری بۆ بژێوی ژیانی تا سالی (١٩٤٨) واتا تا تەمەنی (١٩ ) سالی، ئەوکاتە شاعیر (٧) دیناری هەبوون دووکانێکی داناوە کە ئەرزاقی تێدا فرۆشتووە . ئەو کات چەند توجارێك هەبوون لە کۆیە ئەم شتانەیان بە جوومله فرۆشتووە، جۆبار چۆتە لای چەند بازرگانێك و داوای لێکردوون کە بە هەفتانە شتیان لێوەر بگرێت و لە کۆتایی (هەفتە) پارەکەیان پێ بدات،

هەندێك لەو بازرگانانە هاوکاریان کردووە، بەلاَم هەندێکیان ئەرزاقیان نەداوەتێ لە ترسی ئەوەی نەوەك جۆبار کەسێکی خراپ دەربچێ و پارەکەیان نەداتێ، دوای ئەوەی کە دووکانەکەی داناو لە لای چەند بازرگانێك شتی دەهێنا هەندێجار ئەگەر تا ڕۆژی جومعە پارەکەی نەهاتبا دەستی دەچوو قەرزی دەکرد بۆ ئەوەی بیداتەوە بازرگانەکان تا سیقەیان لە لا دروست بکات، ئەو بازرگانانەشی کە سەرەتا شتیان نەدەدایە چوون پێیان گووت کە بچێتە لایان شتیان لە لا ببات، تا ئێستاش لە دووکانداری هەر بەردەوامە، بەلاَم گۆڕانکاری بە کڕین و فرۆشتنی کەل و پەلەکان دا هێناوە .

**له سالّی ( ١٩٥٠ ) ( ٣٠ ) دیناری پەیدا کردبوو . (٦٠) دیناریشی قەرز کرد، بوو بە (٩٠) دینار، چووە بەغداو ئەشیای عەتاری هینا ئیتر بەم هاتوو چوونەش شارەزای بەغداش بوو. لە بەغدایە دۆستی پەیدا کرد، شتومەکیان بە قەرد دەدایەو دەیهێنا، وای لێهات پەیوەندی هاورێیەتیان زۆر بەتین بوو .دواتر وای لێهات جۆبار کەمتر هاتووچۆی بەغدای دەکرد ئیتر بە نامەداوای ئەوشتانەی دەکرد کە پێویستی بوایە،ئەوانیش داوایەکەیان جێ بە جێ دەکردو بە نەقلیات کەل و پەلەکان یان بۆ دەنارد، هەر کاتێ جۆبار سەفەری بەغدای بکردبایە ئەوسا پارەکەی بۆ دەبردن. بەم جۆرە بەردەوام دبێ لە کاسبی تا ژیان و گوزەرانی گۆڕاو بەرەو باشی ڕۆیشت . لە سالّی (١٩٩٩) جۆبار هەلّبژێردراوە بۆ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی کۆیەئێستا لە شارەوانی کۆیە و تا ئێستاش ئەندامی ئەو ئەنجومەنەیە.**

## ژیانی هاوسەری:

**لە سالّی ١٩٥٢ ژیانی هاوسەری لەسەر بناغەی خۆشەویستی پێکهێناوە لەگەڵ کچێکی خزمی کە باوکیان ئامۆزا بووە ناوی ﴿ فەهاوە ﴾ (٤ کچو ٤ کوڕیان) بووە، کە ناویا ( ئارام، سەرباز، خەرمان، مژدە، دیمەن، کۆچەر، ئاراز، ئامانج )، بەلاّم ( سەرباز ) لە ژیان دا نەماوە، هەر بە مندالّی مردووە، بەداخەوە کە ئێستا جۆبار و هاوسەرەکەی هەردووکیان لەژیاندا نەماون.**

## هەندێک ڕووداوی ژیانی:

**ژیانی جۆبار هەر لە سەرەتاوە پڕ بووە لە کوێرەوەری، لە سالّی (١٩٤٨) بووە بە ئەندام لەپارتی دیموکراتی کوردستان و لە بەر ئەوەی کە شیعری ڕامیاری دەنوسی لە سالّی ( ١٩٥٤ )دا گیراوە، هەروەها لە سالّی ( ١٩٦١ ) لە لایەن ڕژێمی (عەبدولکەریم قاسم) گیراوە، هەر لە سەر سیاسەت (١٤) بەندینخانەیان پێ کردووە وەکو بەندینخانەکانی ﴿ کۆیە، هەولێر، موصل، بەغدا، دیوانیە، شامیە ) دوایی لە شامیە دەست بە سەر بووە . بۆ ماوەی ﴿ ٦ مانگ ﴾، دوای ئەو ﴿ ٦ مانگە ﴾ بە قەراری (عەبدوولکەریم قاسم ) هاتەوە کۆیەو بەردەوام بوو لە سەر کاسبی خۆی .لە سالّی ( ١٩٦٣) بە خاو و خێزانەوە**

دەربەدەر بوون و چوونە قەلاَ دزێ ( پشدەر)، بەلاَم پێش ئەوەی دەربچن، جۆبار ئەو پەڕاوەی کە هۆنراوەکانی تیادا هۆنیوەتەوەو پاراستووە دەیدا بە (ئەحمەد ) ی زاوای واتا مێردی خوشکی بۆ ئەوەی بۆی هەلْبگرێ لەگەلْ کۆمەلێك پەرتوکی بە سوود، ئەم (ئەحمەد) مش هەلْ دەستێ دەیخاتە نێو کەپری باخچەکەیان، کاتێك لەشکری حکومەت دەگاتە کۆیە داخیلی باخچەی مالْی ئەحمەد دەبێو ئاگرێك لە کەپرەکە بەردەدەن، کەپرەکە بە پوشو پەرتوك و پەڕاوەکانی جۆبارەوە دەسوتێ و ژمارەیەکی زۆری هۆنراوەکانی بەم شێوەیە لە ناودەچێ .کاتێك دەچنە قەلاَدزێ لەوێشەوە دەچنە گوندی (هەلْشۆ) نزیکەی (٢ مانگ) لە هەلْشۆ ماونەتەوە، ئینجا مالْەکەیان هێناوە قەلاَدزێ، خانویەکیان بۆ ماوەی سالێك و ٢ مانگان گرت بە کرێ، پاشان کە بەیاننامەی نێوان ( سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەت) دەرچووە داوایان کردووە هەر کەس بگەڕێتەوە شوێن و ڕێگەی خۆی .ئەوانیش مالْەکەیان بار کردووە هاتوونەتەوە کۆیە .دوای بەسەرچونی ئەم کاتەش جۆبار هەر بەردەوام بووە لەسەر حیزبایەتی بەلاَم بە شێوەیەکی نهێنی.

لە سالْی ( ١٩٧٤ ) دیسان دەربەدەر بوونەوە بە خاوخێزانەوە کەوتنە ناوچەی ( سەردەشت) لە (ئێران )، ئەمجارەشیان کۆمەلێك لە هۆنراوەکانی بە دەستی کچە بچوکەکەی سوتێنرا لە سەر داخوازی جۆبار، لە ترسی ئەوەی نەوەکو بکەوێتە ژێر دەستی حوکمەت و مالْ و مندالەکەی ئازار بدەن، ژمارەی ئەو هۆنراوانەی کە لە ناوچوون نزیکەی ( ٤٠٠ ) هۆنراوە زیاتر دەبوون، کە کۆچەری کچی دەگێڕێتەوە دەلێ:(بە دەستی خۆم سوتاندمن وخۆلْە مێشەکەشیم خستە نێو سیاناو(جۆگە)ی کۆلاَنەوە کە لە دوو دەفتەری ( ٢٠٠ ) پەڕی پێکهاتبوو)، ڕێبازی کوردایەتی و .هەر لە سەر سیاسەت و شعری ڕامیاری ماوەی سالێك و سێ مانگ لە ئێران مانەوە، هەتاکو بزافی کورد تێکچوو وهەرەسی هێنا ئەوکاتە مالْەکەیان بارکردو هاتنەوە کۆیە و بەردەوام بۆوە لە پەیداکردنی بژێوی ژیانی. لە سالْی ( ١٩٩١ ) دیسان دەربەدەر بوونەوە بۆ لای ( چۆمان ) ماوەیەکیش لەوێ مانەوە، بەلاَم بە ژیانێکی زۆر ناخۆش .دواتر پاش گەڕانەوەی خەلْکەکە ئەوانیش گەڕانەوە نێو شارو مالْ و حالْی خۆیان.

# هونەرەکانی رووخسارو ناوەرۆك لەشیعری جەلال جۆبار

د.عوسمان دەشتی

## پێشەکی/

رێنیسانسی دووەمی شیعری کلاسیکی کوردی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لەمەڵبەندی میرایەتی بابان (سلێمانی)، لەسەر دەستی نالی و سالم و کوردی سەری هەڵدا، دوابەدوای تێپەڕبوونی سەردەم و کۆچکردنی رابەرەکانیشی، (پێچەوانەی هەریەك لەقوتابخانە شیعرییە مێژووییەکانی پێشتری وەکو گۆرانی و کرمانجی باکوور)، ئەو بزووتنەوە شیعرییە ئالاکەی نانەوێ و گڕوگڵپەو بلێسەی مەشخەلانی دانامرکێتەوە، بەڵکو لەزۆربەی ناوچەکانی (کوردستانی خواروو و رۆژهەلات) پەرە دەستێنێ و بلاودەبێتەوە. لەهەریەکێك لەو ناوچەو دەڤەرانەی کوردستان شاگردو مورید و پێڕەوکاری تازەی بۆ قوتابخانەی شیعری نالی پەیدا دەبن و دەبن بەئالاهەلگری بزووتنەوەکەو پەرەی پێدەدەن و بلاوی دەکەنەوە تا ئەوەی گیانی بزووتنەوەکە تا سەردەمانێکی درێژ بەزیندوویی دەهێڵنەوە. لەناوچەی سۆرانەتی بەگشتی و بەتایبەتیش لەشاری کۆیە، کە دواتر بەمەڵبەندێکی درەوشاوەی زانست و ئەدەب و هونەرو نیشتمانپەروەریتی دەناسرێت لەمێژووی کوردەواریدا، مەزن شاعیرانی وەکو حاجی قادرو مەلا عەبدوڵلای جەلی زادەو و ئەمین ئاغای ئەختەر پەیدا دەبن کە دەبن بەشاگردی قوتابخانەکەی نالی و دەستەی یەکەمی شاعیرانی کۆیە پێك دەهێنن. دوای

ئـەمانیش کاروانەکـە بـەردەوام دەبـێ و دەسـتەی دووەمـی شـاعیرانی کۆیـە پێدەگەن، لەوێنەی نیهانی، عاسی، مەلای گەورە، خادیم. لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم نەوەیـەکی تـازە لەشـاعیرانی کۆیـە دێنـە مەیـدان لەنموونـەی عـەونی، دڵدار، سامی عەودالْ و حەوێزی و جۆبار و .... هتد.کەواتـە (جۆبـار) یەکێکـە لەوانەی کە نەوەی سێیەمی شاعیرانی کورد لەکۆیە پێکدەهێنن.

(جۆبار) نازناوی شاعیری کۆیی جەلالی کوڕی سەعیدی کوڕی عەبـدوڵلای کوڕی حاجی محەمەدی خـدر بەگـەو لـەتیرەی خۆشـناوانە. ساڵی ١٩٢٩لەشاری کۆیە چاوی لەژیان هەڵهێناوە، بـاوکی مـەلا بـووە، بـەڵام هێشتا جۆبـار لەسـەر پشتی لانك دەبێت کەباوکی کۆچی دوایی دەکات ودایکـی ئـەرکی پێگەیانـدن و پـەروەردەکردنی جۆبـارو هـەر سـێ خوشـکەکەی کەلـەو گـەورەتر بـوون، دەگرێتەئەسـتۆ. بـەهۆی دژواری و سـەختی ژیـان و گـوزەرانی ئـەو خێزانـە جۆبار دەرفەتی خوێندنی بۆ هەڵنەکەوتووە، نەلەحوجرەی مزگـەوت و لـەلای مەلا نە لەقوتابخانەی میری، بەڵام چونکێ منالێکی بـەهرەدارو بلیمـەت بـووە، تامەزرۆیی خوێندن و فێربوون بووە، بۆیە لەڕێگەی تێکەڵاوی و هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵانی هاوڕێی کە لەقوتابخانە دەیان خوێندو هاموشۆکردنیان لەماڵ و لەگـەڕەك و لـەکۆڵان، دەتـوانێ بەچاکی فێـری خوێندنـەوەو نووسـین بێـت، ئـەنجا لەسـەر ئـەو ڕێـڕەوە بـەردەوام دەبێـت وردە وردە خـۆی پێدەگەیـەنێت، لەلایێ کاسبی دەکات و یارمـەتی خێزانەکـەی دەدات لەلایـەکی دیکـەش لەسـەر خوێندنـەوەو فێربـوون بـەردەوام دەبێـت، تـاوەکو جگـە لـەکوردی زمانـەکانی وەکو فارسی و عـەرەبیش فێردەبێت. لە تەمەنی بیست ساڵیدا بەهرەی شیعرو هۆنـراوەی لێ دەڕسکێ و دەکەوێتە سەر کەلکەلەی شیعر نووسین، لـەپاڵ کـارو کاسبی و شیعر نووسین دا لەخـەباتی نیشتمانی گەلەکەشی بەشداری دەکـات.

خاوەنی کۆمەڵێك شیعرو هۆنراوەی رەنگاورەنگە کە زۆربەیان لەلایەن دەنگ خۆش و گۆرانی بێژو هونەرمەندانی کۆیە بەئاوازو گۆرانییەوە گوتراون و لەئیستگەو تەلەفزیۆنەکانەوە لەماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا تۆمار کراون. جۆبار شاعیرێکی خۆرسکی عاشق و عاشقێکی شاعیرو شەیدای هونەرو ئافرەت و سروشتی نیشتمانەکەی بووە، شیعری بۆجوانی و دڵداری و ئەڤین و خاکی پاکی وڵاتەکەی چریوە، بوولبولێکی خۆماڵی بووە لەسەر درەختی جوانی سروشتی کوردستان هێلانەی چێ کردووەو نەغمەو وئاوازی خوێندووە.

کاریگەری شاعیرانی هاوچەرخی خۆی لەوێنەی گۆران و عەونی و دڵدار بەسەر شیعرو بەرهەمەکانییەوە دیارە، ئێستا لە ژیاندا ماوەو لە شاری کۆیەی زێدو مەڵبەندی ژیان و پێگەیشتنی دادەنیشێت، دەستبەرداری کارو کەسابەتیش نەبووە، تا ئێستا بەرهەمی شیعرو هۆنراوەکانی لە دیوانێکدا کۆنەکراوەتەوەو لەچاپ نەدراوە، لێرەدا لە هەوڵی ئەوەداین تیشکێك بخەینە سەر رووخسارو ناوەرۆك لەبەرهەمی شیعری ئەو هونەرمەندە، بەو ئومێدەی لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی لە دیوانێکدا کۆبکەینەوەو بیخەینە ژێر چاپەوە.

باسەکەمان بەشێوەیکی گشتی بەسەر ئەم بەش و بڕگانەدا دابەش دەبێت:

بەشی یەکەم / رووخساری شیعری جۆبار

أ- زمانی شیعری

ب- کێش: ١- کێشی عەرووزی ٢- کێشی خۆماڵی

ج- سەروا: ١- یەکێتی سەروا ٢- جووت سەروا ٣- چوارین

بەشی دووەم / مەبەستی ناوەرۆکی شیعری جۆبار

أ- مەبەستی دلّداری
ب- بابەتی جوانی ئافرەت و سروشت
ج- مەبەستی ئاینی
د- هۆنراوەی بۆنەو موناسەبات
هـ- مەبەستی سیاسی
و- مەبەستی داشۆرین
ز- مەبەستی ستایش و پیاهەڵدان
ح- هۆنراوەی گۆرانی
ط-هۆنراوەی منداڵان
ی- لاواندنەوەی سەرگۆڕەکان
ئەنجام
پەراوێزەکان
لیستی سەرچاوەکان

## بەشی یەکەم
## رووخساری شیعری لای جۆبار

رووخسار ئەو رووپۆش و وتاراو قالبەیە کە تێکستی ئەدەبی تیایدا دەمەیێت و خۆی تیادا پێشکەش دەکات، ئەمەش لەگەڵ مەبەست و ناوەرۆك دا لەگۆڕانێکی بەردەوام دا دەبێت و تەعبیر لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی شاعیردا دەکات لەبارودۆخ و سەردەمێکی دیارکراودا.
یەکەم ئاکاری رووخساری شیعری لای هەر شاعیرێك لەسەرەتادا زمان و دەربڕینە، ئەنجا لایەنی تەکنیك و فۆرمی ئەو دەربڕینانەیە کە ئەزموونی شاعیری تیادا بەرجەستە دەبێت و خۆی لەهونەرەکانی کێش و قالبە کێش و سەرواوە دەدۆزێتەوە، بەم پێیە فۆرم و رووخساری شیعری لای جۆبار لەم سێ لایەنەوە بەدیاردەکەوێت.

### یەکەم : زمانی شیعری

جۆبار بەو هۆیەی کە شاعیرێکی خۆڕسك بووەو باری خوێندەواری ئەوەندە هەڵکشاو نەبووە، بۆیە زمان و گوتاری شیعری ساکارو پەتی و خۆماڵیانەیە. شیعرەکانی بە وشەو دەربڕینی نەرم و رەوان و ئاسان هۆنیوەتەوە تاوەکو خوێنەری لەهەموو چین و توێژەکان بەسانایی تێی بگەن. لەگەڵ ئەوەشدا لە دروستکردنی مانای هونەری و شاعیرانەدا بەو کەرەستە خۆماڵیانە، هونەری نواندووەو شێوازێکی تایبەت بەخۆی پێکهێناوە، کە ئەمەش یەکێکە لە سەرەتاکانی هونەری شیعری لای هەر شاعیرێکی بلیمەت.

پارچەی لیریك و سرووودەکانی رەوان و بێ گرێ و گۆڵن، دارشتنەکانی سووك و پڕ لەنەشئەو مۆسیقا و ئاودارن. لە هەندێ لە شیعرە عەروزییەکاندا تا پلەیەك وشەی بێگانەی بەکارهێناوە بەلاّم زۆر بە کەمی, ئەو وشانەی کە بەکاریشی هێناون چونەتە ناو زمانی کوردی و پەسند کراون و وەرگیراون و بوون بە بەشێك لە زمانی کوردی و بەکارهێنانیان لە لایەن شاعیرەوە زیاتر مۆرکی زمانی کوردیان پێدەبەخشێ, خوێندەوارو نیمچە خوێندەواری کورد ئاگایان لەو وشانە هەیەو تێیان دەگەن و بە ماناو وێنەیەکی نوێ هەناسە هەڵدەکێشن. هەرچەندە جۆبار جگە لە زمانی دایك زمانی عەرەبی و فارسیشی بەباشی زانیوە, بەلاّم لەناو هۆنراوەکانی بەکاری نەهێناون. بە پێچەوانەوە لە شیعرە میللی و خۆماڵیەکاندا بەتایبەتی جووت قافییەکانی زیاتر وشەی کوردی پەتی بەکارهێناوە, بەشێوەیەکی گشتی شاعیر ژیانێکی تازە دەداتە ئەو وشانەی دەچنە ناو بنیاتی دروست بوونی شیعرەوە لە حاڵەتی وەستان و قەتیس بوونەوە دەیانبا بۆ حاڵەتی بە خۆهاتنەوەو داهێنان.

**دووەم : کێش**

**<u>١- کێشی عەرووزی</u>**

جۆبار وەکو زۆربەی شاعیرەکانی پێش خۆی هەردوو جۆر کێشی شیعری (خۆماڵی و عەرووزی) بەکار هێناوە هەرچەندە لە سەرەتای دەستکردنی بە نووسینی هۆنراوە بە کێشی خۆماڵی دەستی پێ کردووە , بەلاّم کێشی عەروزیش لە ناو هۆنراوەکانی دا خۆی دەبینێتەوە، جۆبار لەشیعرە عەرووزییەکانی تەنیا دوو کێشی بەکارهێناوە کە ئەویش هەردوو کێشی

(هەزەج) و (رەمەل)ن، لەگەڵ هەندێ لەقالبە کێشەکانی ئەو دووانە بەم شێوەیە:

أ- هەزەج

لە شیعری کوردیدا( هەزەج لە کێشە باوەکانە , هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئاهەنگداری و سووکی کێشەکە و گونجانی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا،کێشەکە چونکە گورج و سوکو بە ئاهەنگە پەسند کراوەو شاعیران زۆر بەکاریان هێناوە) [1] ،ئەو قالبە کێشانەی هەزەجیش کە جۆبار بەکاری هێناون بریتین لەمانە:

١- هەزەجی هەشتی تەواو

قالبە کێشەکەی بەم جۆرەیە (مفاعیلون مفاعیلون مفاعیلون مفاعیلون ×٢ ) شیعرەکانی وەکو (زەمانە , مرۆڤی نا مرۆڤ , شیوەنی تاهیر تۆفیق , بە دگۆ , کورد قڕان ) بەم قالبە کێشە هۆندراونەتەوە , کە هۆنراوەی (بەدگۆ) بە نمونە وەردەگرین:-

ئەوانەی هەرخەریکی چاوەدێ ری و باسی خەڵکینە ,

بەدەم تیری زمانیان دژ هەموو کەس هەر لەپێکینە ,

ئە/وا/نەی/هەر/خە/ری/کی/چا/وە/دێ/ری و/با/سی/خەڵ/کی/نە ,

ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

بە/دەم/تی/ری/ز/مان/یان/دژ/هە/موو/کەس/هەر/لە/پێ/کی/نە ,

ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

بەلآم دەبێ بڕگەی کۆتایی هەردوونیوە دێڕەکە ئیشباع بکرێ، ئیشباعیش بریتییە لە درێژکردنەوەی بڕگەی کورتی کۆتایی دێر, بە پێی دەستووری شیعری عەرووزی هەموو بڕگەیەکی کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و دووەم ئیشباع دەکرێ، هەروەها هۆنراوەی (کورد قڕان) یش بە نمونە وەردەگرین کە بە هەمان کێش هۆنراوەتەوە :

لەپێنجی سێی هەزارو نۆسەدو هەشتاو هەشت توانی

دڕندەی عــەفلەقی هەڵسێ لــە کوردستان بەتاوانی

له/پێن/جی/سێی/هه/زا/رو/نۆ/سه/دو/هەش/تا/و/هەشت/توا/نی

ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

د/ڕن/دەی/عەف/له/قی/هەڵ/سێ/له/کور/دس/تان/به/تا/وا/نی

ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

٢- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف .

قالبەکەی بەم جۆرەیە (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن × ٢ ) جۆبار شیعری (بەم وێنەیە ) بەم قالبە هۆنیوەتەوە.

بـــــەم وێنەیە بێ وێنەیە بـەم شێوەیە مەندە

بەم لێوە بەخەندە دەمەکەت کارگەیی قەندە

بەم/ویٚ/نە/یە/بیٚ/ویٚ/نە/یە/بەم/شیٚ/وە/یە/مەن/دە

— — ب/ب — — ب/ب — — ب/ب — —

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

بەم/لیٚ/وە/بە/خەن/دە/دە/مە/کەت/کار/گە/یی/قەن/دە

— — ب/ب — ب ب/ب — — ب/ب — —

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

٣- هەزەجی شەشی مەقسور

قالبە کێشەکەی بەم شێوەیە ( مفاعیلن مفاعیلن فعولان × ٢ )، شاعیر لە شیعری ( جەژنە ) دا ئەم قالبە کێشەی بەکار هێناوە:

ئەوا جەژنە وەرن ئەی دۆست و یاران

لــەلادیٚ و شــارو ڕەشماڵ و دەواران

ئە/وا/جەژ/نە/وە/رن/ئەی/دۆس/ت و/یا/ران

ب — — ب/ب — — — / ب — —

مفاعیلون مفاعیلون فعولان

لە/لا/دیٚ و/شا/رو/ڕەش/ما/ڵ و/دە/وا/ران

ب — — —/ب — — —/ب — —

مفاعیلون مفاعیلون فعولان

### ٤- هەزەجی شەشی مەحزوف

قالبە کێشەکەی بەم جۆرەیە ( مفاعیلن مفاعیلن فعولن × ٢ ) شاعیر لە شیعری (شیوەنی وریای خوارزام و هەتا گەنج بوم ) ئەم کێشەی بەکار هێناوە .

لــەشین و مــــاتەمینی کــاکـــە وریا
هەموو ئەوچاوی دیبووی بۆی دەگریا

لە/شی/ن و/ما/تە/می/نی/کا/کە/ور/یا
ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن
هە/موو/ئەو/چا/وی/دی/بوی/بۆی/دە/گر/یا
ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن

هەتا گەنج بووم نەبوو پیریم لەبیر بێ
کــەچی ئێستا ئـــەوا پیریم بـەپیر دێ

هە/تا/گەنج/بوم/نە/بو/پی/ریم/لە/بیر/بێ
ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن

کە/چی/ئێس/تا/ئە/وا/پی/ریم/بە/پیر/دێ
ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن

ب- ڕەمەل

ئەم کێشەش( یەکێکە لە کێشە باوەکان , لای (جزیری) تاکو نزیکترین شاعیری ئەم سەردەمەمان بەکار هاتووە , ئەم کێشە ئاوازەکەی زۆر سووکەو پیتەکانیشی نەرمن)[٢]. لەم قالبە کێشانەی جۆبار بەکاری هێناون:

١- ڕەمەڵی هەشتی مەحزوف

قالبە کێشەکەی بەم جۆرەیە ( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × ٢) جۆبار شیعرەکانی وەکو (ڕاز لە کورد , وەسفی کۆیە , کوڕی ڕۆژ , شەوی شووم , کەوی خۆخۆر , یادی حاجی قادر , ستایشی ئایینی , گوڵی باغ ) بەم قالبە هۆنیوەتەوە , ئێمە شەوی شوم بە نمونە وەردەگرین:

لەم شەوی شوومە چ بانگێك بوو بە گوێمان دادرا
دەرگەیی شادی لە خەڵکی شاری کۆیە داخرا

لەم/شە/وی/شوو/مە/چ/بان/گێك/بوو/بە/گوێ/مان/دا/د/را
— ب — — /— ب — — /— ب — — /— ب —
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

دەر/گە/یی/شا/دی/لە/خەڵ/کی/شا/ری/کۆ/یە/دا/خ/را
— ب — — /— ب — — /— ب — ب /— ب —
فاعلاتن فاعلاتن فاعلات فاعلن

### ٢- ڕەمەلی هەشتی مەقسور

قالبە کێشەکەی بەم جۆرەیە (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان × ٢)

هۆنراوەی (ئەنجامی شەڕ) ی بەم جۆرە کێشە هۆنراوەتەوە :

**کە بە بیرم دێتەوە ڕۆژی شەڕی ئەوسای جیهان**

**دڵ ئەکەوتە لەرزە یەکپا حالەتم دێتە هـــەژان**

**کە/بە/بی/رم/دێ/تە/وە/ڕۆ/ژی/شە/ڕی/ئەو/سای/جی/هان**

**ـ ب ـ ـ /ـ ب ـ ـ /ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ**

**فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان**

**دڵ/ئە/کەو/تە/لەر/زە/یەک/پا/حا/لە/تم/دێ/تە/هە/ژان**

**ـ ب ـ ب /ـ ب ـ ـ /ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ**

**فاعلات فاعلاتن فاعلاتن فاعلان**

### ٢- کێشی خۆماڵی (بڕگەیی)

جۆبـار لـە پـاڵ بـەکارهێنانی کێشـی عـەرووزی ئـەو کێشـەی دیکەشـی بەکارهێناوە کە بەکێشی بڕگەیی یان کێشی پەنجە ناسراوە، (شێخ نـوری شـێخ صـالح)بـەم شـێوەیە پێناسـەی کێشـی بڕگـەیی دەکـات : (وەزنـی هیجـائی بـە عیبـارەتێکی موسەلسـەل ئـەڵێن کەخرابێتـە شـکلێکی مەوزونـەوە وەقتـێ کـە پارچەکانمان جیاکردەوە عەدەدی هیجای مەصرەعی ئـەوەل لەگـەڵ عـەدەدی هیجای مەسرەعی پانیدا مساوییە بەقەدەر یەك بن، کـەوابوو مـوافقی وەزنـی هیجائی لە مەسڕەعێکدا چەند هیجا بێ لازم ئـەکا لـە مەسـڕەعەکەی تریشـدا ئەوەندە هیجـا بـێ... لـە وەزنـی هیجائیـدا دائمـا ئینسـان دەتـوانێ کـە عـددی

هیجائی مەسرەعەکان بە ئەموست بژمێرێ بناء علیە بەم وەزنە حیسابی ئەموستیشی پێ ئەڵێن)[٣] . ( لەم پێناسەیەدا (شێخ نوری شێخ صالح)دوو شت دەخاتە ڕوو یەکەمیان لە کێشی بڕگەییدا دەبێت ژمارەی بڕگەکانی دێڕی یەکەم لەگەڵ ژمارەی بڕگەکانی دێڕی دووەم وەکو یەك بن کەواتە کێشی بڕگەیی یان پەنجە,کێشێکی نەتەوەیی کۆنە,هەموو بەیت و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بەم کێشە وتراوە , زیاتر شاعیرانی شێوەی گۆرانی بەکاریان هێناوە, گشت شیعرەکانی مەولەوی لەسەر ئەم کێشە ڕەسەنە کوردیەن,لەم دواییەشدا لەشیعری شاعیرانی نوێ دا بەگوڕ سەری هەڵداوەتەوە ,زۆربەی شیعرەکانی پیرەمێردو هەندێك لە شیعرەکانی قانیع و زۆربەی هەرەزۆری شیعرەکانی (گۆران)و شاعیرانی دوای گۆران بە دەگمەن نەبێت لەسەر ئەم کێشەن، ئەم جۆرە کێشە بە پێی ژمارەی بڕگە لەدێرەکاندا نەك کورت و درێژی بڕگەکان دیاریی دەکرێت و پێویستە ژمارەی بڕگەکان بە ژمارە ئەوەندەی یەك بن واتە ئەگەر هەنگاوێکی بەیتەکە (٥) بڕگەیی بێ پێویستە هەنگاوەکانی تریش هەرئەوەندە بن[٤].

بەم جۆرە جیاوازی کێشی بڕگەیی لەگەڵ کێشی عەرووزی لەوەدایە کە لەم جۆرە کێشەداکورت و درێژی بڕگەکان لە دەست نیشانکردنی جۆری کێشەکە دەوریان نییە بەڵکو ژمارەی بڕگەکان ئەم دەورە دەبینن، (کێشی ڕەسەنی کوردی لە (٥) بڕگەییەوە دەست پێ دەکات تاوەکو (١٦) بڕگەیی هەرچەندە (١٦) بڕگەییەکە هەر هەشتیەکەیە و دووبارە کراوەتەوە, ئەگەرچی کێشی(٩)بڕگەیش یەکجار دەگمەنەو کێشی(١٤) بڕگەیش ئەگەر پشووەکەی

لە(٧)دا نەیەت ئەوا کێشی عەرووزی عەرەبییە بەتایبەت دەریای(طویل) [٥].

لە کێشی بڕگەیی (جۆبار) ئەم جۆرانەی بەکاهێناوە:

أ-پێنج بڕگەیی :

ئەم کێشە لە شیعری کوردیدا دەگمەنە,چونکە شاعیر زۆرجار لە (٥)بڕگەوە تێپەڕ دەکات بەرەو(١٠) بڕگە، واتە پشووی دوای پێنج ناکات بە سەروا، بەڵکو پشووی دوای (١٠) دەکات بە سەروا, بۆیە کێشەکە دەبێت بە (١٠) بڕگەیی، (جۆبار) تەنیا هۆنراوەی (یارم بێ شانە)ی بەم جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە :

| | |
|---|---|
| یا/رم/بێ/شا/نە | (٣+٢) |
| پر/چی/پەخ/شا/نە | (٣+٢) |
| بە/سەر/کۆڵ/وا/نە | (٣+٢) |
| شا/ڵی/سەر/شا/نە | (٣+٢) |

ب-شەش بڕگەیی :

ئەمەش جۆرێکی تری کێشی خۆماڵییە, ئەم جۆرە زۆر بەکەمی لەناو هۆنراوەی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، (جۆبار)یش تەنیا هۆنراوەکانی (بەهیوات, کیژە کۆچەری) لەسەر ئەم کێشەیە:

بە/هی/وات/گ/یا/نە

حا/ڵم/پە/رێ/شا/نە

د/ڵم/وا/حەی/را/نە

عا/ش/قی/لێ/وا/نە

ج-حەوت بڕگەیی :

کێشێکی خێرایەو لە فۆلکلۆری کوردیدا دوای کێشی هەشت بڕگەیی دێت, گۆران لە بارەی ئەم کێشەوە دەڵێت(لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر هەڵبەستی تازەی پێدانراوە)[٦]. زۆربەی بیرو ڕاکان لەسەر ئەوەن کە کێشی حەوت بڕگەیی بریتییە لەدوو هەنگاو: هەنگاوی یەکەم چوار بڕگەییەو هەنگاوی دووەم سێ بڕگەییە واتە(٣+٤)) بەڵام (دلشاد علی) لە بارەی دەستەپێییەکانی ئەم کێشەوە دەڵێت (تەنهادەستەپێی(٣+٤)یان لێ دیاریی کردووە ئەمە لە کاتێکدا کە گەلێ هەڵبەستمان لە سنووری ئەم کێشەدا دەستەپێی (٥+٢) یان(٢+٥) شیان تێدا بەکارهێناوە)[٧]. (جۆبار) ژمارەیەکی زۆری هۆنراوەکانی بەم جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە, وەکو(هەڵسە شۆڕێ,چناروك,بۆم بڵێ تۆزە تۆزە,ئەی تەمبەڵ, دولبەرێ, چاوەڕوانی, کوردستان, نەورۆزو ڕاپەڕین, پارتایەتی), هۆنراوەی (چاوەڕوانی) بە نموونە وەردەگرین:

بە/چا/وی/چا/وەڕ/وا/نی
لە/ڕێی/یا/رم/دەڕ/وا/نی
کا/تێ/لە/پڕ/پەی/دا/بوو
دەر/کەوت/بە/ڕەو/تی/جوا/نی

د-هەشت بڕگەیی :

گۆران ئەم کێشە بە کێشە باوەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنێت و لەو بارەیەوە دەڵێت:(کێشی هەشت بڕگەییش لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆر باوە,واش دێتە بەرچاو هەتا بەرەو ناوچەی شێوە کرمانجی بڕۆین باوی زۆرتر بێ ,بە

پێچەوانەی (١٠) بڕگەیی کە تافی بزەوی لە جەرگەی ناوچەی شێوە گۆرانی یەوە دەست پێ دەکات)[٨] ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زیاتر ئەو شیعرانەی بە شێوەی کرمانجی وتراون لە سەر ئەم جۆرە کێشە بنیات نراون، (هەردی)یش لە بارەی ئەم کێشەوە دەڵێت : (ئەم کێشە ئەوەندەی (١٠) بڕگەیی باوی هەیە بگرە زۆرترینی گۆرانییە خۆشەکانی فۆلکلۆری لەسەرئەم کێشەن)[٩] ، هەر سەبارەت بە فراوانی بەکارهێنانی ئەم کێشە لە شیعری نوێی کوردیدا دکتۆر مارف خەزنەدار پێی وایە: (ئەم کێشە لەلای شاعیرەکانی ئەم سەردەمەماندا لاپەڕەیەکی زۆری لە دیوانە شیعریەکانیاندا داگیر کردووە)[١٠] .

کەواتە زۆربەی رایەکان لەسەر ئەوەن کە لە شیعری نوێی کوردیدا ئەم کێشە تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن شاعیرانەوە بەکارهێنراوە ، کێشی هەشت بڕگەیی جگە لە دەستەپێی(٤+٤) چەند دەستەپێیەکی تریشی هەیەکە بریتین لە دەست پێیەکانی (٣+٥)و(٥+٣)و(٢+٦)و (٦+٢)و(٢+٢+٤)و(٢+٤+٢)و(٢+٢+٢+٢)، (جۆبار) هۆنراوەکانی (ناخی دڵداری, ژنی نالەبار, لەڕێی هیوا, زستانی دژ, شەوی زستان لە کوردستان, شێخ, خۆری خەبات, ڕێوی و کەڵەشێر, مشك و پشیلە, ئاغایەتی, خزمی خراپ, ئەنفال و کیمیا بارانی کوردستان)ی بەم کێشە نووسیوە. لێرەدا هۆنراوەی(ئەنفال و کیمیا بارانی کوردستان) بە نموونە وەردەگرین:

ئەی/ئەن/جو/مە/نی/ئا/سا/یش
ئەی/نە/تە/وە/یەك/گر/تووە/کان
ئەی/کۆ/مە/ڵـەی/ما/فی/م/رۆڤ
د/ژی/تا/وا/ن و/بـەد/خوە/کان

**هـ- دە بڕگەیی :**

ئەم کێشە لە هەرە باوەکانە، چونکە هەموو شیعرەکانی شێوەی گۆرانی و بەیت و شیعرە فۆلکلۆرییەکان لەسەر ئەم جۆرە کێشە بنیات نراون، ئەم کێشە لەبەر ئەوەی لەهەموو کێشەکان زیاتر لە شیعری کوردیدا بەکارهاتووە, بۆیە گۆران بەکێشی نەتەوەیی ناوی بردووەو دەڵێ: (ئەم کێشە لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو بە ئاسانی ئەتوانێ ناوی لێ بنێ کێشی نەتەوەیی کورد)[11]، زیاترین کێش کە لە شیعری کوردیدا بەکارهاتبێ کێشی(١٠) بڕگەیی (٥+٥)ـە، هەروەکو دەردەکەوێت لە دەستەپێی کێشی (١٠) بڕگەیی (٥+٥) وەستان لە ناوەڕاستدایە. (جۆبار) هۆنراوەکانی (ئەی گوڵ, پەری وێنە, ستایشی ڕەمەزان, کەڵەشێر, پەرچەم لوول, هاوسێی خراپ, دیمەنی ژیان, نەسرین گوڵێك بوو, حەماغای کۆیە, شێخ حەمەسالح, بگرەباوەش خۆت)ی بەم جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە، لێرەدا هۆنراوەی (پەری وێنە) بە نموونە وەردەگرین:

ئەی/پە/ری/وێ/نە/جوا/نی/بێ/وێ/نە
دی/مە/نت/ناو/دڵی/بی/نە/ری/شوێ/نە
تۆ/لە/ئا/سۆی/دڵ/پڕ/شەن/گی/مان/گی
ش/شۆ/خو/شەن/گی/چی/نی/قە/شەن/گی

**و-یازدە بڕگەیی :**

یەکێکە لە کێشە هەرە کۆنەکان,(لەپێش ئیسلامدا زۆر باو بووە ,بەڵام لە سەردەمی نوێدا لەساڵانی بیستەکانەوە سەری هەڵداوەتەوە. ئەم کێشەش یەکێکە لەو کێشە ڕەسەنانەی کە شاعیرانی کورد سەر لە نوێ

بوژاندیانەتەوە)[١٢] ، (ئەحمەد هەردی)یش لە بارەی ئەو کێشەوە دەدوێت و پێی وایە یەکەم شاعیر کە بەم کێشە شیعری وتبێت گۆرانە ، (کێشی یازدە برگەیی بریتییە لەسێ هەنگاو (٤+٤+٣) ، هەنگاوی یەکەم و دووەمیان چوار برگەییەو هەنگاوی سێیەمیان سێ برگەییە لام وایە لە ناوچەی ئێمەدا بۆ یەکەمجار (گۆران)شیعری پێ وتووە)[١٣] ، ئەم کێشە چەند دەستە پێیەکی لێ جیاکراوەتــــەوە (٤+٤+٣) و (٦+٥)و(٣+٣+٥) و(٣+٤+٤) ، (جۆبــــار) هــــۆنراوەی (بابچینە کوێستان)ی بەم جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە:

با/بچی/نە/کوێس/تان/بۆ/گەش/تی/ئەم/نا/وە
جوا/نی/جی/هـا/نی/خوا/بەم/شــوێ/نە/دا/وە
لە/چلـەی/ها/وی/نا/نــــەو/بە/هار/ب/بی/نە
قەن/دیل/مەن/دی/لی/هەر/ف/ڕێ/نە/دا/وە

س- سێزدە برگەیی :

ئـەم کێشە بەکێشێکی دیار دادەنرێت و لەشیعری شاعیرە تازەکانــدا بەرچاو دەکەوێت، دەستەپێی ئـەم کێشە پێکهاتووە لە (٤+٤+٥)، جۆبار تـەنیا دوو هۆنراوەی (بە فیداتبم ، ئەمڕۆکە دڵم)ی بەم کێشە هۆنیوەتەوە:

بە/ ی/دات/بم/قەد/عەر/عەر/دڵ/ئا/شوف/تەی/تۆ/یە
فر/یام/کە/وەو/نا/چــا/رم/چا/رەم/هــەر/ئیـم/ڕۆ/یە
ئا/وا/زی/نا/ڵــەی/دڵ/بۆ/مـوش/تا/قـی/دی/دا/رت
بول/بــــول/ئە/خا/تە/نا/ڵـین/بەم/دا/دو/ڕۆ/ڕۆ/یە

سێیەم : سەروا

وەك ئاشــکرایە, (کـێش بــە یــەکێك لــە ڕەگــەزە ســەرەکییەکانی شــیعر دادەنرێت کە ڕۆڵی هەبێت لە بنیاتنانی ئاوازی دەرەوەی دا, بەلام لـە پاڵ ئـەم

ڕەگەزەدا ڕەگەزێکی تر هەیە بەشداره لە بنیاتنانی ئەم ئاوازەدا ئەویش سەروایە)[١٤] ، عەرەبەکان زۆر گرنگی بە سەروا دەدەن و بە ڕەگەزێکی بنچینەیی شیعری لە قەڵەمی دەدەن , بۆیە لە پێناسەی شیعردا دەڵێن: (شیعر قسەیەکی کێش و سەروادارەو واتایەك دەگەیەنێت )[١٥]، واتا لای عەرەب سەروا رەگەزێکی سەرەکی شیعرە . پێناسەی زۆرو جۆراوجۆریش لەبۆ سەروا کراوە کە هەر هەموو یان لە سەر ئەوڕایەن کەوا: ئەو دەنگە یان ئەو تیپە سەروا پێك دەهێنێت کە دەکەوێتە کۆتایی دێرە شیعرەوە، کەچی (عەزیز گەردی) بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونانەوە بۆچوونێکی تری هەیەو دەڵێت (سەروا بریتییە لەو دەنگە یان کۆمەڵە دەنگەی لە کۆتایی وشە سەرواداەکان دووبارە دەبنەوە ئەمە بە تایبەتی لە کۆتایی لەت یان دێرە شیعروهەندێ جار لە ناوەوەش دێ)[١٦], ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەرج نییە سەروا هەر لە کۆتایی لەت یان دێرە شیعردا دوبارە بێتەوە بەڵکو هەندێ جار سەروا لە ناوەوەی دێرە شیعردا دێت و ئەو کاتە بەیتەکە سەروای ناوەوەی دەبێت، لە جۆرەکانی سەروای شیعری لە هۆنراوەکانی جۆباردا ئەم شێوانەی لێ دەبیندرێن:

١- یەکێتی سەروا

لە شیعری کلاسیکدا یەکێك لە مەرجە بنچینەییەکانی شیعر, یەکێتی سەروا بووە کە بە شێوەیەکی یەکگرتوو هاتۆتە خوارەوە و شیعرەکەی پێ تەواو کراوە، ئەمەش وەك کۆت و تەوقێك بووە لە گەردنی شاعیرداو ناچار بووە ملکەچی بێت و پەیڕەوی بکات بەمەش شاعیر ماوەیەکی تەسکی لەبەر دەمدا بووە بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی) ، کاکەی فەللاح پێی وایە (بۆ ئەوەی شیعر لە سەرەوە تا خوارەوە سەروایەکی یەکگرتووی هەبێت , شاعیر ناچارە

بە شوێن وشەدا بگەڕێت بۆ ئەمەش پێویستی بە فەرهەنگێکی تەواو هەیە, دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆ دانی بەشێکی زۆر لە بەهرەو کاتی شاعیر, تەنانەت لەو حاڵەتەدا شاعیر وای لێ دێت کە نەتوانێت بە تەواوی ئەو مەبەستەی کە لە دڵ و دەروون و خەیاڵی دا هەیە بیگەیەنێت)[١٧] ، گۆرانیش پێی وایە لە بەر ئەوەی لە شیعری کۆندا پەیڕەوی یەکێتی سەروا کراوە بۆیە شاعیر ئەو بابەتەی کە مەبەستی بوو دەیخستە ناو یەك دێرەوە , ئەمەش وا لە خوێنەر دەکا کە بتوانێ زۆر بە ئاسانی و بە هەوەسی خۆی دێرەکان پاش وپێش بکات بەبێ ئەوەی هەست بەو پاش وپێشییە بکرێت )[١٨] .

بەشی هەرە زۆری شیعری کلاسیکی کوردی بەم شێوە سەروایە هۆنراوەتەوە, بۆیە پێشی وتراوە (سەروای یەکگرتوو) چونکە سەرواکە لەسەرەوە هەتا خوارەوە بەشێوەیەکی یەکگرتوو هاتۆتە خوارەوە. جۆباریش وەکو هەموو شاعیرانی پێش خۆی لە زۆربەی هۆنراوەکانی پێڕەوی ئەم جۆرەی کردووە لە نیزامی (سەروا)، شیعرەکانی (ڕاز لە کورد, هەڵسە شۆڕێ, وەسفی کۆیە, ژیانی کۆیە, زەمانە, یارم بێ شانە, بەدگۆ, یادی حاجی قادر, گوڵی باغ , کوردڤڕان, جوانی کوێستان، ١٤ی تەمووزی١٩٥٨, ئەنجامی شەڕ, بەفیدات بم) سەر بەم سەروایە شیعریەن، لێرەدا شیعری(شەوی شوم) بە نموونە وەردەگرین:

لەم شەوی شومە چ بانگێك بوو بە گوێما دادرا
دەرگەیی شادی لە خەڵکی شاری کۆیە داخرا
ئەم شەپۆڵەی پڕ پەشێو شاری وەها داگرتووە
کەس بەهانای کەس نییە نەك دۆست هەتا خزم و برا

وە هەروەها هۆنراوەی (کەوی خۆخۆر)یش بە نموونە وەردەگرین:

چـــــوومــــە راوی کەو لەســـــەر کێوان بەخۆو تیـــــروکەوان
هــــەوڵی دەســــتکەوتم دەدا مــــاوەی گەلێک رۆژوشــــەوان
کەوتمە گەشتی باسک و دەشتی وەک بەهەشتی رووی زەمین
نیشــــتمانی کەوگــــەلان دەمدیــــت بە پــــۆل پۆل و رەوان

هەروەها لەهەندێك لەو پارچانەی شاعیر لەسەرکێشی خۆماڵی هۆنیویەتـەوە هەمیسان پێـڕەوی لـەم جـۆرەی سیستـەمی سـەروا (واتـا سـەروای یـەکگرتوو) کـردووە، وەکـو لـەهۆنراوەکانی (کـوڕی رۆژ، بـەم وێنەیـە، هاوسـێی خـراپ)دا بەدیاردەکەوێت، لێرەدا نموونەیەك لەهۆنراوەی هاوسێی خراپ دەخەینە روو:

هەندێ هاوسێ هەن مۆن و بن بڕن هەروەک گورگێکن لەپێستی مەڕن
قیندار ناهەموار ڕەفتار نالەبار لەزیان بەخشی یەکجار لەزەڕن
سەر زبان شەکرو بن زمان ژەهرن هەموو بەدەنیان خوارو بە جەڕن

٢-جووت سەروا (سەروای مەسنەوی)

کاتێـك دوو نیـوە دێـڕی شـیعرێك یـەك سـەروایان هـەبێت پێـی دەوترێت سەروای مەسنەوی, مـارف خەزنـەدار لـەم بارەیـەوە دەڵێت(شـیعری جووت قافیە یـاخود " مـزدوەج" ئەمـە بریتییـە لـەو شیعرەی هـەموو دێـرە شیعرێکی قافیەیەکی تایبەتی ئەبێ, واتە هـەر دوو نیـوە دێـرە شـیعری بـەیت لەسـەر یـەك قافیـە ئـەبن)[١٩] ، کەواتـە هـەر دێرێـك سـەروایەکی تایبـەت و سـەربەخۆی هەیـەو لـە سـەروای دێڕەکـانی ترجیایـە، بەهـەمان شـێوە جۆبـار هۆنراوەکانی وەکو ( شیوەنی تاهیر تۆفیق, ناخی دڵداری, پەری وێنە, ستایشی ڕەمەزان, جەژنە, پارتایەتی, ستایشی ئایینی, رێوی وکەڵەشێر, مشك و پشیلە,

هەتا گەنج بووم) بەم شێوە سەروایە هۆنیوەتەوە، لێرەدا چەند دێر لەهۆنراوەی (ناخی دڵداری) بە نموونە وەردەگرین :

| | |
|---|---|
| ڕۆژێك چوومە ماڵی وەستام | لەقاپیم داو نەختێك وەستام |
| دەنگێك وەرامی دایەوە | سۆزی لەناو دڵ نایەوە |
| کارێکی وای لەهەست کردم | هەردوو ئەژنۆکەی سست کردم |
| بەقرتە قرتی قاپ قاپە | دەتگوت دەنگی کچك چاپە |
| شۆخێك هات دەرگای کردەوە | بووکێك بوو لەپشت پەردەوە |

٣- چوارین

چوارین لە (چوار نیوە دێر پێکدێت، کە قالبە سەرواى خۆی هەیە، دەشێ بەتەنیابێ ومەبەستێکی تایبەتی دەربڕێت یاخود دەشێت کۆپلەیەك بێت لە شیعرێك)[٢٠]، عەزیز گەردی دەربارەی چوارین دەڵێت: (چوارین پارچەیەکی چوار لەتییە کێش و سەرواى تایبەتی خۆی هەیە پارچەیەکی تەنیایەو مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ وەکو، سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و مەیخانەو پەند و قسەی نەستەق و دانایی و شتی تر، زۆرجاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوورو درێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەش بووە)[٢١]. جۆبار لە شیعرەکانیدا ئەم هونەرەی بەکارهێناوە، بەلام لە هەموو بەکارهێنانەکاندا یەك قالبە سەرواى بەکارنەهێناوە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەپێی توانا ئەو قالبەسەروایانەی چوارین دەست نیشان بکەین کەجۆبار بەکاریهێناون :

**أ-چوارینی تەواو**

لـەم جـۆرەدا هەرچـوار نیـوە دێڕەکـان سـەروایان وەکویەکـە, قالبـە سەرواکەشـیان بەشـێوەی(AAAA) دەبێـت، لەکوردیـدا کـۆنترین شـاعیر کەئـەم جۆرەسەروایەی بەکارهێنابێت (مەلای جەزیری) یە هـەروەها جۆبـاریش لـە شیعرەکانیدا ئەم جۆرە سەروایەی بەکارهێناوە لە هۆنراوەکانی (بـەهیوات, شەوی زستان لەکوردستان) ، لێرەدا هـۆنراوەی(شـەوی زسـتان لـە کوردسـتان) بەنموونە وەردەگرین :

شەوی مانگی ڕێبەندانە A
ئەو پەڕی سەختی زستانە A
بەفرە بارانە زریانە A
شەختە کاشی حەوشەو بانە A

وە لە هۆنراوەی (بەهیوات) کە بەم شێوەیە هۆنیویەتیەوە دەڵێ :

بە هیوات گیانە A
حاڵم پەرێشانە A
دڵم وا حەیرانە A
عاشقی لێوانە A

ئەی گوڵی گوڵزارم B
بەس بدە ئازارم B
ڕەحمێ بە هاوارم B
من کە بریندارم B

**ب-سەرواى چوار خشتەكى (AAAB )**

لـەم جـۆرە چـوارينەيەدا نيـوە دێـرى يەكـەم و دووەم و سـێيەم سەروايان يەكە, بـەلاَم سـەرواى نيـوە دێـرى چوارەم لـەوان جيـاوازە و لەگـەڵ سـەرواى نيـوە دێـڕى چـوارەمى كۆپلـە كـانى تـردا يەكـەو بەمـەش هـەموو كۆپلـەكانى شـيعرەكە بەيەكـەوە دەبەسـتێتەوە). عزيـز گـەردى لـەو بارەيـەوە دەڵێـت: (وادەبێـت لـە هـۆنراوەى چوارخشـتەكيدا, چـوارينەكان سـێ بەشـى پێشەوەيان هاوسەروا بێ و لەتى چوارەمى هەموو چوارينەكان يەك سـەروايان هـەبێ كـە چـوارينەكان بەيەكـەوە دەبەسـتێتەوە، بـەزۆرى چـوارينەى يەكـەم موسـەڕڕەع دەبـێ واتـە هـەر چـوار لـەتى هاوسـەروا دەبـێ)[٢٢]. جۆبـار لـە هۆنراوەكانيدا ئەم جۆرە سەروايەى بـەكارهێناوە وەك لـە هۆنراوەكـانى(چـوك شيرين , نەورۆز و راپەڕين , چنارۆك)، لێرەدا پارچەيەك لـەهۆنراوەى (چـوك شيرين) بەنموونە وەردەگرين:

چوك شيرينى رەنگ ئەسمەر
برۆ پەيـوەسـتى دڵ پـەروەر
ئەى ئاسكەكەى دەشت و دەر
بۆتـــۆم وێـڵ ودەر بـــــەدەر

گەرچـى من سـووتاوى تـۆم
لـــەزنـجيـــرو داوى تـــــۆم
بەستەى زولفى خـــاوى تـــۆم
تۆش رەحمت بێ ئەى دوڵبەر

## ج-چوارینی خەساو(AABA )

لەم جۆرە چوارینەدا نیوە دێری یەکەم و دووەم و چوارەم هاوسەروان و سەروای نیوە دێری سێیەم لەوان جیایە, قالبە سەرواکەشی بەشێوەی (AABA) یە، (بابە تاهیری هەمەدانی) کۆنترین شاعیرە کە ئەم جۆرە چوارینەی بەکارهێناوە, هەروەها لە چوارینە وەرگێڕدراوەکانی (خەیام)دا بۆ زمانی کوردی ئەم جۆرە چوارینە دەبینرێت، لە ئەوروپا ئەم قالبە لەژێر کاریگەری چوارینەکانی (خەیام)دا پەرەی سەندووە بۆیە بە چوارینی خەیامی ناوبراوە[٢٣]، ئەم جۆرە سەروایە بۆتە قالبێك بۆ زۆربەی هۆنراوەکانی جۆبار, وەك لە هۆنراوەکانی (کیژە کۆچەری, پەرچەم لوول, بۆم بلێ تۆزە تۆزە, دیمەنی ژیان, ئەی گوڵ, ئەی تەمبەڵ, دولبەرێ, کەڵەشێر, چاوەڕوانی, شێخ, ئاغایەتی, ئەنفال وکیمیا بارانی کوردستان, بۆ پەیمانگا, ژنی نالەبار, لەڕێی هیوا, خۆری خەبات)دا دیارن، لەم جۆرەشیاندا هۆنراوەی (دیمەنی ژیان) بە نموونە وەردەگرین:

| | |
|---|---|
| شەو دەکەم بە ڕۆژ ڕۆژ دەکەم بە شەو | A |
| بە ڕۆژ هۆشیارو بەشەو چاو لە خەو | A |
| سامانی تەمەن ئەوا خەرج دەکەم | B |
| بە مێشکی ماندوو بە دڵەی نەسرەو | A |
| ژیان خەونێکە ئەوا دەیبینم | B |
| بە خاڵێك شادو دە خاڵ غەمگینم | B |
| بە هەورازو لێژ بە سەد کەوتنە گێژ | C |
| وا بەڕێی دەکەم قۆناغی ژینم | B |

لەگـــەڵ جیهانـدا ژیان خوازیمـە D

لەگـــەڵ ژیـــاندا زۆرانبازیمــە D

دۆڕانم گیانەو ناوبژیوان مــەرگ E

ئەوەش نیشــانەی بیّ دەربازیمە D

**د-چوارینی شکسپیری ( ABAB )**

سەرواى (موتە ناویب)یشی پـیّ دەوترێـت، (وادەبـیّ لـەم چـوارینەدا هـەر چـوار لـەت بـەنۆرە سـەروایان بچێتەوە سـەر یـەك،واتـە لـەتی یەکـەم و سـێیەم لەلایـەك وە لـەتی دووەم و چـوارەم لـە لایـەکی تـرەوە هاوسـەروابن بەمـەوە چوارینەکە دەکەوێتە هەردوو سەرواى جیاواز)[٢٤]، ئەم جـۆرە سـەروایە بەلاسایی کردنـەوەی شـیعری ئـەورووپی هاتۆتـە نـاو شـیعری فارسـی و تـورکی و لەوێشـەوە هاتۆتــە نــاو شــیعری کــوردی، قالبــە سەرواکەشــی بــەم شـێوەیەیە :( GHGH ,ABAB,CDCD,EFEF)، جۆبـار هـۆنراوەی (زسـتانی دژ)ی بـەم شـێوە سـەروایە هۆنیوەتەوە :

زســـــتانی دژو ڕوگرژ
بەفری تەمەنی توایەوە
بەهاری لاوی هات بە گژ
تا ماڵی پیّ پێچــــــایەوە

زەوی ســـــەهۆڵی هەڵمـــژی
گیاوگوڵ سەری هێنایـــە دەر
دایخست فەرشی سەوزی قژی
لەدۆڵ و کێو و دەشت و دەر

# بەشی دووەم
# مەبەستەکانی شیعری جۆبار

## أ-مەبەستی دڵـــــــداری:

ئـەڤین و دڵـداری هۆیـەکی سـەرەکییە بـۆ تەڤینـەوەی نـاخی جۆبـارو هـەڵقوڵینی بـە شـێوەی هـۆنراوە , یەکـــەم هـۆنراوەی دڵـــداری بـووە, هەرچەندە هەندێ هۆکاری (سیاسی - کۆمەلاّیەتی ۰۰۰ هتد )یش هەبوون کە سەرنجی جۆباریـان راکێشـاوەو دڵبەنـدییان کـردووە بـەلاّم لـە هـەموویان کاریگەرتر ئەوەیە کە ئەو لەسەرەتادا شەیداو دڵدار بـووە, بۆیـە هـۆنراوەی دڵداری، بە پێشەنگی هۆنراوەکانی جۆبار دادەنـرێن ۰یەکـەم هـۆنراوەی بـە ناوی (چوك شیرین) بووە لەلایەن هونەرمەنـدی کـۆیی (حمـدامین عـەباس) لە ساڵی ١٩٤٩ کراوە بە گۆرانی. ئەنجا لەسەر ئەم رێڕەوە بەردەوام بووە.

### چوك شیرین

چوك شـیرینی رەنگ ئەسمەر — برۆ پەیوەســـــتی دڵ پـەروەر
ئەی ئاسکەکەی دەشت و دەر — بۆتۆم وێـــــــڵ و دەربـەدەر
گەرچی من ســـــووتاوی تـۆم — لـــــە زنـــجیـــرو داوی تـــۆم
بەســــتەی زولفی خــاوی تۆم — تۆش رەحمت بێ ئـەی دولبەر
دڵـت لـێ ســـاندم گــــوڵم — تۆقـت خســــــۆتە ملــــــم
گــرت بـــــەردا نـــاو دڵـــم — بـــۆ وام دەدەی دەردەســــەر

لە هۆنراوەیەکی تر بە ناوی ( ئەی گوڵ ) حاڵی پەشێوی خۆی بەرامبەر یارەکەی نیشان دەدات، لە کاتێکدا یارەکەی خۆی لێ ون کردووەو وەڵامی حاڵی پەشێوی جۆبار ناداتەوە :

ئـەی گـوڵ هەمیشـە بـە دڵ لـەلاتم
رۆژ و شـەو مەستی بـادەی خولیـاتم
تـۆش نـەدیار و نـە نامـەداری
نە دیـاری و وێنـەت بـوو بـە خـەڵاتم

بـە نیـزەی نـازت دڵ پـێ کـراوە
کـانی ئـەوینی لێ هـەڵقوڵاوە
لـە نـاو دوو دڵـی بـێ دوودڵیمـان
پـەیمان کۆنکرێـت دروسـت کـراوە

ئـەی ئەسـتێرەکەی ئاسـۆی خـەیاڵم
تـۆی ژێرکـەرەوەی دڵـەی منـاڵم
بـۆ بـەبێ ئـاوڕ لـێم تـێ دەپـەڕی
بـە ئـاخ و تینێـک ناپرسـی حـاڵم

لەهۆنراوەی (پەرچەم لوول) یادی شێوەو دیمەنی رووخساری نازدارێک دەکاتەوە کە رۆژێ لەرۆژان سەرنجی راکێشاوە، ناوەرۆکی هۆنراوەکە باس لە کچێك دەکات کە رۆژێك دەچێتە بەردەمی دوکانی جۆبار بە مەبەستی کرینی پێداویستی , کچەکە پێچەیەکی تەنکی گرتبۆوە, لە ژێر پێچەکەوە

دەم و چاوی کچەکە زۆر بە جوانی دەرکەوتووە, جوانی رووخساری کچەکە و قژە لوولەکەی سەرنجی شاعیری راکێشاوە , شاعیر هەڵساوە بە کامیرای شیعری وێنەی رووخساری ئەم کچەی کێشاوە:

ئەی پەرچەم لوولی گرژو پێچ پێچە
روو خشت و خۆری ژێر پەردەی پێچە
برۆ تێکەڵاوی برژانگ چەتری چاو
دەم وێنەی دەمی تازەگوڵ خونچە

لوت رێکی روومەت گۆشتن و بەخاڵ
شێوە سەرچاوەی بەخشینی خەیاڵ
ئەی گەنم رەنگی گەردن گوڵینگی
رەفتار چەلەنگی تەمەن هەژدەساڵ

وەک مانگی ناو تەم رووتم لێ دیارە
هەردڵ دەزانێ چەند پرشەنگدارە
نەرمە نیگاکەی ئەستێرەی چاوت
بەرەو سینە و دڵ لە من لە کارە

## ب-بابەتی جوانی و ئافرەت و سروشت :

ئەم بەشە لە هەڵبەستەکانی جۆبار زۆر بەرزە, جۆبار خۆی لە خۆیدا دڵتەر بووە و خەیاڵێکی نازک و هەستێکی بەرزی هەبووە, دەسەلاتێکی بێ پایانی هەبووە لەوەدا کە بەشێوەیەکی هونەرمەندانە باسی جوانی سروشت و

# شنەی هەریەسولتان

دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردستان بکات  بە چیاو دۆڵ و چڕو جغوردو ڕووبارو بەفراوو بەهارو گوڵ و گولزارەوە, شاعیر دەسەلاتێکی بەرزی وای هەبووە کە لە هەرچوار وەرزەکەدا ئەو دیمەنانە بخاتە ناو چوارچێوەیەکی ڕەنگینی هونەرمەندانەو لەو شێوەو دیمەنانەوە وەریبگێڕێتە سەر وشەی پڕ سۆز و ئاهەنگ و کاریگەر, بۆ نموونە لە هۆنراوەی (هەڵسە شۆڕێ) کە لە ساڵی (١٩٥٢) نووسیویەتی, سەرەتا شیعرەکە بە دیمەنی کوردستان دەست پێ دەکات لە کۆتایی یەکەی تێکەڵ بە دڵداری دەبێتەوە:

| | |
|---|---|
| هەڵسە شۆڕێ بڕوانە | جوانی ئەم کوردستانە |
| روو دەکەیتە هەر لایێ | بەزم و شایی و سەیرانە |

| | |
|---|---|
| ئەمڕۆ وەرزی بەهارە | جەژنی یارو دڵدارە |
| بولبول ئومێدەوارە | بۆ باغ بڕوا مەستانە |

| | |
|---|---|
| گوڵشەن سەوزورەنگینە | گشت بە لالە و نەسرینە |
| خونچە لە پێکەنینە | دەوری شتلە ڕێحانە |

وەکو چۆن لە وەسفی خاکی کوردستان و پیرۆزی و دڵپاکی و باشی خەڵکەکەی و بە پیتی خاکەکەی و دیمەنە جوانەکانیدا دەڵێ:-

| | |
|---|---|
| کوردستان چەند شیرینە | جەنەتی رووی زەمینە |
| خوایە هەر ئاوەدان بێ | قەومی کورد جێ نشینە |

غەنیمەتە ئەم خاکە قەومی دڵ ساف و پاکە
لەناو عالەمـدا تاکە کوردستان چەند شیرینە

گەنجی کوردی پڕ هونەر هەمووی لایەقی سەروەر
لەم خاکە هاتـــوونە بەر کوردستان چەند شیرینە

جۆبـار وەکـو وێنـەگرێکی هەسـت و هـۆش ناسـك و هونەرمەنـد، شـاپەڕی خـەیاڵی لێ خسـتۆتە کـارو بـە هەسـتێکی گـەرم و گـوڕەوە وەسـفی دیمەنـە جوانـەکانی سـەیرانگای چـنارۆك و چـیای قەنـدیل و شـەوانی زسـتانت بـۆ دەکـات , لەگـەل وشـەکانیا تەزوویـەکی ساردت بەلەشـادێت و دەڵێـی دەم و دەسـت وای بـە چـیاو کوێسـتانە بەفرینەکانـەوە، هـەروەك لـە هـۆنراوەی (جوانی کوێستان ) دا باسی کوێستانەکانی کوردستانمان بۆ دەکات کە جۆبـار لە ساڵی (١٩٧٠ ) لە مانگی تەموز گەشتێکی بۆ ئەو ناوچانە کـردووە وچـووە بۆ چیای قەندیل ،هۆبەو هەواری خێڵەکانی لێبـووە کـە هـەموو رەشماڵیـان هەڵداوەو مەڕو ماڵاتیان بـەخێو کـردووە، دیمـەنی ئـەم شـوێنە قەشـەنگ و خۆشانە، کە لە گەرمەی وەرزی هاوین سەرلوتکەکانی چیای قەندیل بەفری هـەرپێوە بـووە و سـەوزایی بـاڵی بەسـەر ناوچـەکەدا کێشـاوەو بـە گـوڵ و گـولزار ڕازاوەتـەوە جگـە لـە هـەوای فێنکـی ناوچـەکەش ئەمانـە هـەموو شاعیریان سەرمەست و حەیران کردووە، بۆیە دەڵێ:

بابچینە کوێستان بۆ گەشتی ئەم ناوە
جوانی جیهانی خوا بەم شوێنە داوە
لە چلەی هاوینا نەوبەهار ببینە
قەندیل مەندیلی هەر فڕێ نەداوە
تا چاو لێی دیارە چیمەن و گوڵزارە
پڕ جۆگە و کانی و رووباری بەفراوە
چەم و چیمەنان پەرچەمیان پەخشانە
بەسرووەی شەماڵ وا شانە کراوە

شاعیر لەم پارچەیەی خوارەوە وەسفی شەوێکی زستانی مانگی ڕێبەندانمان بۆ دەکات، بەم شێوەیە:

شەوی مانگی ڕێبەندانە | ئەو پەری سەختی زستانە
بەفرە بارانە زلیانە | شەختە کاشی حەوشەو بانە

ڕووبەندی ئاسمان هەورینە | زەوی لە بەرگی زیوینە
سەرپۆشی چیاکان سپینە | گێ سواندەسەر بە لەرزینە

هەورە تریشقە دەگرمێنێ | دڵۆپە فرمێسك دەڕژێنێ
بروسکە ڕووناکی دەنوێنێ | ئاسمان هەروەك چراخانە

کاتێك باسی رابردووی جارانی کوردستان و ژیانی خێڵایەتی و کۆچ و باری کۆچەرانت بۆ دەکات، ئیتر تۆش بە ئاسمانێکی ڕۆمانتیکی دا لەگەل

جۆباردا دەفرێ بۆ لا پاڵی کوێستانەکانی، بۆ ئەو چیایانەی کاتێ کە تیشکی زێرینی خۆرەتاو دەیدا لە بەفری خالخالاوی سەرلوتکەکانی ،تۆش لەگەڵیا دەدەی لــە شــەقەی بــاڵ و دەگەیتــە بنــاری چــیاکان بــۆ ئــەومێرگو مێرعوزارانـەی کـە جاران کۆچەرییەکان دەیانکرد بـە هەوارگـەی خۆیـان , تـاك و تـەرا رەشماڵـەکان دوکـەڵیان لێ بـەرز دەبێتـەوەو لـەدوورەوە دەنگـی هـاژەی مەشـکەدۆ دێ کـە کەنیشـکە کۆچـەرییەکان لەبـەر چـیغی ژێـر دەوارەگانیان رایدەیژێنن هەروەك جۆبار لەم هۆنراوەیەیدا ئاماژەی پێداوە:

ئەی کیژە کۆچــــەری — بالاّ ســــنەوبــــەری
ئەی بوکەکەی کوێستان — تۆ پەری کوێنـــدەری

دەرۆی هەوار هــەوار — بە مێرگو مێرگــــوزار
بۆ بەهەشتی کوێستان — لە پێش کۆچ و کۆچبار

بە ڕەنگی خۆرەنگـــی — چەند جوان و قەشەنگی
لە پێشــــەوەی قەتار — ســــەرکێشی پێشەنگی

## ج-مەبەستی ئایینی :

هەرچەنـدە جۆبار وەکو هەندێ کەس بە ڕوواڵـەت یـاخود وەکـو وشـکە سۆفییەکان هەمیشە سەری لەسـەر بـەرماڵ نـەبووە، یـان وەکـو ئـەوان چۆن ویســتویانە و کردوویانــە تــەزبیحێکی ســەدو یــەك دانــەو ســیواکی هەڵنەگرتووە، بـۆ ڕواڵـەت ڕۆژانـی هـەینی چـەند عانەیـەکی بەسـەر خـەڵکا

نەبەخشیوەتەوە و نەچۆتە نوێژی جومعە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا زۆر دڵی پاك بووە و ڕەوشتی بەرز بووە و زمان خاوێن بووە و زیانی بۆ هیچ کەسێك نەبووە. لێرەدا لەهۆنراوەیەکیدا ستایشی مانگی ڕەمەزان دەکات و بە موسڵمانان ڕادەگەیەنێ کە مانگی خێرو خۆشی و لێبوردەیی هاتووە :

لێمان پیرۆز بێ مانگی ڕەمەزان
مانگی بەرات و فەرمانی یەزدان

مانگی دوور بوونە لە کاری بەدکار
بە گۆڕینەوەی نەیاری بەیار
مانگی کەبار و یاد کردنەوەی خوا
بۆ ژیانەوەی ئاین و بڕوا

هۆنراوەیەکی تری نووسیوە تایبەت بۆ بۆنە ئاینییەکان تیادا دەڵێ:

ئەی خودا هاتومەتە قاپی تۆ بەدەم پاڕانەوە
تۆ بە بەخشین و منیش بە کۆمەڵێك تاوانەوە
بۆ تکای لێبوردنت هاتووم بە مەرجی تۆبەوە
بۆیە هیواداری لێخۆشبوونمە بە مەرجی تۆبەوە
نائومێد نابێ پەشیمانێ کە تۆی بەخشندەبێ
گەر لە ئاست فەرمانی تۆ باوەڕ بەتین و بەندەبێ

## د-مەبەستی بۆنەو مناسەبات:

جۆبار لەهەموو هەڵوێستێکا لەگەڵ نەتەوەکەی بووەو خۆی جیا نەکردۆتەوە خۆی بە یەکێك لەوان داناوە لە ناخۆشیدا بە تەنگیانەوە هاتووەو لە خۆشیشدا هاوکاری کردوون، بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٢ لیژنەیەك بۆ ئاهەنگ گێڕانی دانانی کۆتەڵی حاجی قادر لەشاری کۆیە پێکدەهێنرێ، جۆبار یەکێك لەئەندامانی ئەو لیژنەیە دەبێت و لەو ئاهەنگ و بۆنەیەشدا ئەم هۆنراوەیە پێشکەش دەکات:

ئەی گەلی کورد ساوەرن بۆ یادی حاجی قادری
مافی ئەو هەریەك لە ئێمە چونکە کەوتۆتە سەری
بابیکەین یادی بە گەرمی و ئەو پەڕی شانازیەوە
چونکە حاجی دەردی دووری ئێمە بوو سەوداسەری
گۆڕ غەریبەی ئارەزووی خاکی وڵاتی بردە گڵ
تا لە رۆمیش مردئەوەندەی ناوی قەومی کورد بەری
جەرگی هەروەك خاکی کوردستانی لەت لەت بوولەتاو
کوردی بێ ماڵ و لە ژینی سەربەخۆیی بێ بەری

هەروەها هۆنراوەیەکی شینگێڕی بۆ مەرگی دەنگخۆش و شالوری کوردستان هونەرمەند (تاهیر تۆفیق)ی نەمر نووسیوە، کە لە چلەی ماتەمینیەکەی پێشکەشی کردووە:

لـە ناوباخچـەی هونـەردا شـاگوڵێکی گـەش وەری ئـەمڕۆ
لە لانـەی بولبـولانی کـورد بڵنـد بـوو دەنگـی شـین و ڕۆ
چـراییکی بـە شـەوقی کـوڕی شـادی بـای مـەرگ لێیـدا
کـە هاوتـای ئەولەچەرخێکدابەشـازجا گـەربێ پەیـدا
وەکو مۆم خۆی دەسوتاند تاکو ڕوونـاکی بـدا بـۆ گشـت
هەتا ما خزمەتی کردبۆ هونـەر هـەر ئـارەقی بـۆ ڕشـت
قوتابخـانێکی گـۆرانی و مـەقامی بـۆ بەجێهێشـتین
تـا لـە دوارۆژ لـە قـالبێکی ڕەسـەندا پشـتی پـێ بەسـتین

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دڵخۆشی خۆی بە رامبەر دامەزراندنی پەیمانگای تەکنیکی لە کۆیە پیشان دەدات و دەڵێ :

پەیمانگای تەکنیکی کۆیە
لە دوو بەشـی زانین کۆیە
تاقانـەی شارەکەمانە و
ئەستێرەی گەشی ئاسۆیە

خەڵاتێکە بۆ ئەم شارە
جێ پەنجەی ئەم چاکە دیارە
هەرگیز لە بیر ناچێتەوە
لای کەس ئەم کارە شاکارە

ئامۆژگەی ئامۆژگارییە
مەڵبەندی خوێندەوارییە
لە ڕۆژی تەنگانەی وڵات
هێزی فریـا گوزارییـە

**ە-مەبەستی سیاسی:**

لــە چـلەکاندا بــەهۆی پەرەســەندنی جولانــەوەی رزگــاری نیشــتمانی نەتەوایــەتی شـیعری سیاسـی بەشـێوەیەکی دیـار بـە هێـز بـووە و هاتۆتـە ناومیللەتەوە لە هەولّی ئەوەدا هەندێ مەسەلەی کەم و کورِی کۆمەلاّیـەتی و ئـابووری چارەسـەر بکـا، کـە چەوسـانەوەی خـەلکی هـەژارو دەسـتکورت گەیشـتبووە لوتکـە, بـە تایبــەتی دەســەلاّتی مـیری پشـتی دەولّەمەنـدی چاوچـنۆکی دەگـرت و هـەژاری بـێ چارەی دەچەوسـاندەوە ، ئـەم دیاردەیـە کـارێکی گـەورەی کردتۆتـە سـەر شـاعیرو رۆشـنبیرانی کـورد ، هـەموو ئـەم نەهامەتیانەش لە ئەنجامی شەرِ ی جیهانی دووەم هاتبوونەکایەوە , کـە زۆر کـاری لـە جۆبـار کـردووە ولـەو بارەیـەوە هۆنراوەیـەکی بـەناوی ( ئـەنجامی شەر) لە سالّی (١٩٥٣ ) نوسیووە کەتیایدا دەلّێ :

گەربە بیرم دێتەوە رِۆژی شەرِی ئەوسای جیهان
دلّ ئەکەوتە لەرزەیەکا حاڵەتم دێتە هەژان
ئەی خودا ئەم رۆژە تاڵەی من بە چاوی خۆم کەدیم
قەت نەکەی جارێکـی دی بیخەیتە بەر چاوی گەلان
ئەم زەمینەی چەشنی بێستان و گوڵستانی سەوز
گشتی رِەش بووبوو لە دەست بۆمبای تەیارەی ئاسمان

لە شیعری سیاسی و نیشتیمانیدا جۆبار هەست و نەست و ئـارەزووی نـاو دلّ و مێشکی هەلّدەرِێژێ بە شێوەی رِەمز لە بابەت دواکەوتوویی نەتەوەکەی لـە کـاروانی ژیـانی میللەتانـدا ،بۆیـە دەلّـێ:( کـورد پێویسـتی بـە خـەبات و

تێکۆشانە بۆ گەیشتن بە ئامانج) ، جگە لەوە باس لە هەندێ لایەنی خۆشی و ترشی کۆمەڵی کوردەواری دەکات. لەساڵی ١٩٧٥ دا لەشیعرێکی رەمزیدا بەم جۆرە باس لەهەڵهاتنی هەتاوی کورد دەکاتەوە:

زستانی دژو روگرژ
بەفری تەمەنی توایەوە
بەهاری لاوی هات بەگژ
تامـاڵی پـێ پێچایەوە

هەتاو ورگی هەوری دڕی
جهیانی خستە ڕووناکی
پەپولەی ڕەنگین هەڵفڕی
لەسەرما و سۆڵ نەما باکی

زەوی سەهۆڵی هەڵمژی
گیاو گوڵ سەری هێنایەدەر
دایخست فەرشی سەوزی قژی
لە دۆڵ و کێوو دەشت و دەر

شیعری سیاسی لای جۆبار لە ڕووی ناوەرۆکەوە(بریتییە لە هاندانی لاوان بۆ خەبات و کۆڵنەدان و بەبێ وچان کۆششکردن بۆ پڕ کردنەوەی ئەو دواکەتووییەی کە نەتەوەی کورد گرفتاری بووە)[٢٥]، جۆبار هۆنراوەیەکی بە ناوی ( خۆری خەبات ) لە ساڵی (١٩٩١ ) نووسیووە بە بۆنەی ئەوەی کە گەلی کورد لە ژێر دەستیی رزگاری بووە:

خۆری خەباتی خوێناوی
ئەمڕۆ هەڵی هێنا چاوی
لە سەرتاپای کوردستاندا
بە قوربانی لە پێناوی

سـلاو لە ئازادی خوازی
مژدە لە ماندووی ڕێبازی
ڕێی سەختی سەد ساڵەی بڕی
بەرەو ئامانج و ئامرازی

پێشـــــــڕەوی بیرو باوەڕی    دژی دوژمنان ڕاپەڕی
سەر شاری هیوای قۆستەوە    هێزی تاوانی هەڵبڕی

## و- مەبەستی داشۆرین:

ئـەم جـۆرە هونـەرەی شـیعر لـە نـاو هۆنراوەکـانی جۆبـاردا کـەم نییـە، چونکە لە ژیانیدا گەلێك ئازاری چەشتووەو شتی ناڕەوای بینیـوە، دەسـەڵات دارو زەبر بەدەست خەڵکیان چەوساندۆتەوە ئەویش لەبرامبەریاندا چەکی رەخنەو داشۆرینی لەدژی ئاغاو شیخ و ژنی خـراپ و کـوردی خـۆفرۆش و کاربەدەستانی دەوڵەت و مووچە خۆرانی میری بـەکار هێنـاوە، هەرچـۆنێك بێ جۆبار کەسایەتییەکی تایبـەتی هەبووە لـە ژیانـدا عـەوداڵی دۆزینـەوەی سەربەستی و یەکسانی بووە، ئەو لە ژیانیدا هەندێ ژنی خراپی بینیـوە کـە هەمیشەکێشەیان بۆ پیاوەکانیان دروستکردووە، ئەم جۆرە ڕەفتارانەهەسـتی جۆباری بزواندووە، بۆیە دەڵێ :

ســـەد دادو بێـــداد لـــە دەســـت ژن
بـــــە بۆڵـــەی پیـــاوی دەکـــوژن
هـــــەموو لـــــە شـــــیان گیروگرفتـــــە
زمـــــان خـــــراپ و درۆ بێـــــژن

نـــە ڕاســـتیت بــــــۆ دەســـەلمێنن
نـــەدان بـــــە هەڵـــــەدا دادێـــنن
نیازیـــان کـــە بەڕاســـت بـــۆ نـــەڕوا
ئـــەوجا بـــە درۆیـــان دەی ڕوێـــنن

کـــە لەگـــەل پیـــاو کەوتـــە بیـــانوو
هـــەزار بیانـــــوو دەگـــرێ بانـــــو
گـــــەر هـــیچ نەبـــــێ دەنـــاڵێنێ
خـــۆی بـــە نـــەخۆش دەخاتـــــە ڕوو

دواکەوتوویی و بیرکردنەوەی هەندێ شێخ و دەروێش لەگەڵ بیرکردنەوەی جۆبار دا نەگونجاوە ، بۆیە قەت دانوی لەگەڵیان نەکولاوە، چونکە بە بڕوای ئەو داب و نەریتی دواکەوتووانە ناهێڵێ کۆمەلگا بەرەو پێشەوە بڕوات :-

شێخ پەیدا بوو لەو سەریەوە — بەشاڵ تەنگەی کەمـەریەوە
ڕیشـــەکەی پانی سەرسنگی — چەشنی جوڕکە بەسـەریەوە

کە هات وچوو بۆ تەکیـەوە — سۆفی لە پشت و تەکیـەوە
بە دوو باغەڵی سـەڵتەکەی — پڕ لە نوشـتەوکـــشتەکیەوە

دوعای ئـەو نەبێ لای خـوا — دوعـای کەســی دی ناخـوا
خۆی لە کەران بارکـردووە — جیهـان وا بە فـێلاّن دەخـوا

ئەبو دوجانەو دێو بەنـدی — ئەگەر بیدا بە هـەرچەندی
بە ویژدانی ئەو هەر کەمە — هەرخۆی دەوێ وبەرژەوەندی

خـۆزالکردن و غـەدر کـردن لـە خـەلکی کـارێکی ناپەسـند بـووە لای جۆبـار هەنـدێ لـە ئاغاکـان بـە هـۆی بـوونی دەسـەلاتیان خـەلکیان چەوسـاندۆتەوەو

دەستیان بەسەر زەوی و زاری خەڵکی داگرتووە و بیانویان پێ گرتوون ، بۆیە جۆبار دەربارەی رەفتاری هەندێ ئاغای خراپ لە کۆیە لە ساڵی (١٩٥٣)دا دەڵێ:

ئاغایەتی ڕەزای گرانە — هەموو ڕابردووی تاوانە
گەل ڕەفتاری لە بیر ناکا — هەر شایستە بە نەمانە

ئاغایەتی و خێڵەکییەتی — بۆگەل دەبێتە نەگبەتی
کۆسپن لە ڕێی پێشکەوتنا — هەرگیز با نەدرێ دەرفەتی

کاول کەری ماڵی کوردن — بۆ هێنانی دوژمن پردن
لە هەستی نەتەوایەتی — بێ دەربەست و بەراوردن

چەوسێنەرەوەی هەژارن — داگیر کەری زەوی و زارن
سەرانەو سووڕانە ستێنن — بێ ویژدان و ستەمکارن

## ز-مەبەستی پیاهەڵدان:

لەم جۆرە هۆنراوەیە شاعیر ستایشی میرێك یا کەسێکی مەزن یا مرۆڤێك دەکاتن و سیفاتە باش و جوانەکانی بەدیار دەخات و هەوڵ دەدات کە ستایش کراوەکەبەرزکاتەوەو هەرچی خوو ئاکاری جوانەبیخاتە پاڵی، جۆبار لەو بوارەشدا دەستێکی باڵای هەبووە ، بۆ نموونەلە پارچە هۆنراوەیەکیدا کە بە ناونیشانی (ئافرەت) نووسیویەتی تیایدا ڕۆڵی ئافرەت و پێگەی گرنگی لە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا دەخاتەبەرچاو و دەڵێ :

ئافرەت نیــوەی کــــۆمــەڵە
بــــە شـــێکی زۆر گـــرنـــگــە
پیاو لـــە جیهـان بەبـــــێ ژن
هەمیــشـــە ژیـــنی تــەنــگــە

هەردووک پێکــەوەجـــوانـن
ڕەشـــــماڵـی ســـــەر خێزانــن
بۆخۆشـــکردنی ژیانیــــــان
هەردووک وەک یەک بەتەنگن

ژن ڕوونــاکـــی نــاومـــاڵە
ڕێکـخـــــەری مـــــاڵ و حاڵــە
بە خێوکـــــەری منـــــداڵە
بــۆ پیاو وەکو پاڵ ســـــەنگـە

هـەروەها ژن لـە پێگەیانـدنی نەوەکانـدا دەورێکـی گرنگـی هەیەلـە ژیـان، جۆبـار هەنـدێ دایکـی دەبینـی کـە زۆرمەردانـە بـوون و بـە هـەمان شـێوەی خۆیـان منداڵەکانیشـیان بـە کـوڕو کچـەوە وا پـەروەردە کـردووە، ڕێـك وپێکـی وئاقڵی ئەم جۆرە دایکانە بووە بە هەوێنی ئەم هۆنراوەیە:

دڵسـۆزی نیشـتیمـــانە
پاڵپشــــتی پشــتمانــە
خەمخـۆری گشــــتمانە
بۆخێزان وەک شاهەنگە

دایکـی ڕۆڵـــەی دلێـرە
شیردەری بێچووە شێرە
لە دوارۆژا ئـەو مـــێرە
قارەمانێکــی جەنگــــە

دایکـــی زانــاو دانـــایە
کە دوارۆژ دەبنە سـایە
بۆ گەل پشــــت وپەنایە
ناودارو هەم بەســـەنگە

ژن پێویستی سەرشانی لەگەل مێرد شانبەشانی
منداڵ وا پەروەردەکەن کە دوور لە ناوو نەنگ

## ح-هۆنراوەی گۆرانی:

هۆنراوەی گۆرانی بە گوێرەی ڕای ڕەخنەوانان کۆنترین جۆری هۆنراوەیە، ئەمە یەکەمین جۆری شیعرە کە مرۆڤ لەگەڵیدا ژیابێ و ئاشنای بوبێ لە کاتێکدا کە تووشی هەر هەڵچوونێك و گەرمی و ساردییەك بووبێ کاری لە ناوەوەی دەروونی کردووە و زمانیش بە وشە و گوزارە گوزارشتی لێ کردووە.

جۆبار بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی بۆ بابەتی گۆرانی تەرخان کردووە، (ئەم جۆرە لە شیعری ویژدانی گەلێ لق و پۆپ و مەبەستی لێ دەبێتەوە کە لە مەوبەر باسمان لێ کردن و هەرچی بەر مەبەستەکانی شیعر دەکەون هەمووی لە شیعری ویژدانییەوە سەر هەڵدەدات)[٢٦]. بەلای ئێمەوە شاعیری سەرکەوتوو لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە تا چەند شیعرەکانی دەکرێن بە گۆرانی و لەناو خەڵکا بڵاو دەبێتەوە, جۆبار لەو بوارەشدا گرەوی پێشەنگی بردۆتەوە کە نزیکەی (٢٥ — ٣٠) پارچە شیعری بە گۆرانی گوتراونەتەوە و کەوتونەتە سەر زار و زمانان. هۆنراوەی (بە فیدات بم) کە لە ساڵی (١٩٥٣)دا نووسراوەو گۆرانی بێژە کۆنەکان داوایان لێکردووە و لە خۆشی و ئاهەنگ وسەیرانەکان دا گوتویانەتەوە:

بە فیدات بم قەد عەرعەر دڵ ئاشوفتەی تۆیە
فریام کەوەو ناچارم چارەی من هەر ئیمڕۆیە

ئاوازی ناڵەی دڵە بۆ موشتاقی دیدارت
بولبول دەخاتە ناڵین بەم دادو بەم ڕۆ ڕۆیە

تاکەی من خەم بچێژم یانە هەر خوێن برێژم
یا بریندارو زامدار بم بەم تیغی جووت ئەبرۆیە

بەس بە دووچاوی بازت شەیدایی ڕووی خۆتم کە
خۆمن ئەرکی ئەشقی تۆم هەمیشە لە ئەستۆیە

جۆبار (جگە لە هەوای ئەو دڵدارییەی کە لە هەڵبەستنی ئەو هۆنراوانەدا هەستی پێ ئەکرێت ، هەروەها سۆز و جۆش و خرۆشی شیعرەکان کاری کردۆتە سەر شێوە و مۆسیقای هەڵبەستەکانی و ئەو مۆسیقا و ئاوازانەی کەلەو شیعرانەدا هەیە بۆ زۆربەی گۆرانییە کوردییەکان دەشێت و بۆتە قاڵبێك بۆیان )[٢٧] ، شاعیر هۆنراوەیەکی هەیە بە ناوی (چنارۆك) کاتێ هونەرمەندی دەنگخۆش ( باکوری ) دەچێتە لای و ئاوازیکی دەداتێ و پێی دەڵێ کە هۆنراوەیەکم لەسەر چنارۆك بۆ بنووسە لەسەر قاڵبی ئەم ئاوازە، جۆباریش ئەم هۆنراوەیەی بۆ ئامادە دەکات:

چنارۆك چنارۆك		چنارۆکی کۆیەی خۆش
سەیرانگاکەی چنارۆك		غەم لێی دەبێ فەرامۆش

# شنەی هەیبەسوڵتان

لەم دیوی هەیبەت سوڵتان     بەبای شەماڵی کوێستان
دێنە سەما درەختەکان     دەبزوێنێ هەست و هۆش
سولی پاشاو خالە باس     لە ساردی لێی ناکرێ باس
دەیتەزێنێ کەللەی کاس     لە هاوین کە دەیکەی نۆش
رەزی هەنجیرو مێوی     میوەی دەخورێ بە لێوی
گەر باش بیکا بە خێوی     رەزەوانی بە پەرۆش

لە سەردەمی گەنجی جۆباردا گۆرانی بێژی دەنگخۆش لە کۆیە هەبوون هی وەکو( فقی ئەحمد و حمدئەمین عەباس و مەلا ئەسعد )، جۆبار هەڵساوە هۆنراوەی ( بۆم بڵێ تۆزە تۆزە ) ی نووسیوە بەو پەڕی ناسکییەوە ڕازاندویەتییەوە تا لەگەڵ دەنگیان بگونجێ و دانیشتنەکان و ئاهەنگەکانیان بە جۆش و خرۆشتر بکات:

بۆم بڵێ تۆزە تۆزە     بەم دەنگە پڕ لە سۆزە
بەزمت خۆراکی ژیانەو     شادی دڵی ئالۆزە

لەگەڵ وەم مۆسیقایە     کە شیانی سەمایە
لێدەن لە دەف و عودو     کەمانجە و تەپل و نایە

بۆم هەستە لەم ئاوازە     لەگەل ئارەزووم سازە
کاسەی سەرم پێ تاسکە     مەستم کە بێ ئەندازە

## ط- هۆنراوەی منداڵان:

جیهانی منداڵان جیهانێکی پڕ سەیرو سەمەرەیە، جیهانێکە نەسەرەتای هەیە نەکۆتایی ، جیهانێکە چەندە مەزنە ئەوەندەش چکۆڵەیە، ئەفسوناوی و پڕ لەخەون و خەیاڵاتە ، ولاتە پێشەکەوتوەکانی دنیا زیاد لە پێویست ئاوڕیان لەم جیهانە جەنجاڵە داوەتەوە بە شێوەیەکی زانستی و مەوزوعیانە لەگەڵ ئەم نەوەیە مامەڵە دەکەن و هەموو دەرگاو پەنجەرەکانیان بەڕوویاندا کردوونەتەوە، بە شێوەیەکی پەروەردەیی لەگەڵیاندا هەڵسوکەوتو ڕەفتار دەکەن، پێویست و ئارەزووەکانیان بە سانایی جێ بەجێ دەکەن، بەو پەڕی دڵسۆزی ولە خۆبوردییەوە ، رۆشنبیرانی کوردیش لە ئاوارەییدا قۆڵیان لێ هەڵماڵیودو لەم بوارەدابە دەیان نامیلکەو کتێبی منداڵانیان وەرگێڕاوە, لە دوای ڕاپەڕین لە کوردستانی باشووردا چەندین گۆڤارو نامیلکە بە چاپ گەیەندراوە کە مایەی خۆشحاڵییە ، بەلاّم هێشتا وەکو پێویست نییە ، چونکە جۆری مامەڵەکردنیان چ لە قوتابخانەو چ لە ماڵەوە پێویستی بە گۆڕان و پەرەپێدانە ، جۆباریش لە میانەی شیعری منداڵاندا چەند شیعرێکی بە زمانی سادە وساکارو کێش و سەرواى خۆماڵی بۆ منداڵانی کورد نووسیوە لە شێوەی سەربوردەی گیانلەبەرانەوە:

مشکەک لەکون دەهاتە دەر
پشیلەی وەستابوو بەرامبەر
لە ترسانا گەڕایەوە
خۆی لە ناوکوندا نایەوە

پشـیله بانـــگی لـــە مشـکەدا
گوتـــی وەرە تووبـــی خـودا
تاگرەویـــکت لەگـــەڵ بکـــەم
گەر دۆڕاندم مـەرج بـێ بیـدەم

هەروەها لە دەمە تەقێیەکی نێوان( ڕێوی و کەڵەشێر) دا دەڵێ:

لــە گونــدێکا کــە چــۆڵ کرابـــوو
ســـەگ و کـــەڵەشێرێك مابـــوو
ســەگ لەحەوشــەو ئــەو لەســەر دار
بـــانگی دەدا بـــــە چـــوار کـــەنار
ڕێویەکـــــی برســـی لـــەو نـــاوە
گـــوێی بـــەم دەنگـــە زرنـــگاوە
گـــوتی خـــوا دای بابـــۆی بـــڕۆم
بـــەڵکو جـــەمێکی خـــۆش دەخـــۆم
بـــە پـــاریز هـــات بـــــەلایەوە
تـــا گەیشـــتە بـــــن پایـــــەوە

جۆبار لەبەر ئەوەی خۆی زۆری حەز لـە خوێنـدن و خوێنـدەواری بـوود, بەلاّم دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە کە بخوێنێ ، ئەم حەزەی هەر لـەدڵی ماوەتـەوە بۆیە لەڕێی هۆنراوەیەك منداڵان هوشیار دەکاتـەوە کـە بخوێنن تـاوەکو بگـەن

بە ئامانجی خۆیان و دوارۆژیانی پێ ڕووناك بكەنەوە ، هەمیشە منالّەكانی هانداوە كە بخوێنن و بەردەوام پشتی گرتوون ، بۆیە لەم هۆنراوەیەدا دەڵێ :

وەرن ئـــــــــەی منالّینـــــــــە
پەپوولـــــــــەی بـــــێ باڵینـــــە
بـــەس لـــە كـــۆڵان یـــاری كـــەن
خـــۆ لـــە خوێنـــدن لاری كـــەن
بـــا بچـــین بـــۆ قوتابخانـــــە
بـــــــۆ وەرگرتـــــنی وانـــــە
ئێمـــە نـــــەوەی دوارۆژیـــــن
بـــۆ خزمـــەتی گـــەل هـــاتووین

## ی – لاواندنەوەی سەر گۆڕەكان:

مەبەست لەمە (دەربڕینێكە دەربارەی مردنی كەسێك، یان لێكدانەوەی ژیان و مردنی ئەو كەسەیە كە كەس و كاری مردوو لەسەر گۆڕەكەی بە شێوەیەكی ئەدەبی جوان لە قالبی شیعر یان چەند ڕستەیەكی ڕێك دەری دەبڕن، وەك ئەوەی هەموو كەسێك دەمرێ و مردن برا گەورەی هەمووانەو هەموو دەچینەوە بارەگای خودا، ئەگەر مردووەكە شەهید بوبێ یان بە كارەساتێك كۆچی دوایی كردبێ ئەوا كەس و كاری جوانترین شیعر لەسەر گۆڕەكەی دەنووسن جا ئەم شیعرانەش بە خەتی جۆراوجۆری فارسی و سولس ونەسخن)[٢٨] . جۆباریش لێرەداچەند نموونەیەكی لە هۆنراوەی سەر گۆڕەكان هەیە، كە بە ڕاداندراوی بۆ مردووانی ناسیاوی نووسیوە، واتە كەس

و کاری مردووەکان داوایان لە جۆبار کردووە کە بۆیان بنووسێت، لە نموونەیەکدا بە ناوی (شیوەنی وریای خوارزام) کە دەکاتە کوری خوشکی جۆبار و لە شەری نێوان عێراق و ئێران دا شەهید کراوە ، هەیبەتی دایکی داوای لە جۆبار کردووە کە بۆ سەر گۆڕەکەی چەند دێڕە هۆنراوەیەکی بۆ بنووسێت:

لە شین و ماتەمینی کۆستی وریا
هەموو ئەو چاوی دیبووی بۆی دەگریا
لە دڵ دەیگوت کە قەت ئەم نەوجەوانەم
نەدیبایە هەزار بریا بە بریا
گوڵێک بوو لە بەهاری تەمەنیدا
بە دەستێکی ستەمکارانە وەریا

وە هەروەها لە لاواندنەوەی حەماغای کۆیە چەند دێڕێکی نووسیود کە باس لە چاکەو پیاوەتی ئەم پیاوە دەکات و دەڵێت:-

بۆ دین و دونیا حەماغای کۆیە لە چاکەو مەردی و بەخشندە کۆیە
لەگەڵ هەژاران بەزەیی داربوو لەگەڵ بەدکاران دژ و نەیار بوو
سایەی سەر شارو دەوروبەری بوو لە بێ دادیدائەو دادوەری بوو
ساڵی گرانی ورۆژی تەنگانە ماڵی خۆی کردبووبە فەقیرخانە
ئەوبرسییەی کەرووی لەماڵی دەکرد ئەو بەدەستی خۆی نانی بۆدەبرد

(نەسرین)یش هەوێنێکی تری هۆنراوەی جۆبار بووە کە لەدوای مەرگیەوە کاتێ بەسەر مندالێ بوونەوە چووە، دایکی نەسرین داوای لە جۆبار کردووە کە پارچە هۆنراوەیەکی بۆ مەرگی کچەکەی بهۆنێتەوە تاوەکو لەسەر گۆڕەکەی بینووسێتەوە، بۆ ئەویش دەڵێ :-

نەسرین گوڵێک بوو لە یەکەم بەری
خونچەی تەمەنی سیس بوو هەڵوەری
لە توولەی نەمامدا شکایەوە
ئەو تازە شۆخەی وەك بووکی پەری
کچێکی هەیە بە ناوی ڕێزان
بێ دایك مایەوە بۆ کوێرەوەری

## ك- هۆنراوەی فەلسەفی :

بیری فەلسەفیش جۆرێکە لە ناوەرۆکی شیعری کوردی ، کە جێگای خۆی لە ناو هەندێ لە هۆنراوەکانی شاعیراندا کردۆتەوە ، تیایدا بایەخی زۆر بەلایەنی هۆش ودەروون کۆمەلأیەتی و رۆشنبیری دەدرێت. مەسەلەی مردن و ژیان لای جۆبار وەك لای زۆربەی بیرمەندان و هزرناسان جێگای تێرامان و پرسیار کردن بووە و هەوڵی داوە بە پێی توانا ئەم لوغزە شیبکاتەوە, ئەمەش بە ڕوونی لە هۆنراوەی(زەمانە) دا دەردەکەوێت کاتێك دەڵێ:

زەمانەو چەرخی گەردوون چۆن دەسووڕێ سەیری کەن ئێوە
کە چەند دەورو دوکان تێکچوو بزر بوو چەند هەزار شێوە
هەزار سوڵتانی خاوەن عیزەت و جاهو جەلال ڕۆیی
کە خاکی قەلبی ئەمڕۆ گەردەلوولی ڕوی کەژو کێوە
مەنازە قەت بە ماڵ و گەنجی دونیا ئەی مرۆڤ چونکە
کە مردی لەم هەموو چشتە دوو سێ گەز جاوەکەت پێوە
بە دونیای بێ وەفا بایی مەبە بەم ژینە کەم عومرە
بڵێی هەروا دەژیم و هەر دەمێنم وا لەپاڵ جێوە

**ئەنجام:**

١. جۆبار شاعیرێکی خۆماڵی و خۆڕسکە، زمان و شێوازی شیعری ڕەوان و پەتی و پاراوە، وشەو پێکهاتەی نامۆ و بیانی کەمتر لەهۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێت.

٢. چەشەو سروشتی شاعیرانەی جۆبار لەئەدەبی میللییەوە تزیکە، بەتایبەت پارچە لیریکەکانی کە بە ئاواز و گۆرانی گوتراونەتەوە بەگیانی ئەدەبی خەڵك و فۆلکلۆری کوردییەوە پاراو کراون.

٣. لەهونەرەکانی روخساری شیعری لای لەهەردوو کێشی عەرووزی باوی ناو شیعری کوردی، (هەزەج و رەمەل) و قالبە کێشەکانیان کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەی بەشی زۆری هۆنراوەکانی لەسەر کێشی شیعری خۆماڵین.

٤. لەهونەرەکانی سەرواشدا شاعیرێکی هونەرمەند و بەتوانایە، سیستەمی سەروای شیعرەکانی فرەجۆرو رەنگاوڕەنگن.

٥. لەڕووی مەبەستی شیعرییەوە، هۆنراوەکانی لەدەوری دڵداری و وەسفی سروشت وجوانی و شیعری ئایینی و بابەتەکانی شیعری کۆمەڵایەتی دەخولێنەوە.

## پەراوێزەکان:


١. کێش ومۆسیقای هەڵەبەستی کوردی، عبدالرزاق بیمار: ٦٧.

٢. کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی: ١٣٩.

٣. ئەدەبیاتی کوردی، م. نوری: ٤.

٤. کێش لەشیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی: ١٠.

٥. کێش لەشیعری کوردیدا: ١.

٦. شێوازی شیعری گۆران: ٦٢.

٧. بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، د. دڵشاد عەلی: ١٢٩.

٨. کێش لە هەڵبەستی کوردیدا، گۆران: ٨.

٩. کێش لەشیعری کوردیدا: ١٠.

١٠. کێش وقافیە لەشیعری کوردیدا: معروف خەزنەدار: ٤٧.

١١. کێش لەهەڵبەستی کوردیدا: ١٠.

١٢. بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا: ١٤٠.

١٣. کێش لەشیعری کوردیدا: ١٢.

١٤. شێوازی شیعری گۆران: ٨٦.

١٥. نقد الشعر، قدامە بن جعفر: ١٥.

١٦. سەروا، عەزیز گەردی:٢٦.

١٧. کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح:٣٦.

١٨. کۆنی وتازەیی لەهەڵبەستا، گۆران:٧.

١٩. کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا: ٦٢.

٢٠. سەرچاوەی پێشوو: ٦٣.

٢١. سەروا: ٢٠٤.

٢٢. سەرچاوەی پێشوو: ٢١١.

٢٣. سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٨.

٢٤. سەرچاوەی پێشوو: ٢١٢.

٢٥. مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار: ٥٤٠.

٢٦. ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، د. شکریە رەسول: ٨٨.

٢٧. پیرەمێردی نەمر، محمد رەسول هاوار: ١٥٥.

٢٨. رەمزو نووسینی سەر گۆڕەکان، عباس سلیمان سمایل: ١٥٣.

## سەرچاوەکانی ئەم باسە :

أ. **کتێبی کوردی**

١. ئەدەبی کوردی وهونەرەکانی ئەدەب، د.شوکریە رەسول، چاپخانەی التعلیم العالی، اربیل، ١٩٩٠.

٢. بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، د.دڵشاد عەلی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ١٩٩٨.

٣. پیرەمێردی نەمر، محمد رسول هاوار، چاپخانەی العانی، بەغدا، ١٩٧٠.

٤. سەروا، عەزیز گەردی، دەزگای ئاراس بۆچاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، ١٩٩٩.

٥. کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، بەغدا، ١٩٧٨.

٦. کێش وقافیە لەشیعری کوردیدا. معروف خەزنەدار، چاپخانەی الوفاو، بەغدا، ١٩٦٢.

٧. کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، عبد الرزاق بیمار، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٢.

٨. مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، ب٥، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

ب. **کتێبی عەرەبی:**

٩. نقد الشعر، أبي فرج قدامة بن جعفر، تحقيق: كمال مصطفى، مكتبة المتنبي، بغداد، ١٩٦٣.

ج. **نامەی زانکۆیی:**

١٠. شێوازی شیعری گۆران، پەخشان عەلی ئەحمەد، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٧.

د. **گۆڤارو رۆژنامە :**

١١. ئەدەبیاتی کوردی، م. نوری، رۆژنامەی ژیان، ژ/٢٨، ١٩٢٦/٨/١٢.

١٢. رەمزو نووسینی سەرگۆڕەکان، عباس سلیمان سمایل. گۆڤاری رامان، ژ/١٤٠، ٢٠٠٨.

١٣. کۆنی وتازەیی لەهەڵبەستا، گۆران، گۆڤاری هیوا، ژ/٣١، ١٩٦١.

١٤. کێش لەشیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گۆڤاری برایەتی، ژ/ ١٠، ١٩٧٣.

١٥. کێش لەهەڵبەستی کوردیدا، گۆران، رۆژنامەی ژین، ژ/ ٢٤، ١٩٧١/٥/٢٧.

# بەشی یەکەم
# هۆنراوەکانی جۆبار

(١) شیعری گۆرانی و دڵداری
(٢) شیعری نیشتیمانی
(٣) شیعری کۆمەڵایەتی
(٤) شیعری منداڵان

# (١)

## چوك شيرين*

چـوك شـيرينى ڕەنگ ئەسـمەر     برۆ پەيوەسـتى دڵ پـــەروەر
ئـەی ئاسـكەكـەی دەشـت ودەر     بـۆ تۆم وێــڵ و دەربـــەدەر

گـەرچى من سـووتـاوی تـۆم     لـــە زنجـير و داوی تـــۆم
بەسـتەی زوڵفی خـاوی تـــۆم     تۆش رەحمـت بێ ئەی دڵـبـەر

دڵـت لێ سـاندم گـــوڵـــم     تـــۆقت خســـتۆتـــە مـــلم
گـــڕت بـەردا نـــاو دڵـــم     بـــۆ وام دەدەی دەردەســـــەر

كـــە تـــۆ بـەو دەردەت بـــردم     جــارێ لـــە ڕەنـگی زەردم
بـپـرســـە چـۆنـە دەردم     چـەند زامدارم و دڵكـــە دەر

* ئەمـە يەكـەم هـۆنراوەی شـاعيرە، كـەكانياوی شـيعری پـێ تەقيوەتـەوە، دەچـێتە قـالبی شـيعری دڵداری و لەلايەن (حمدامين ئەمين عەباس)لەساڵی ١٩٤٩ كراوە بەگۆرانی.

چـــاوم وەك چـــاوەكـــانی    فرمێســـــكـی دەڕژێتــــە دەر

نـــەك ئـــاهی من بتگـــرێ    گـــوڵی جوانت هەڵـــوەرێ
خـــودا لـــێت هـــەڵناگـــرێ    والێم مـــەبـــە گـــوێ نەدەر

هەرنەبێ بەیەك پرســـیار    نابێ بپرسـی یـەك جـــــار
بـــرینی جـــەرگی جۆبـــار    خۆت پـــارەت كـرد بـەخەنجەر

كۆیە- ١٩٤٩

## گوڵی باغ

ئەی گوڵی باغی ژیانم دڵ کوژەی ئەم نازەیە
گەر لە دیدەی تۆ بەدی دەکرێ بە ئەم شێوازەیە

نازەنینی هەر لەخۆت دێ کەس پلەی ناگا بەتۆ
شای جوانانی جیهان تۆی بەم جوانییە شازەیە

دڵ لەسەیری جوانی تۆ ئاشنای ئەویندارى بووە
هەر بەتۆ بەندە دە مەی ڕەنجێنە ئەم دڵخوازەیە

تۆ لە ڕێبازی عشقدا پادشای و من گەدام
خۆ گەدا شایانی پاداشتە لە ئەم ڕێبازەیە

با دەمێ من هاودەمت بم دوور لە چاوی ناحەزان
دیارە ئەمڕۆ مەیلی نیستێکەت لەگەڵ من تازەیە

خۆشەویستیت بۆ لای من تۆ کەکردە خۆشەویست
دڵ کە ئاوێنەی دڵە دانراوە بەم ئەندازەیە

گـەر بڵێـی جۆبـار وهـا شـەیدای جـوانی تـۆ بـووه
تـاکو رۆژی مردنـی هـەر خـادمی دەروازه یـە

1951

◆◆◆

# هەڵسە شۆڕی

هەڵسە شۆڕی بڕوانە جوانی ئەم کوردستانە
ڕوو دەکەیتە هەرلایێ بەزم و شایی و سەیرانە

ئەمڕۆ وەرزی بەهارە جەژنی یارو دڵدارە
بولبول ئومێدەوارە بۆ باغ بڕوا مەستانە

گوڵشەن سەوزو ڕەنگینە گشت بەلالەو نەسرینە
خونچە لە پێکەنینە دەوری شتڵە ڕەیحانە

هاژەی جۆگەو ڕووباران جریوەی مەل و هەزاران
لەرزەی درەخت و چناران مرۆڤ شادو حەیرانە

کۆمەڵ کۆمەڵ رازاوان لەبەرگی بووك و زاوان
کەوتنە دەم چۆم و ئاوان چە پڵەو سەماو سووڕدانە

دەهۆڵ و زوڕناو ئاهەنگ ڕەشبەڵەکی شۆخ و شەنگ
لەناو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ کەوتنە کار لەم باغانە

جیهان مەست و مەد هۆشە
تەنها (جۆبار) خامۆشە

زامی دڵی لە جۆشە
هەمیشە لە گریانە

کۆیە- ١٩٥٢

◆◆◆

# بۆم بلێ تۆزە تۆزە

بۆم بلێ تۆزە تۆزە — بەم دەنگە پڕ لە سۆزە
بەزمت خۆراکی گیانەو — شادی دڵی ئاڵۆزە

لەگەل ئەم مۆسیقایە — کە شایانی سەمایە
لێدەن لەدەف و عودو — کەمانجەو تەپڵەو نایە

بۆم هەستە لەم ئاوازە — لەگەڵ ئارەزووم سازە
کاسەی سەرم پێ کاس کە — مەستم کە بێ ئەندازە

بەئاوازو گۆرانی — لەگەڵ شنەی بەیانی
بەسەرمان بپڕژێنە — گوڵاوی شادومانی

جۆشمان لەهەست وهۆش کە — کاتی ناخۆشمان خۆش کە
خۆمان لەبیر بەرەوە — پەرۆشمان فەرامۆش کە

باشادی غەم بنێژێ — گیان تام لەژین بچێژێ
تەمەن بەفیڕۆ نەڕوا — دڵ کامی خۆی بڕێژێ

لەبۆ مرۆڤ لە ژیانی		ساتێ بەکامەرانی
دێنێ هەزار تەلارو		گشت سامانی جیهانی

کۆیە-١٩٥٦

◆◆◆

## بەهیوات*

بەهیوات گیانە حاڵم پەرێشانە
دڵم وا حەیرانە عاشقی لێوانە

ئەی گوڵی گوڵزارم بەس بدە ئازارم
ڕەحمێ بەهاوارم من کە بریندارم

کوشتەیی خاڵی تۆم عەشقی جەمالی تۆم
شەو لە خەیاڵی تۆم شێتی ویساڵی تۆم

ئەی گەلی دۆستانم گوێ بدە داستانم
من کە پەرێشانم بەم گوڵە حەیرانم

گەردەنی بللووری کوڵمەیی لاسووری
وێڵم دەکا دووری دەمخەنە ناسووری

* ئەم هۆنراوەیە باکووریی گۆرانیبێژ لە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە ئاوازی خۆی و هەر بەدەنگی خۆیشی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆماری کردووە.

پەرچـــەمی وەك ســایە
هــەڵگری بـــاڵایـــە

روومـــەت شـەو چـرایە
ئـــەی کـە چ باڵایـە

دیـــدەیی ئـــەم یـــارە
مـــەرهـــەمی زامـــدارە

ناســـــك و نـــازدارە
قـــیبلـەیی ( جـۆبـــارە )

◆◆◆

# کیژە کۆچەری *

ئەی کیژە کۆچەری     بالا سنەوبەری
ئەی بووکەکەی کوێستان     تۆ پەری کوێندەری

دەڕۆی هەوار هەوار     بەمێرگو مێرگوزار
بۆ بەهەشتی کوێستان     لە پێش کۆچ و کۆچبار

بەڕەنگی خۆ ڕەنگی     چەند جوان وقەشەنگی
لە پێشەوەی قەتار     سەرکێشی پێشەنگی

زڕەی لوولەو هەیاس     لەگەڵ بازن و قوتاس
مۆسیقای ڕێگاتە     تا ناو بەفرو ڕێواس

بەدیدەی کلدارت     بەو نیگای لەکارت
جا چۆن ئارام بگرم     بووەستم بەدیارت

* ڕۆژێك (جۆبار) دەچێتە هەولێر لە ڕێگادا لەنزیك دەربەندی گۆمەسپان تووشی کاروانێکی کۆچەریان دەبێت کە بەرەو کوێستان هەڵدەکشێن، لە پێشەوەی کاروانەکە کچێکی کۆچەری بەسەرپشتی ئەسپێکەوە سەرنجی جۆبار ڕادەکێشێت و ئەم هۆنراوەیەی بۆ دەهۆنێتەوە. مامۆستا زاهیر محمد لە تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە ئاوازی بۆ داناوە.

# شنەی هەیبە سوڵتان

بەڕووی جوانی شازت      کەوتوومە ڕێیازت
جەرگ و دڵ پێکراوە      بەدەم نێزەی نازت

ئەی ڕەوت کار مامز      سەرکوڵم و لێو قرمز
دڵمت بەتاڵان برد      بەدوو دیدەی نێرگز

کۆیە-١٩٦٨

◆◆◆

# ناخی دڵداری*

رۆژێك چومە ماڵێ وەستـــام    لە قاپیم داو نەختیك وەستام
دەنگێـــك وەرامی دایـــەوە    ســـۆزی لـەنـــاو دڵ نایـــەوە
كارێكی وای لە هەست كردم    هەردوو ئەژنۆكەی سـست كردم
بە قرتـە قرتی قاپ قاپە    دەتگـوت دەنـگـی كچك چاپـە
شۆخێك هات دەرگای كردەوە    بووكێـك بوو لە پشت پـەردەوە
بە پێی بەخەنەو بەخڵخـــاڵ    بە دوو گۆنـــای ئـاڵی پڕ خاڵ
بە دەست و پەنجەی ناسكەوە    بـەڕەوت و ڕۆیـنی ئاسـكـەوە
بـە ڕەفـتـاری شـیرینـــەوە    بـە ڕووی بـە پێكـەنینـەوە
بـە ڕێكـو پێكـی پەیكـەری    بە دیـدەو نیـگـای پێكـەری
ئەو دوو چاوەی كە لێی بڕیم    سینـەو دڵ و جـــەرگی بڕیـم
سەرسام وەستام بەدیارییەوە    كەوتمـە ناخی دڵدارییـــەوە
كاتێك بە جوانترین شیـّواز    گوتـی فەرموو بەرەو هـــەوراز
ئـەوەی گـوت و گـەڕایـەوە    ئـەو ڕۆیـی و مـن بەدوایـەوە
جار جـار ئـاوڕی دەداتـەوە    بـەچـاوو ئـەبـرۆ دوانـــەوە

* . ڕۆژێك جۆبار دەچێتە ماڵی وەستایەك كەمێ ئیشی پێی دەبێت، كاتێك لە دەرگا دەدات كچێك دەرگـای لـێ دەكاتـەوە، جـوانی دەم و چـاو و ڕۆیـشتنی ئـەم كـچە سـەرنجی جۆبـار ڕادەكێـشێ، دیمەنەكەی چۆن دیوە ئاوا لەم هۆنراوەیەدا دایدەڕێژێت.

تـــا گەیشـــتینە جێــی نیـــاز        لەو دەمە دا چای کردبو ســـاز
ئەوجا ئەم جوانە بـــەرچـــاوە        بە ڕووم دانیشت لەبـــەر چاوە
خۆش خۆش پیاڵە بە دەستەوە        بە چای شیرین و خەســـــتەوە
چەند جارێ دەیدایە دەســـتم        بە پە نجە پە نجەی دەگەستم
ئەوسا کە نۆشـــیم بەدیـــاری        کـــەوتمە نـــاو ناخی دڵـــداری

کۆیە-١٩٦٩

◆◆◆

## بەم وێنەیە

بـەم وێنەیـە بـێ وێنەیـە بـەم شـێوەیە مەنـدە
بەم لێـوە بەخەنـدە دەمەکـەت کارگـەیی قەنـدە

مـەیلت مەیـە مەسـتم بەوشـەی ئـەم دەم و لێـوە
ســـابولبولی دڵ تـــاوێ بئـــاخێوە بەخەنـــدە

جوولانەوەکـــەت نـــازو ئـــەوین بازییـــە قوربـــان
تۆ هانی دڵـم بـەس بـدە بـەم چەشـنە ئەوەنـدە

ئـــەم چـــاوە هەمیـــشە بەنیگاکـــەی کـــە لـــە ڕاوە
چـەندان دڵـی ڕاوکـردووە ئـەم ڕاوچـییە ڕەنـدە

پـــەرژینی قـــژت لادە لـــەدەوری گـــوڵی گۆنـــات
بـەم زوڵفـە کەمەنـدە کـەدڵی بەنـدە لەبەنـدە

لـەم گەردەنـە بـەللورە کـە پڕ بـادەیی سـوورە
بـــۆ شـــەربەتی لێـــوت دڵەکـــەم ئارەزوومەنـــدە

( جۆبار ) کەمی داناوە بە هۆنراوە لە شۆخیت
پەروا نییە لەم جوانییە تابێتە مەزەندە

کۆیە-١٩٧٠

◆◆◆

# چاوەڕوانی *

بەچاوی چاوەڕوانی   لەڕێی یارم دەڕوانی
کاتێ لە پڕ پەیدابوو   دەرکەوت بەڕەوتی جوانی

ئەو هەڵەی دڵ کەویستی   بێ تەگەرەو پەیوەستی
بۆم هاتە دی بەهەڵکەوت   بەجوانترین هەڵوێستی

کەهات بەدیدە بازی   منی خستە پێشوازی
ڕەفتاری ئەوینداری   شێتی کردم شێوازی

تا ڕوو بەڕوو بەهەنگاو   بەدەم ئاخاوتن بەچاو
دەم وشەی پێنەمابوو   بۆ دەربڕینی سڵاو

چاو لەبریتی زمان   دەیکرد بەڵێن و پەیمان
دڵیان پێك دەگۆڕیەوە   بەمەرجی مان و نەمان

---

* لە ساڵی ١٩٩٤ (صلاح محمد) کردوویەتی بە گۆرانی لە گەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە تەلەفزیۆنی کۆیە تۆمارکراوە.

لــــە جیـهانــی دڵــداری     دەمــــانکێشــــا نیگـــــاری
تـــــەلاری خۆشـــــەویستی     بـــۆدوارۆژی بـــەختـــیـــاری

ئەوجا کــە دڵمــان پێکدا     هەردووک لەناو یەك پێکدا
بادەی بـــیّ بادانــــــەوە     نۆشمان کرد دەستمان لێکدا

کۆیە-١٩٧٠

◆◆◆

## جوانی کوێستان*

با پچینە کوێستان بۆگەشتی ئەم ناوە     جوانی جیهانی خوا بەم شوێنە داوە
لە چلەی هاوینا نەو بەهـــار ببیـــنە     قەندیل مەندیلی هەر فڕێ نـــەداوە
تـا چاو لێی دیارە چیمەن و گوڵــزارە     پڕ جۆگەو کانی و ڕووباری بەفراوە
چەم و چیمەنی پەرچەمیان پەخشانە     بە سروەی شەماڵ وا شـــانە کـراوە
کزەی شەماڵی پـــڕ بۆن و بەرامـــی     لە هەڵمژینا وەك عەتـر و گـوڵاوە
هەرچاوە کانیەو کە برژانگی دەوری     گوڵاڵەی هەمـــەڕەنگە و دەوری داوە
لە لوتکەی شاخان ڕەنوو دێنە خوارێ     تریسکەی دێو بە ڕووی ڕۆژ دا پژاوە
ئەم نـاوچە جوانە شوێنی کۆچەریـانە     هۆبە بە هۆبە ڕەشماڵیان هەڵـداوە
دەمی ئێـــوارە کە ڕۆژ لـــە لێـــوارە     لە هـــەر هـەوارە قەوغـا بەربـڵاوە
هەرگوێ بە گوارەوکەمەشکەی لەدارە     هەر بێریەوبادی بەدەستەو وەستاوە
بلوێری شـــوانی لە بـــەرزی تـــەلانی     کیژ لەســـەر کانی دێنێـتە سـەماوە
گیانێکی تـــازە بە مرۆڤ دەبـــەخشی     دیـدەنی لەم دیمەنـە ســـازکراوە

١٩٧٠

◆◆◆

---

* لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٧٠، (جۆبار) گەشتێك بۆ کوێستانەکانی قەندیل دەکات، دیمەنە جوانەکانی ئەم ناوچەیە شاعیر سەرسام دەکات و دەبێتە هەوێنی لەدایك بوونی ئەم شیعرە.

## چنارۆک *

چنـــــارۆک چنـــــارۆک    چنـارۆکی کـــۆیەی خـۆش
سەیرانگاکەی چنـــارۆک    غەم لێی دەبـــێ فەرامـۆش

لەم دیوی هەییـەسوڵتان    بەبای شـەمـــاڵی کوێستـان
دێنـە ســـەمـا درەختـــان    دەبزوێنێ هەسـت و هـــۆش

سوولی پاشاو خـاڵە بـاس    لە ساردی لێی نـاکری باس
دەی تـەزێـنی کەللە کاس    لە هـاوین کەدەیـکەی نۆش

ڕەزی هـــە نجـیرو مێـــوی    میـــوەی دەخـوری بەلیـوی
گەربـــاش بیکا بەخێـوی    ڕەزەوانــــی بـــە پـــەرۆش

گــوتیان ئەمـــڕۆ بەهـارە    ئـــەم هـاوینـە هـــەوارە
جێـی چـاو بـازی دڵـــدارە    پـڕە لەمەســـت و مەدهۆش

---

* ئەم هۆنراوەیە لەسەر داواکاری هونەرمەند (باکوری) نوسراوە کاتێك ناوبراو دەچێتە دوکانەکەی (جۆبار)و داوای لێ دەکات لەسەر نیوە دێڕە شیعرێك کە باکوری دەیدات بە (جۆبار)هۆنراوەیەکی لەسەر هاوینە هەواری (چنارۆك) بۆ بنوسێت، دواتر باکوری ئاوازی بۆ داناوە.

لایێ بەزم و ئاهەنگە      لایێ شایی قەشەنگە
بەبەرگی هەمەڕەنگە      هەمووی بێ بادە سەرخۆش

ڕەش بەرەکی چاو مەستان      دەست دێنێتە ناودەستان
لەدەم جۆگەو ڕۆخ بێستان      بەگۆرانی پڕ لە جۆش

◆◆◆

# پەری وێنە*

ئەی پەری وێنە جوانی بێ وێنە
دیمەنت ناودڵی بینەری شوێنە

تۆ لە ئاسۆی دڵ پڕشەنگی مانگی
شا شۆخ و شەنگی چینی قەشەنگی

کەس نییە جارێ بە ڕووت وەستابێ
وێنەی تۆی لە دڵ تۆمار نەکرابێ

دیدەنێ لەم دوو دیدە مەستانە
مەی خەیاڵ بەخشی مەستی مەستانە

چەرخی ڕومەتت بە دوو چراوە
لەسەر دوو گۆنات کە داگیرساوە

* لە ساڵی ١٩٨٠ ئەم هۆنراوەیە لەلایەن مامۆستا (زاهیر محمد)ەوە ئاوازی بۆ دانراوەو لەکاتی بەشداری کردنی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە فیستیڤاڵێك كە لە بەغدا سازکراوە، بەدەنگی دیمەنی کچی جۆبار پێشکەش کراوە.

چەند پەروانەی دڵ خۆی پێ داداوە
پەڕو باڵی پێ هەڵکڕووزاوە

بەڕێك و پێکی هەر دڵ دەپێکی
پیاو سەرخۆش دەکا سەیرت وەك پێکی

کۆیە-١٩٨٠

## یارم بێ شانە *

یارم بێ شانە　　پرچی پەخشانە
بەسەر كوڵوانە　　شاڵی سەرشانە

مەزەی چاوانە　　قیبلەی لاوانە
كارمامزەكەی دەم　　چۆم و ئاوانە

گیان سوك و ناسك　　چەند خنجیلانە
پڵنگی پێشەنگی　　قافلەی مەلانە

خەرمانی گوڵانە　　مەڵبەندی دڵانە
قەشەنگ ڕسكاوی　　نەخشی یەزدانە

وێنەی بێگەردی　　پڕ خاڵی وردی
لەگەڵ ملوانكەی　　گەردەنی زەردی

---

* ئەم هۆنراوەیە لە ساڵی ١٩٨٤ (ئیبراهیم سابیر ) لەگەڵ تیپی مۆسیقای هونەری هەولێر كە ماموستا (وریا احمد) ئاوازی بۆ داناوە لە كەركوك تۆماركراوە.

| | |
|---|---|
| کەسەیر دەکەی | بە بەرگی کوردی |
| نازانی دڵت | کامیان بوو بردی |

کۆیە-١٩٧٠

◆◆◆

# پەرچەم لوول *

ئـەی پەرچـەم لـوولی گـرژو پـێچ پێـچە
ڕو خـشت و خـۆری ژێـر پـەردەی پێـچە
برۆتێکـەلاوی، بـرژانگ چـەتری چـاو
دەم وێنـەی دەمـی تـازە گـوڵ خونـچە

لـوت ڕێکـی رومـەت پـڕ گۆشـت وبـەخاڵ
شـێوە سەرچـاوەی بەخـشینی خـەیاڵ
ئـەی گـەنم ڕەنگـی گـەردن قـوڵنگی
ڕەفتـار چـەڵەنگی تەمـەن هـەژدە سـاڵ

وەك مـانگی ناوتـەم رووتم لـێ دیـارە
هـەر دڵ دەزانـێ چـەند پڕشـەنگدارە
نەرمـە نیگاکـەی ئەسـتێرەی چـاوت
بـەرەو سـینەو دڵ لـەمن لـەكارە

* ڕۆژێك كچێك دەچێتە بەردەم دوكانی شاعیر بە مەبەستی كڕینی پێداویستی، كچەكە پێچەیەكی تەنكی گرتبووەوە، لەژێر پێچەكەش وێنەی دەم و چاوی زۆر بە جوانی دیاربووە. جوانی دەم و چاوی كچەكەو قژە لولەكەی سەرنجی شاعیری ڕاكێشاوەو ئەمیش بە كامیرای شیعری وێنەی دەم و چاوی ئەو كچەی بەم شێوەیە گرتووە.

لەژێر ئەم پەردە ئەم ڕووە بێگەردە
لەمن گیراوە وەك مانگی چواردە
دڵ بۆی لێدەداو بۆی ناکرێتەوە
بەم بگرەو بەردە ئەم مانگە بەردە

جوانی ستەمە بشاردرێتەوە
چونکە بینای چاو پێی دەکرێتەوە
ڕووپۆشی پیشەی ناشیرنانە
ئەم کارە لەجوان ناوەشێتەوە

شێوە شیرینان یەزدانی نەخشن
بۆ دڵ و دەروون هەر شادی بەخشن
دەنا ئۆیاڵی خەڵکیان دێتە مل
گەر پەردە لەرووی دیدە بپۆشن

جیهان بەجوانان دەڕازێتەوە
لەغەم بۆ شادی دەگوازرێتەوە
سەیری نازداران بادەی چاوانە
مەستی بۆ مێشك دەبەشێتەوە

کۆیە-١٩٨٨

◆◆◆

## شەوی زستان لە کوردستان *

شەوی مانگی ڕێبەندانە ئەو پەڕی سەختی زستانە
بەفرە، بارانە، زلیانە شەختە کاشی حەوشەو بانە

رووبەندی ئاسمان هەورینە زەوی لەبەرگی زیوینە
سەرپۆشی چیاکان سپینە گێ سواندە سەربەلەرزانە

هەورە تریشقە دەگرمێنی دڵۆپە فرمێسك دەرژێنی
بروسکە ڕووناکی دەنوێنی ئاسمان هەروەك چراخانە

گۆرانی بێژ ڕەشە بایە ڕێژنە تیپی مۆسیقایە
درەخت بۆیان لەسەمایە تەزرەش لەدمبەك لێدانە
کاتێ کە وامالْ لە ژووران خێزان وان لەگوێ ئاگردان

* (سروشت) و (جوانی) دوو هۆکاری کاریگەرن لە شیعرەکانی (جۆبار)، زۆر جار بارە سروشتییە ناهەموارەکانیش لای (جۆبار) جەمالیەت وجوانی خۆیان هەبووە. ئەو لایەنە جوانانە لای خەڵکی ئاسایی وەك ئەوە نەبووە کە ئەو بینیویەتی، بۆیە دیمەنی شەوێکی سەرماو سۆڵەی زستان، کاتێك شاعیر لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی لە دەوری سەماوەرو تاقمی چای دادەنیشن ئیلهامی شیعرێکی بۆ دێ، کە نە ئەوانەی ئامادەبوون و نە کەسی تریش هەستی بەو جوانیانە دەکرد کە لەم دیمەنەدا هەن.

گلپەی سۆبەو تر پەی سەربان — شەوچەرەمان چیرۆك خوانە

دیمەنێکمان لە ناوەندە — وەك هەڵپەرکێ و زەماوەندە
ئەویش تاقمی چایەو قەندە — چۆپی لەدەوری چادانە

لەم شوێنە پڕ خۆشاییە — سەرسینی گۆڕی شاییە
شاباشی شایی چاییە — ساقی لەم بەزمە کابانە

پیاڵە ڕێزی شایی کەرە — زوڕناژەنیش سەماوەرە
کابان بۆی بەسەماوەرە — هەڵدە لەغەمی زەمانە

(جۆبار) هەستی لەسەرچاوە — دەرخست بەڕووی تاقمی چاوە
دەستێك هەڵبەستی پێچاوە — گەرچی لەچانە خۆرانە

◆ ◆ ◆

## دولبەرێ *

دولبـــەرێ والـــــەو ژێـــرە  مانگ ڕووەو چاو ئەستێرە
تیـــر وەشیــێنــی نیگاکــەی  لــێ دەدا بـــەبــێ ســـــێرە

هەرکــەســێ نێتە دیـــاری  دڵ دەبـــێ بکا بـــەدیــــاری
چونکە تەنیا ســەیرێـکی  هۆیـــە بـــۆ ئــــەوینــــداری

خۆ کەخۆی دەخەمـــڵێنی  خۆی لەنـــاو دڵ دەڕوێــنــی
چاو لەســـەیری تێرنابی  جوانییەکەی ســەر سوڕمێنی

ڕۆییـــنـــی پـــڕ لـــە لاری  ڕوومــــەتــی گەشـــەداری
بەژن و بالآی لێهاتـــووی  هانــــــدەرن بـــــۆ دڵـــداری

قۆزتـــــرە لــــە فریشـــــتە  کە فریشــــتەی بەهەشــتە
شۆخی ئەو چەنــد بالآ بێ  شۆخی ئەم یــەك بەهەشتە

---

* لە ساڵی ١٩٩٤ (ئیسماعیل شەیدا) لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لەسەر ناوازێکی فۆلکلۆری کردوویەتی بە گۆرانی.

خونچەکەی دەم و لێوی
قەت بە گفتار نابزێوی
گەر بکەوتە ئاخاوتن
هەر بە چاو دە ئاخێوی

دیمەنی نەشمیلانەی
بەو نیگا بە تیلانەی
هەرکەس کەوتە ڕوانگەی
ناودڵی بوویتە لانەی

◆◆◆

# ئەی گوڵ*

ئەی گوڵ هەمیشە بەدڵ لەلاتم
ڕۆژو شەو مەستی بادەی خولیاتم
تۆش نەدیاری و نەنامە داری
نەدیاری وێنەت بوو بەخەڵاتم

بەنیزەی نازت دڵ پێکراوە
کانی ئەوینی لێ هەڵقوڵاوە
لەناو دوو دڵی بێ دوودڵیمان
پەیمانی کۆنکریت دروست کراوە

ئەی ئەستێرەکەی ئاسۆی خەیاڵم
تۆی ژێرکەرەوەی دڵەی منداڵم
بۆ بەبێ ئاوڕ لێم تێ دەپەڕی
بەئاخاوتنێك ناپرسی حاڵم

* ئەم هۆنراوەیە لە ساڵی ١٩٩٨ (ئەحمەد هاشم) کردوویەتی بەگۆرانی و بە هاوکاری تیپی مۆسیقای باواجی لە کۆیە تۆمار کراوە.

بەدوا گەردی پێت سەردەنێمە دووت
ناگەڕێمەوە سەد بچێ ئابڕووت
تامەلی برسی ئارەزووم دەکەی
تێر تێر لەدانی دیدەنێکی رووت

قرتەی بابوجت ئاهەنگی ڕێمە
چرکەی گۆبەرەت ئاوازی گوێمە
بەشوێن تۆزی پێت هەنگاو هەڵدەگرم
خۆشم نازانم لەکوێ بۆکوێمە

دڵ بەناڵە لێت دەپارێتەوە
بەڵکو ڕووپۆشت بۆم بکرێتەوە
بمخە بەرنیگای سووچێکی دیدەت
تاگیانی ماندووم بحەسێتەوە

لەم چاوە بازە نازم نیازە
لەم دەم و لێوە وشەم داخوازە
لەکوڵمی ئاڵت بەمووچەی ماچێك
حاڵی پەشێوم لەغەم دەربازە

◆◆◆

## بەفیدات بم

بەفیــدات بم قــەد عەڕعــەڕ دڵ ئاشــوفتەی تۆیــە
فریــام کــەوەو ناچــارم چــارەی مــن هــەر ئیمڕۆیــە

ئــــاوازی ناڵــــەی دڵ بـــۆ موشــــتاقی دیــــدارت
بولبـــول دەخاتــــە نــــاڵین بــــەم دادو رۆڕۆیــــە

تــاکەی من خــەم دەچــێژم یــان هــەر خــوێن بڕێــژم
یــا برینـــدارو زامــدار بم بــەم تیغــی ئەبرۆیــە

بەس بەدوو چاوی بــازت شــەیدای رووی خــۆتم کــە
خــۆ مــن ئــەرکی ئەشــقی تــۆم لەئەســتۆیە

◆◆◆

(٢)

# ڕاز لە گۆڕە

میلەتــــانی ڕووی زەمین ڕوویـــان بـــەرەو ڕووناکـــییە
میللـــەتی ئێمـــەش لـــە تـــاریکی و کەســادی تاکـییە

غـــوولی نێو دەشت و چیاکان بوون بەخاوەن عیلمو فەن
دەردی بێهۆشـــی لـــە نـــاو کـوردان دەڵێی زگماکـییە

هـەرخـــەریکی بوغزو قین و فیتنە بازی نــــاوەخۆن
تاوەهـــابن هـەر ژیانیـــان ژان و پـڕ غـــەمناکـــییە

ڕۆســـــتەمن بۆخـۆ بەخـۆیی و کوشـتنی یەکتر بەڵام
مێگەلی دەســت دوژمنن بـەم مردەنی و هـــــیلاکییـــە

پشــت لـــەیەك و بەرلە بێگانە لەسەریان بوویتە خوو
وادەزانن گـــەروەهـابن کــردووەی وا چـاکـــییە

بەسیە با هەڵمەت بەرین ئەم نــــالەبارییە لابەرین
نیشــتمانی بەش خوراومان چـــــاوەڕێی چالاکـییە

کەی دەبێ ئەم جـۆرە ناپاکییە لــــە ناو پاك بێتەوە
زەحمەتە ( جـۆبار ) مەگەر ئــــەم ئاخە بۆ ژێر خاکییە

کۆیە - ١٩٤٩

◆◆◆

## وەسفی کۆیە *

پڕلەسەیرانگەی کەشایان بەرنیگایە شاری کۆ
جێگەیی رابواردن و کەیف و سەفایە شاری کۆ

گەربکەی سەیری بەهاری بێگومان سەرسام دەبی
بەم گوڵستان و چەم و کانیەی تیایە شاری کۆ

باغی پڕمیوەی لەسێ لاوە سەری کردۆتە یەك
دەشت و دەر ڕەنگین بەدەوران دەور چیایە شاری کۆ

دیمەنی باغی حەمامۆك یانە خۆ ئۆمەر خوچان
زۆر لە بۆ دەفعی غەمی دڵ جێی ڕەوایە شاری کۆ

* لەساڵی ١٩٥١ کۆیە جادەو کارەبای نەبووە، ڕێگای نێوان (کۆیە-هەولێر) و (کۆیە-کەرکوك) خۆڵ بووە خەڵك لە وەرزی زستان نەیانتوانیوە هاتوچۆ بکەن. ئەم وەزعە زۆر کاری لە (جۆبار) کردووە گلەیی وڕازی دڵی بۆشارەکەی بەم شیعرە دەربڕیوە. مەقام بێژو گۆرانی بێژانی ناسراوی کۆیەش (حمدامین عباس و فەقێ احمد) لە مولودەکان بە مەقام دەیانگوت.

شاخ و داخی گەوهەری بەم ئاوی ساف و کەوسەری
دڵگرو شارێکی خۆش ئاو وهەوایە شاری کۆ

داخەکەم دەردی گرانم ئەمیەتی پێ نادرێ
زۆر لەدەست بێ ڕێگە ژێرباری جەفایە شاری کۆ

شارێکی واکۆن و ناودارو لە مێژوودا دیار
هەر لە بێ بەشبوونی جادەو کارەبایە شاری کۆ

گەربکەن خزمەت گوزاری جەنەتە ئەم جێگەیە
ئەم قەزایە بەڵکو هەرمافی لیوایە شاری کۆ

بەسیە ( جۆبار ) هەڵبڕێژە ئاخ و داخی شارەکەت
چونکە هۆی بێ خاوەنی خۆ ئاشکرایە شاری کۆ

کۆیە- ١٩٥١

◆◆◆

# ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨

شۆڕشی ١٤ی تەموز هێزی لەئیستعمار بڕی
دیم سوپاو گەل شانبەشان وەك شێر لە بێشە دەر پەڕی
بەرگی ئازادی لەبەرکرد دەنگی بەرزی هەڵبڕی
وەك پڵینگی چەنگ بەخوێن هات و لەمەیدانا نەڕی
ورگی پاشای خائین و نووری سەعیدی هەڵدڕی
نەعرەتەی کورد و عەرەب دەنگی لەدنیا دایەوە
پەیکەری پاشایەتی بەم هەڵمەتە پێچایەوە
تیشکی ئازادی عێراق یەکبار گزنگی دایەوە
خاکی ئیمپریالیزم لەم حاڵە سەرسام مایەوە
هێزی میللەت هات و هێزی خائینانی هەربڕی
دایە بەر شەق حلفی بەغدای پیس و دامەزرێنەری
ئیتتحادی هاشمی تێکدا لەئەوەل دەفتەری
خوێنمژانی ئەم وڵاتەی کرد لەسامان بێبەری
تەفرو تونای کرد هەموو زۆردارەکان و نۆکەری
نیشتمانی لەو بەری پاککردەوە تائەو بەری
ڕۆژی ڕەش داهات لەخوێنمژ نۆکەران بوون دەربەدەر
قەسرەکانیان لێ ببوە قەبری تەنگی بێ مەفەڕ

باجی نوریش خۆ عەبای مەرگی کە هەڵساو کردە سەر
وەك سەگی خوێڕی کراو دڵ پڕ لە خەمناکی و کەسەر
هەوڵی دەربازی دەدا بەم حاڵی ناسازو شڕی
لەو سەریش دەروێش جەمالی هەر لەترسی قینی گەل
خۆی دەخستە شوێنی پەنهان بۆ وەدەستهێنانی هەل
ڕووی لەهەر لایەك دەکرد هەرخۆی لەمل خۆی دەبوو چەل
ئارەزوو داربوو بۆ ئاسمان فڕییا چەشنی قەل
داخەکەم هەرچەندی کرد سەیری کرد هەڵنافڕی
عیبرەتە ئەم ڕۆژە بۆخائینانی ڕووی زەمین
تاکو بۆیان دەرکەوێ نابێ هەتا سەروا بژین
لازمە ژەهراو بخۆن ئەم کۆمەڵانەی خوێن مژین
تیغی ناحەق هیچ دەمێك نێمەی لەسەر حەق نابڕی

کۆیە-١٩٥٨

◆◆◆

## کوردستان

کوردستانە چەند شیرینە جەنــەتی ڕووی زەمینە
خوایــــە هەر ئاوەدان بێ قەومی کورد جێ نشینە

غەنیمــەتە ئەم خــاکە قەومی دڵســاف و پاکە
لەناو عالەمدا تــاکە کوردستان چەند شیرینە

گە نجی کوردی پڕ هونەر هەموو لایەکـــی سەروەر
لەم خاکە هاتـــونە بەر کوردستان چەند شیرینە

لاوانـــی خوێنـــدەوارن بۆ ئەم خاکە خەم خوارن
ڕەحم بـــەری هـــەژاران کوردستان چەند شیرینە

خوایە هەر پایەدار بێ ئەم قەومە بەرقەرار بێ
ناحەزی شـــەرمەزاربێ کوردستان چەند شیرینە

مســـتەحەقە بێ ژمار مە تحی بکە ئەی جۆبار
بۆخاکـــی وازێڕ نیگار کوردستان چەند شیرینە

# پارتایەتی

پارتـــــایەتی ڕامیاری بۆخزمـــەتی کۆمـەڵە
نەك بۆ بەربەرەکانی و ڕەفتاری پـــڕ لە هەڵە

ئـەم ئـەرکە زۆر پیـــرۆزە، لەســـــەرشانی دڵسۆزە
لەوکەسانەی کەکاکلـــــەی دەستەی گەلن لەم هۆزە

پێشبڕکێیە لەخەبـــات بۆ پێشـخســـتنی وڵات
بۆیــەرەو دیموکراتـی و ئازادی و لوتکەی ئاوات

خزمـەت بە نیشـتمانە کـەبـاغـی گشـتمانە
جاکـێ باغەوانـــتربێ لەم باغـە باغـەوانە

ئەوەی لە ڕێز ئەندام بێ نـــابێ کـەنانەندام بێ
دەبێ ڕەوشـــــتی لەتەك لەکۆ و لەگشت ئەندام بێ

لەڕابردوو پێنـــــاسی دیاربێ بەڕەفتار خاسی
بـــەبەڕێـزێکی پاکو بەگیـــانی دیموکراسی

هەڵگــــری بیرو بڕوا نابێ کەوا خوار بڕوا
دەبێ دژ بێ بەهەموو کاری چەوت و ناڕەوا

نابێ کە چاوبرســـی بێ یان ئاما نجی کورسی بێ
دەبێ لەدەســـــت و زمان ویـــژدانی لێ پرسی بێ

لەهیچ کات و زەمـــانێ نەکا خزم خزمانێ
دووزمان نەبێ لە گفتار بدوێ هەر بەزمانێ

ئەوەی خاوەن بـــاوەڕ بێ دەبێ جێگـــای بـــاوەڕ بێ
لەهەڵــەی دواوەی خۆیـــدا هــەمیشــە لەئـــاوەڕ بێ

نـــابێ دڵ بیریندارکا دەبێ برین تیمـــــارکا
لەگەڵ کۆمەڵ بەگشتی هەست بەئێش وئازار کا

نەك بێ هەر بۆ خۆبادان لەسەر شەقام و جادان
بەبەرگی شۆڕشـــــگێری بەفیز بۆ خۆپیشاندان

یان هەر بۆ هەل پەرستی		بۆ تایبەتی مەبەستی
بێتە ناو کۆڕی خەبات		تادەرفەت دێتە دەستی

لەژێر پەردەی باوەڕدا		ورگ و گیرفانی مەڕدا
لەشوورەیی و ڕووزەردی		دەربەست نەبێ و هەڵ گرڕدا

بیرو باوەڕ هەڵناگری		بەم جۆرە سەر ناگری
هەزار بیرو باوەڕی		وەها بە یەك با وەری

کۆیە-١٩٦٤

◆◆◆

# یادی حاجی قادری کۆیی

ئەی گەلی کورد ساوەرە بۆیادی حاجی قادری
مافی ئەو هەریەك لەئێمە چونکە کەوتۆتە سەری

بابکەین یادی بەگەرمی و ئەوپەڕی شانازییەوە
چونکە حاجی دەردی دووری ئێمە بوو سەودا سەری

گۆڕ غەریبەی ئارەزووی خاکی وڵاتی بردە گڵ
تا لەڕۆمیش مرد ئەوەندەی ناوی قەومی کورد بەری

جەرگی هەر وەك خاکی کوردستانی لەت لەت بوو لەتاو
کوردی بێماڵ و لەژینی سەربەخۆیی بێبەری

هەستی ژێردەستی گەلی کورد کاری واتێکردبوو
بو بەهۆی جۆشدانی مێشك و دەربڕینی شاعیری

دووکەڵی ئاهی بەهەڵبەست هۆندەوە بۆئەم گەلە
تالە پاش خۆی بۆخەبات بیکا بەڕێپیشاندەری

# شنەی هەریەسوڵتان

پەندو ئامۆژگارییەکانی تیشکی ڕێی ڕزگارییە
هێزی شۆڕشگێڕییەو تین و وزەن بۆجۆشدەری

تیری هەڵبەستی کەوانی بیرو دەستی وێژەیی
زۆر بەئەنگێوی دەهاوێژێ بەڕووی داگیرکەری

حاجی قادر پێشڕەوی بۆیژانی کوردە ڕێڕەوی
نۆبەرەی کوردایەتیمانە لەوێژەو هونەری

شاری کۆیە هەر بەحاجی بوو بەگۆی وێژەو هونەر
بوو بەبێشەی شێری هەڵکەوتووی خەبات و ڕابەری

سەد سڵاو لەگیانی پاکی بێ لەکوردستانەوە
هەربژی یادی هەموو ساڵێ بەبەرزی پەیکەری

١٩٧٢

◆ ◆ ◆

# کەڵەشێر

ئـــەی کەڵەشـــێری پۆپتـــە لارو جـــوان
ئـــەی ئاودەنگیەکـــەی بـــێ دەنگـــی شـــەوان
ئـــەی هـــاوڕێی تـــەنیاو شـــەوگار درێـــژان
ئـــەی کاتـــژمێری خولیـــاو بـــێ خـــەوان

لـــە شـــەوە زەنگـــی تـــەنیاو بـــێ دەنگـــی
منـــــی ئـــــاوارە هـــــەرتۆم ئـــــاودەنگی
لـــە داخـــی کـــوردی نوســـتوو و بـــە جێمـــاو
لـــە قافلـــەی گـــەلان بـــە بـــار لاســـەنگی

بـــــەدەنگی بـــــەرزت دەســـــا بخوێنـــــە
ئـــەم گەلـــەم لەخـــەو بـــۆ ڕا پەڕێنـــە
بڵـــێ بـــا هەڵـــسن ئـــەوا ڕۆژهـــەلات
خـــۆ ئامادەکـــەن هـــەتا کەلێنـــە

گەلێ مافی خۆی بۆ خۆی نەسێنێ
مافی پێ نادرێ با دانەمێنێ
بلێ بە کوردی بێ ماڵ و حاڵم
با هەڵسێ ماڵێك بۆ خۆی پێکبێنێ

هەر لە خۆر هەڵات هەتا خۆر ئاوا
هەرکورد بەش بەش و وا بەش خوراوە
بۆ خواستی تایبەت لە هەندێ لایەن
دەرگای ئازادی لێ داخراوە

کوردستان وەکو کچێکە بووکە
جوانییەکەی نەوتی شاری کەرکووکە
چاوبرسی چاویان زۆر تێ بڕیوە
گەرنەی پارێزین بۆ ئێمە سووکە

هێزی یەکبوون و یەك دەست و مەبەست
قەڵای هۆشیاری و بەرگری بەهەست
یەکجار پێویستە لەم قۆناغەدا
لەگەڵ خەباتی درێژ و نەوەست

هـــەموو ســـەربازی یـــەک فەرمانـــدەبن
لـە ڕێـی یـەک ئامـانج هـەموو بەنـدە بـن
جیـــاوازی نـــەبێ لـــەناو ئـــەم و ئـــەو
لـــــە بـــیرو ڕادا یـــەک مەزەنـــدەبن

ڕێـــز لـــە دەســـتی پـــیس پـــاک بکرێتـــەوە
نیـــازی چـــەوت لـــە ڕا دوور بخرێتـــەوە
هـەموو هـەوڵێک بـەس بـۆ کوردسـتان بـێ
بـــۆ دوور و نزیـــک بـــیر بکرێتـــەوە

ئـــەی گـــەلی کـــوردی کوردســـتانەکەم
ئـــەی پـــارێزەری نیـــشتمانەکەم
لـــە بەشـــخوراوان هـــەر ئێـــوە مـــاون
هـــەر بـــۆ ئێوەیـــە قـــوڕ پێوانەکـــەم

ئێران - ١٩٧٤

◆◆◆

# لە ڕێی هیوا*

لە ڕێ ی هیوا هێنام سەرم
بەشوێن ئامانج دەربەدەرم
کەچی خولیش خواری هێنا
گیرۆدەی بەندی بێدەرم

تاقە گوڵی باغی هیوام
ئاواتێك بوو کەبۆی دەژیام
ئەویش لە دەست چەرخی چەوت
پێی نەگەیشتم سەرەنجام

خونچەی ئاواتم هەڵوەری
ڕەنجم دەرچوو بەبێ بەری
لە شەوی تاریکی شووم دام
بە پەرگەندەو دەربەدەری

* لەساڵی ١٩٧٥ دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، کە ئەو کاتە جۆبار بە ماڵ و مناڵەوە دەربەدەری ئێران بوو، ئەو نەهامەتییە یەکێکی تر بوو لە کارەساتەکانی ژیانی جۆبار کە زۆر بەهیوایەوە دەژیاو تەمای پیێ بوو کە ئەم جارە گەلەکەی ڕزگاری بێت، بەڵام ئەم جارەش هیواکەی شکست دەهێنێ و ئەم هۆنراودیەش تەعبیر لە باری دەروونی ئەوێ ڕۆژێی شاعیر دەکات.

# شنەی هەریە سوڵتان

هەرچواردەورم شوورەی غەمە
جیهان گشت بەندیخانەمە
لە ماتەمی بێ هاودەمی
مەراقم خۆراکی جەمە

پێخەفم لا دڕك و دارە
خەوی شەوم گۆڕە و شارە
دڵ ڕێبازی خەیاڵاتە
گیانم لە جەور و ئازارە

بەم جەژنی وا دوور لە یاران
غەریبم کەوتوومە شاران
بەڵێ تێکچونی لانەوە
کەوتوومە پەنا پەساران

بە خێزانی ئاوارەوە
بە هەستی بریندارەوە
بە ئەنجامی بە ناکامی
کەووتومە ناو پەژارەوە

# شنەی هەریەسوڵتان

ڕۆژی جەژنت کە لێ هەڵات
چەند ناخۆشە دووری وڵات
وردو درشتی قەوم و خوێش
یەك یەك لە ناو دڵ دێنە لات

جا چۆن ڕەوابێ لای یەزدان
ئێمەش گەلێکین وەك گەلان
خاوەن هەست و ئابووریەکین
خاوەن زمان و نیشتمان

لە مافی خۆمان بێبەشین
لەت لەت کراوو دابەشین
بۆ سەر درندە و نامرۆڤ
لای گورگە بۆر و گورگە شین

ئێمە لە چەرخی بیستەمین
ژێردەستی دەستی ستەمین
گەرچی بۆ ڕزگاری وڵات
هەریەك لە ئێمە ڕۆستەمین

١٩٧٥

# کورد قڕان*

لە پێنجی سێی هەزارو نۆ سەدو هەشتاو هەشت توانی
درندەی ئەفلەقی هەڵسێ لەکوردستان بەتاوانی

بەکیمیا کەوتە بارانی ژن و منداڵی بێ تاوان
هەڵە بجە و شێخ وەسان و بالیسانی کرد بە نیشانی

ئەوەی بەعسی لەگەڵ کوردی کرد هیچ دوژمنێکی کورد
هەتا ئێستا لەگەڵ کوردی نەکردووە مێژوو دەیزانی

لەبەر چاو دەوڵەتی ناوە لای خۆیان موسوڵمان بوون
کەچی چاوپۆشوو بێ دەنگ بوون لەم کارە بەلێزانی

سەدان کۆرپە لەباوەش دایکی پێکراو هەڵپروکابوو
لەلادێ و شار بەلاشان دارژان کووچەو خیابانی

* کە کیمیا باران و ئەنفال دەستی پێکرد، جۆبار لە ڕێی ئەم هۆنراوەیەوە هاواری بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بردووە، کە بۆ بێ دەنگن لەئاست ئەو دەست درێژییەی کە کراوەتە سەر گەلی کورد لە سالی ١٩٨٨.

پشیلەو سەگ و مریشك و جوجەڵەو ئاژەڵ هەتاکو مەل
لەجێی خۆی وەك سەنەم وابوو لەشی خاڵی بوو لەگیانی

هۆلاکۆی چەرخی بیستەم پەیڕەوی ڕەفتاری باوکی کرد
بەلاّم زیاتر لەدووپات کردنەوەی ڕەفتاری باوانی

کچی عازەب لەبەردەم دایك و باوکی عەفلەقی بردیان
ئەوەی دەنگی بکردایە دەیانکرد گوللەبارانی

کوڕی کوردیان گەلێ کوشت نرخی گوللەشیان لەباوکی ساند
دەبوو ڕەفتاری فاشیشیان بەکارێکی ڕەوا بزانی

بەجارێ چوار هەزار گوندیان بە شۆفەڵ کردە وێرانە
ڕەزو باغ و درەختی کورد بەئاگر کەوتە سووتانی

سەدو هەشتا هەزار پیرو ژن و منداڵی ئەنفال کرد
هەمووی زیندە بەچاڵ کردن لەکۆمەڵ گۆڕی پەنهانی

سەدان کوردیـــان لــەناو فڕۆکــە لەئاسمانــدا فــڕێ دا خــوار
لــەژێر دار چــەند هــەزار گیــانی لەدەســت داهەربەلێــدانی

لەکەرکوک چەند هەزار کوردیان لەماڵ و حاڵی خۆی دەرکـرد
عەرەبیان خـستە جــێ لــەم شــارە بــۆ تــەعریب و گــۆڕانی

◆◆◆

# ئەنفال و کیمیا باران

ئەی ئە نجومـەنی ئـاسـایش ئەی نەتـــەوە یەکگـرتوەکان
ئەی کۆمەڵـەی مافـی مرۆڤ دژی تـــاوان و بـــەدخـووەکان

تـاکەی ویژدانتان نـابزوێ زمانـتـــان لـەم بـاره بـدوێ
بڵێن باماڤی ئەو گـــەلەش لەلایەن داگیر کـــەر نەخورێ

ئەو میللـەتە بەش خوراوە بەچـوار لایەن دابەشـکراوە
لەدەست شۆڤێنی چاوبرسی بەنـده بەژیـانی چەوســاوە

هەر چەکێکـی دروسـتکراوە لەکوردسـتان تـاقی کـراوە
خوێنی ئەو گەلەی پێ ڕژاوە ئەو گەلەی پـێ لەناو براوە

هۆلاکۆی چەرخی بیستەمین کە دیکتاتـۆریانی بەعـسین
بەگازی ژەهراوی و خەردەل لێـی دا لەخاکـی کوردنـشین

هەڵە بجەی شاری شەهیدان بەبـالیـسان و شـێخ وەسـان
هەمووی کیمیابـاران کردن لـــەنـاوی بـرد بـەهـەزاران

لاشــەی مــرۆڤ و ئـــــاژەڵان　　لەگەڵ مریشـك و جـوجەڵان
لەکوچە و شەقام تێکەڵ بوون　　بەلاشـەی پەپوولـەو مەلان

پێنج هەزار گوندی وێران کرد　　سـەرو مـاڵی بەتـاڵان بـرد
لەبەر چـاوی دایـك و بـاوك　　جگەر گۆشەی تیر بـاران کرد

جینۆسـایـد و خـوێـن ڕێـژی　　قەسـا بخانەی بـەڕەش کوژی
لـەگۆڕسـتـانی بەکـۆمەڵ　　لەکـورد بەکـار هـات لەدژی

بەچەندان لاوی نـەو نـەمام　　لەدینـگە پێچـران لەشـەقام
پارەی گولله ی گولله بـاران　　لـەبـاوکـی وەرگـێرا تەمـام

دووسـەد هەزار ژن و منـــداڵ　　هەموویـان کرد زیندە بەچاڵ
بـەگەنـج و پیـرو کـۆر پەوە　　بەنـاوی شـوم و بەدنـەنفال

چەندان کەسیان دەستگیر کردن　　بـۆنـاو فـرۆکـەیـان بـردن
لەئـاسـمان هەڵیان دانـە خوار　　هەمووی بێسەرو شـوێن مردن

بەندیخانەی پیاو و ژنان — مەرگ لێی خۆشتر بوو لەژیان
ژنیان لێ فەساد دەکردن — پیاویان لێ بۆ مەرگ دەبردن

هەلیکۆپتەر پڕ مستەشار — لادێ بەلادێ شار بەشار
ڕاوە کوردیان پێدەکردن — لەسەریان دادەنان گوشار

قەلاچۆی کورد و کوردستان — ئاگردانی باغ و بێستان
تەقاندنەوەی کانی و کارێز — ڕەگ کێشی درەخت و دارستان

لەکەرکوك و لە خانەقین — ئەوانە بوون کە عەفلەقین
ئازاری کوردانیان دەدا — بەدڵێکی زۆر پڕ لە قین

بە تەعریب و تەبعیس کردن — دژی ئەوانەی کە کوردن
لەماڵی خۆیان دەردەکرد — بەبێ ماڵ و بەبێ سامان

ئەوەیە حاڵی ئەم کوردە — لەدەست ئەم بەعسییە نامەردە
هەرچی کە پێی کرا کردی — مێژووش کردی بەسەر بردە

◆◆◆

## نەورۆز و ڕاپەڕین

گەڕاوە جەژنی نەورۆز
بەباران و بەهاتی
لە ساڵی ڕاپەڕین و
بۆ حوکمی دیموکراتی

مژدە لەشارو لادێ
دەنگی شادی ئەوا دێ
لەسەر هەر کێو و هەردێ
جەژنە لەگشت وڵاتی

هاوار دەکا خەڵکینە
بەسینەکی بێ کینە
بەچەك و بێ چەکینە
دەست لێك دەن بەبرایەتی

ڕۆژی هیوامان هەڵات
دوژمن لەبەرمان هەڵات
کوردستان بوو بەقەڵات
چەسپا هیواو ئاواتی

سەر لوتکەی هەر سەنگەرێ
بە کاوەی ئاسنگەرێ
بەرگری لێدەکرێ
بەهێزی هاووڵاتی

ئەمڕۆ شۆڕشی کاوە
لەم چەرخەدا گەڕاوە
زۆر توند سەری هەڵداوە
بۆکردنەوەی دوو پاتی

# شنەی هەریە سوڵتان

سـەردەمێکـی زۆرە کورد چـاوەڕێی ئەمـڕۆی دەکرد
کە دوژمن بکـاتە پـرد دیـارە ئەمـڕۆیـە کـاتی

ئـەوجا با بۆ لێك بـووردن هەمـوو لایەك هـەر کوردن
دەست لەدەست بێ تـامـردن دوریـن لـەکیـنایەتی

ئەوەی کەوا نـا پـاکـە باتەرکـی کـا ئێسـتاکە
ڕۆژی کـردەوەی چـاکە بۆ ڕابـردوو و داهـاتی

بەسیە با بۆ یەکـبوون بێ ناکۆکی تـوون بـەتوون بـێ
ئاشتی بەرەو پێش چوون بێ بـێ شـەڕو نەهـامـەتـی

تکایە گشتمان یـەك ڕێزبین بـڕوا و دەسـت لـەئامێـزبین
هەر کوردسـتـان پارێزبێن لـەژێـر سـایـەو ساباتـی

لـەنیشـتمانی بەریـن تێکـڕا باهـەڵمەت بەرین
تـۆی ناکـۆکی لابـەرین ڕو بکـەینە یـەك خەباتی

بـــۆ ڕا پەریـــن و نـــەورۆز  هەمـــوو بـــەدڵێکی پڕ سۆز
بیکەیـــن بەجەژنـــە پیرۆز  تـــاڕابـــێ مـــەرگـــە ســـاتی

کۆیە-١٩٩١

◆◆◆

# خۆری خەبات

خـــۆری خەبـــاتی خوێـناوی   ئەمـــــڕۆ هەڵیهێنــا چـاوی
لـــەجیهـــانی کوردســــتاندا   بەقـــوربـــانی لـە پێنـــاوی

ســـلأو لەئـــــازادی خـــوازی   موژدە لـــە مانــدووی ڕێیـــازی
ڕێی سەختی سەد ساڵەی بڕی   بەرەو ئـامـــانج و ئـامـــرازی

پێشـــڕەوی بیـــرو بـــاوەڕی   دژی دوژمـنــــــان ڕا پــــەڕی
سەرشـــاری هیوای قۆستەوە   هێزی تـــاوانـــی هەڵبـڕی

لەسەر لوتـکەی بەرزی ئـاوات   تیکی ســـەربەستی لێ هەلأت
لـەشـــەوە زەنگێــکی تـاریك   گزنـگی دایــە گشــــت ولأت

بەربـەیـــانێکی ســـروە دار   بۆ دوا ڕۆژێــکی پڕشـــنگدار
بۆ کورد هێنـــایە کــــایەوە   دەرچێ لەژێـر دەستی نەیار

ئەم بارو دۆخ و ئەم هـــەلە   کەســـاس بووە بۆ ئـەم گەلە
مەرجە پارێــزگاری کــرێ   بە پـــارێزگـــاری بێ هەڵە

لەسەر شانی کورد پێویستە    لەگەڵ ڕەوتی ئەم هەڵوێستە
هەنگاو بەهەستیاری بنێ    بەم جۆرەی کەبۆی پێویستە

کۆیە-١٩٩١

◆◆◆

# (٣)

## ژیانی کۆیە *

وەسفی ئەحواڵ و ژیانی شاری کۆیەم ئەلەمە
مەتڵەبە بیکەم کەوا زۆر لایەقی ژێر قەڵەمە

گوێگران گوێبیستی ئەم شارە بن ئاخۆ دەڵێن
چەندە شارێکی بە خاوەن بە پەرۆشی و کنەمە؟

چەشنی گۆمی بێ مەفەر پونگاوی پیسی داوتەوە
وەك لەشوورە کراوی هاتوچووی زۆر بۆ کەمە

باری بازاڕو کەسابەت ڕۆژ لە ڕۆژێ کزترە
خەڵکەکەی دووچار لە بێ ئیشی بەسیل و وەرەمە

* لە ساڵانی پەنجادا باری ژیان و گوزەرانی خەڵك و شاری کۆیە بەگشتی زۆر ناهەموار بووە، (جۆبار) لە خەمی خەڵك و شارەکەی لێواو لێو پڕ دەبێت و نالەباری گوزەران و ژیانی خەڵك زۆرکاری لێدەکات و نازانێ هاوار بۆ کێ بەرێ، ناچار بەم هۆنراوەیە سکاڵای دڵی هەڵدەڕێژێ بەڵکو خەم خۆرێك پەیابێت.

هێنـــــدە چـــۆڵ و هۆڵـــە بـــازار ماتـــەمی دای گرتـــووە
هەردوکانـــدارەو لـــە شـــوێنی خـــۆی مـــەلووڵ وەك ســـەنەمە

لەبـــەقاڵ و لەعـــەتار بگـــرە هـــەتا چـــینی توجـــارِ
چـــەند قرۆشـــێکی هەیـــە گـــشت قـــەرزو فـــەرزو ســـەلەمە

ڕۆژ لـــەدەردی دەستەوەســـتان شـــەو لەبـــەر بـــیرو خـــەیاڵ
نەخەبـــەر دارە لەخـــەو یانـــە لـــەخۆراك و جەمـــە

جـــۆری ڕێگـــاو بـــان لـــە جێـــی قیرِتـــاو ئـــەوا قورِتـــاو بـــووە
هـــەر ئوتومبێلـــەو لـــە گۆمـــاودا چـــەقیو وەك بەلەمـــە

هـــەر ئوتـــومبێلێ لـــە زســـتان دەربـــچێ لـــەم ڕێگەیـــە
وابـــزانن ئـــەم ئوتومبێلـــە لـــەدونیا یەکەمـــە

گـــەر کەســـێ نیـــازی ســـەفەرێ دەســـتی ژیـــن دەشـــوا لـــەخۆی
ڕووی لـــە ڕێـــی هـــات و نەهاتـــەو مـــەرگی هـــەردەم بەدەمـــە

# شنەی هەریە سوڵتان

باسی باری نالەباری شاری کۆیە خۆ ئەگەر
چەند ئەوەندەی دی بکەم هێشتا لەبیێکەم پلەمە

چارە بۆ دانیشتوان دوو ڕێگەیە گەر بۆی بکەن
کردنەوەی ڕێی ڕانیە کەشتی نوحە لەم بەحری غەمە

بێتو ڕێی کەرکوك و هەولێریش بەقیرتاو ساز نەبێ
دوورنیە هیچ کەس نەمێنێ و بارنەکا لەو هەرێمە

کۆیە–١٩٥٠

◆◆◆

# ئەنجامی شەڕ *

گەر بە بیرم دێتەوە ڕۆژی شەڕی ئەوسای جیهان
دڵ ئەکەوتە لەرزە یەکپا حالەتم دێتە هەژان

وەی خودا ئەو ڕۆژە تاڵەی من بەچاوی خۆم کە دیم
قەت نەکەی جارێکی دی بیخەیتە بەرچاوی گەلان

ئەم زەمینەی چەشنی بێســــــتان وگوڵستانی سەوز
گشتی ڕەش بووبوو لە دەست بۆمبای تەیارەی ئاسمان

ئەم هەموو خانوو و دوکان وقەسرو باغی پڕ درەخت
چۆڵ و وێران بوو لە بەر بێ خاوەنی خاپوور کران

چەند هەزار ماڵ ومناڵ بێکەس لە گۆڕا کەوتبوون
ژن لە قــوڕ پێوان وگــریانی منــاڵ بۆ پارچە نان

دەشت ودەر پڕبوو لە کیژو ئافرەتی برسی هەمووی
ڕووت و ڕەنگ زەرد و پەڕاگەندە وەکو مەڕ بێ شوان

* لەرۆژنامەی (ژین)ی ژمارە (١٣٧)، ١٩ی شوباتی ١٩٥٣ بڵاوبۆتەوە.

چەند کچی پاك بوون فەساد و دیلی دەســـت بێگانەکان
چەند هەزار کوڕ وا لەنێو بێشکان هەمووی زگ هەڵدڕان
ئەم هەموو لاوانی شۆخی خۆشەویستی دایك و باب
بون بەنیشانەی تفەنگ و تۆپ و تەعمەی سونگیان

سەیری هەر بن شاخ وکێویێکت دەکرد پڕبوو لەلەش
جەژن و شادی گورگ و ڕێوی بوو بە لاشــەی مردووان

ڕووی زەوی ســوربوو لە خوێن وئاســمان پڕ بوو لە تەم
کەس بە هانای کەس نەبوو تا باوك وڕۆڵەی میهرەبان

وەسفی ناسازی و ژیان گەر سەد ئەوەندەی تر بکەم
نسبەتی جۆبار لە گــەڵ بەحرێکە یــاران بێ گومان

◆◆◆

## زەمانە *

زەمانەو چەرخی گەردوون چۆن دەسووڕێ سەیریکەن ئێوە
کەچەند دەورو دوکان تێك چوو بزربوو چەند هەزار شێوە

هەزار سوڵتانی خاوەن عیززەت و جاهو جەلال ڕۆیی
کەخاکی قەلبی ئەمڕۆ گەردەلوولی ڕووی کەژو کێوە

مەنازە قەت بەماڵ و گەنجی دونیا ئەی مرۆڤ چونکە
کەمردی لەم هەموو چشتە دووسێ گەز جاوەکەت پێوە

بە دنیای بێوەفا بایی مەبە بەم ژینە کەم عومرە
بڵێی هەروا دەژیم و هەر دەمێنم وا لە پاڵ جێوە

* (جۆبار) لە تێڕوانینە فەلسەفیەکان بە دوور نەبووە، کێشەی ژیان و مردن وەك چۆن تاکو ئێستا لوغزێکە لە لای هزرناسان و فەیلەسوفەکان لای ئەویش هەر وابووە، لەم هۆنراوەیەدا هەوڵ ددات باری سەرنج وتێڕوانینی خۆی لەم باردوە بخاتە ڕوو. ئەم هۆنراوەیە ئەو سەردەمە لەلایەن (فەقێ احمدی حافف)و(حمدامین عباس) کە دوو مەقام بێژوو گۆرانی بێژی ناسراوی کۆیەن بە (کەبار) پێش نوێژی بەیانیان و ڕەمەزانان لە مزگەوتەکان بە مەقام دەیانگوت. لە ساڵی١٩٩٣ ێش (حمدامین عباس) بەهاوکاری (ڕێبین جمال)ی کلارنێت ژەن لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا لە کۆیە تۆماری کردووە.

# شەڕی هەریە سوڵتان

مەبەستە دڵ بەدونیا هیچ مەبە غافڵ لەخۆت یەك دەم
مەرگ دایم لەدوت عەودالە تا دەتخاتە ژێر پێوە

هەتا دەتوانی ڕێگەی چاکە بگرە دووربە لەخراپە
مەبە نیزیك خراپە ڕێگەیەکی بەد خواهە بکشێوە

گەلێ زۆردار لە دونیا داری بەد کاری رواند ئەوسا
گوناحی پڕ لەکۆڵی کردو کۆچی کردە ڕووی ڕێوە

هەزار ساڵ گەر بژی یان پاڵەوانی ڕۆژگاریش بی
دەبی تاڵاوی مەرگی هەر بچێژی سەد بڵێی دێوە

کەوا بوو تاکو ماوی هەر لەتۆ وەسیەت بێ ئەی ( جۆیار )
حەقیقەت چۆنە هەردەم تۆ زویان بەم جۆرە ببزێوە

کۆیە ١٩٥٢

◆ ◆ ◆

# خزمی خراپ

لەهەندێ خزم وەڕزم     لەدەستی بۆ دوور دەبەزم
چونکە ئەوەی ئەو پێم دەکا     هەرگیز پێم ناکا ناحەزم

دڵ دوژمن و ڕوودۆستمە     لەهەل کونکەری پۆستمە
گوێ مووچە بۆ لێقەومانم     چاوەڕێی کەوتنی کۆستمە

دەربارەم زۆر زیان بەخشە     لەدژم دەکێشێ نەخشە
سیخوڕی کارو بارمە     نەهێنیم بەدەمی پەخشە

دڵنیا نیم لەشەیتانی     لەنیازو دەست و زمانی
توشی سەد گەرداوم دەکا     گەر بکەومە بەر پیلانی

بێت و خوّی بۆلانەبەرم     دەهاوێ بەنیازی سەرم
گەر دەستیشی نەگاتە من     زرمە دێنێ لەسێبەرم

دژ دۆست و دۆستی دوژمنمە     ئاواتە خوازی کەوتنمە
هاوکارە بۆ کاری دژم     هەڵوێستی بۆ ڕێز بردنمە

زۆر حەزدەکا بمشکێنێ     یان شورەییم بدرکێنێ
نزمیم لای بەرزی خۆیەتی     سەد درۆم بۆدەڕسکێنێ

# شنەی هەریە سوڵتان

هەموو کەس خاوەن تەلاربێ      وانییەکە ئەویان لێ دیاربێ
بەلاّم کـــەمن شـــتێکم بوو      دەبـــێ لەســـەر دڵیان باربێ

لەخۆشیم دوورە بۆ لام بێت      لەخۆشیان بەناخۆشم دێن
جاتا خزمی وەهام هەبێ      پێم ناوێ هیچ دوژمنی خوێن

ئەوکاتـــە لێم بەئاوو خەنە      دەگـــرنەوە بەجام خەنە
گەر منیان دیـت لەناو ئاگر      ئەو دەمـە دەمی پێخەنە

جۆبار جاگەر تۆ هۆشمەندی      لەگەڵیان ببڕە پەیوەنـــدی
تادڵنیـــــابی لەشـــەڕیان      نەدۆست نەدوژمن ناوەندی

کۆیە-١٩٥٢

◆◆◆

# کوڕی ڕۆژ *

ئەی کوڕی ڕۆژ هەردەمەی تۆ ئارووزی باریێك دەکەی
کاتێ دڵداری لەهەر ساتێ لەگەڵ یاریێك دەکەی

چەشنی ڕەنگاڵە بەئەنواعی تەرز خۆت دەردەخەی
هەردەمەی بەرگێك دەپۆشی و جۆرە ڕەفتاریێك دەکەی

کەس نەبوو ڕەنگت بزانێ زەردی سووری یان ڕەشی
کاتێکی دەمزانی چییە ڕەنگت لە چۆن ماریێك دەکەی

گاهێ دەرویێشی بەزەرگ و دار عەساو کەشکۆڵەوە
گاهێ جەردەو ڕێگری تالانی بێچاریێك دەکەی

* (بیرو باوەڕ) لای جۆبار قودسیەتی خۆی هەبووە، کەسایەتی هیچ مرۆڤێکیش بەبێ ئەم دوانە تەواو نابێت. بۆیە کردەودی ئەو کەسانەی کە هەردەمە لەسەرپەتێك یاریان کردووەو خۆیان بەلایەك هەڵپەساردووە (جۆبار)ی تووڕە کردووەو وەك چاکسازێکی کۆمەڵایەتی ئەم هۆنراوەیەی پێشکەش بەوان کردووە، لەلایەك بۆ ناسینی ئەم جۆرە خەڵکەو لەلایەکی تریش بۆ خۆ بەدوورگرتنی خەڵك لەم جۆرە هەڵسوکەوتانە. ئەم شیعرە لەساڵی ١٩٦٠ بۆ یەمجار لە گۆڤاری(هیوا)دا بلاْوکراوەتەوە.

# شەری هەریە سوڵتان

سـەردەمێ بـەرماڵ بەشـانی، زاهیـدی، حـەی حـەی دەكـەی
گــاهێ شــەللاتی، بــەڕۆژو شــەو دزی شــارێك دەكــەی

دۆسـتی گـورگی كـاتی گۆشـت خـواردن بەچـە پڵەو ئافـەرین
ڕوو دەكەیتــە لای شــوانیش چەشــنە هاوارێــك دەكــەی

بــۆ بــەدی هێنــانی گــشت ئاما نجێكــت بلــوێر ژەنــی
لــێ دەدەی هــەردەم بــەنزمێ و مــەدحی سـەردارێك دەكـەی

یــان لەمزگــەوت ســەربەمەندیل بانگــدەری سـەرگومەتی
یــان لەمەیخانــە بــەیالێلی عــەجیب كارێــك دەكــەی

داخەكــەم پــەردەی نــەزانی عــەیبی تــۆی شــاردۆتەوە
بۆیــە تــۆش هــەر ڕۆژە وا پــەیرەو بــەبڕیارێك دەكــەی

كۆیە-١٩٦٠

◆ ◆ ◆

# شەوی شوم *

لــەم شــەوی شــوومە چ بانگێــك بــوو بــەگوێما دادرا
دەرگــەیی شــادی لەخــەڵکی شــاری کۆیــە داخــرا

ئــەم شــە پۆڵەی پــڕ پــە شــێو شــاری وەهــا داگرتــووە
کەس بەهانای کەس نییە نــەك دۆسـت هــەتا خزمـو بــرا

هــەرپیاوەو مــاڵ و منــداڵی ئــەوا رزگــار دەکــا
وان لەســـەر پـــشتی ئوتومبێـــل و ولاغ و ئێـــسترا

* دوای تێکچوونی نێوانی شۆڕشی کورد و حکومەتی ئەوسای عێراق لەساڵی ١٩٦٣، (حرس قومی) کە لە بەعسیەکان بوون دەستیان بە شاڵاو هێنان بۆ کوردستان کردو کەوتنە وێران کردن و گرتن و کوشتنی خەڵك بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕیزەکانی شۆڕشی کورد کاریان دەکرد. کاتێك هێرشی (حرس قومی) یەکان نزیك کەوتەوە لە شاری کۆیە ،لەبەر ئەوەی (جۆبار) ئەوسا ئەندامێکی کارای شۆڕش بوەو فەرمانی دەست گیرکردنیشی دەرچوو بوو، بۆیە ناچار بوو بەماڵ و مناڵەوە هەر ئەو شەوەی کە هەواڵی نزیك بونەوەی هێزەکانی (حرس قومی) لە کۆیەو هاتنی فڕۆکەکانیان بۆ بۆردومان کردنی کۆیە پێ دەگات لەگەڵ زۆربەی زۆری خەڵکی کۆیە هەر ئەو شەوە شار چۆڵ دەکەن. هەر ئەو شەوەش خێزانەکەی (جۆبار) کە دووگیان دەبێت منالی دەبێت، مناڵەکەش کچ دەبێت و (جۆبار) ناوی دەنێت (گۆچەر) لەبەر ئەوەی ئەوشەوە کۆچیان کردووەو شارەگەیان جێ هێشتوو. شاعیر ئەم ڕوداوەی بە شیعر هۆنیوەتەوەو بەم شێوەیە باسی دەکات.

هەر لەگوێی یەکتر دەچرپێنن خەڵك ئەو بەو دەڵێ
هەربزانە بۆ بەیانی شاری کۆ دابێژرا

بانگ لە میکرۆفۆنی مزگەوتی مەزن هەڵسا گوتی
خەڵکی شار ئەم شارە چۆڵ کەن ئەی گەلی خوشك و برا

شار شە پۆلی هێرشی چەندان فرۆکەی دێتە سەر
هەر سبەی گەردی بەیانی گورگ و سەگ بێ ئاشکرا

گەر ئەوەم بیست چووم کە هاوار بۆ دراوسێکان بەرم
دیم کەلەم شارە بەجارێ کەس نەماوەو چۆڵ کرا

ڕووم لەسەربان کرد چ دەنگێکم نەبیست یەك دەنگ نەبێ
کوندە بۆ دەیخوێند لەسەر تووی حەوشەکەی کۆنە سەرا

سەیر دەکەم من تاکە ماڵەم ماومەوە، وەك دەستی شووم
وامنی خستبێتە ناوبیرێکی تاریك بێ چرا

شــوێنی هــەنگاوم نــەماوە تــاکو هــەنگاو هــەڵگرم
مــاڵ و خێــزانم کــە رزگــار کــەم لــە کــوورەی ئــاگرا

واژنــــی ژانــــدار لــــەلایێ ناڵــــە نــــاڵیتی کــــەوا
دایکــی منــدالان لەمنــداڵ بوونــە بێکــەس بــێ ســەرا

دیمــەنی منــداڵ لە پرخــەی ئــەو خــەوی وا بــێ خــەیاڵ
چۆن کە بێ ئاگــان لــە دایــك و بــاوك و ئاشــووب و هــەرا

هــەر دەرو ژوورمــە لەگــەڵ بــەختی بــەدم وا شــەڕدەکەم
بۆچــی ئــەم رۆژەی مــە بــۆ ئــەم رۆژە تاڵــە هەڵگــەڕا

دەست و دامــان بــووم لــەمامان بــەڵکو لامــان بــێ کەچــی
دەرپــەڕی ڕۆیــی تکــای مــن کــوا لــە گــوێی ئــەو بیســترا

لای بــەیانی بــوو مــەلای مزگــەوت نــەمابوو بــۆ کــەبار
بــانگ لەلایــەن چــەند کەڵــە شــێری بــەجێماو خوێنــدرا

من ئومێد بڕ بـووم لـەخۆم پـوورم لـەناکاو بـانگی کـرد
ڕۆڵــە رزگــاربووین و پــەردەی غــەم لەســەرمان لابــرا

جامەلۆتکـــەو مـــاڵ و منـــداڵم لەشـــار هێنایـــە دەر
بــوین بەکۆچــەر ئــەو مەلۆتکــە شمان بەکۆچــەر نــاونرا

◆◆◆

# هاوسێی خراپ

هەندێ هاوسێ هەن مۆن و بن بڕن
هەروەك گورگێكن لە پێستی مەڕن

قیندار ناهەموار ڕەفتار نالەبار
لەزیان بەخشی یەكجار لەزەڕن

سەرزمان شەكرو بن زمان ژەهرن
هەمو بەدەنیان خوارو بەجەڕن

بەخیل و دڵ و دەروون ڕەشێكن
بەبالآیی كەس چاو هەڵنابڕن

بەگەشەی هاوسێ گەشكەی دەگرن
بەناخۆشیشیان خۆشیان ئەوپەڕن

لەدەســـت و زمـــان هەنـــدە ناپـــاكن
هـــەموو بـــەدەنیان لـــە پـــیلان گـــەرن

حەزدەكەن هـەموو گـەڕەك تێـك بـەردەن
جـابۆ تەماشـاش لـە جێـی لا پـەڕن

لـە چـاوەدێری وخـۆگرتن لەخـەڵك
لەچـرپەو بـاس و قـسەی لـەو جـڕن

ئەوەنـدەی كەغـەم لەخـەڵكان بخـۆن
وەك چـەقەڵی دێـم لاوازو لـەڕن

منـداڵ چاشـاوی ئـەم پەروەردەنـە
ئـەوەی لەمـشكیش بـێ هـەمیان دڕن

ئـەوە هاوسـێنە یـان دڵ ئاوسـێنە
ئـەوە مـرۆڤ نـین دڕنـدەی دڕن

پێویـــستە مـــرۆڤ خـــۆی دوورخاتـــەوە
لـــەم جـــۆرە کەســـەی کـــەوا بـــە فـــەڕن

چـــونکە منـــداڵت لەگـــەڵ منـــداڵی
لـــەدوا ڕۆژ وەك خـــۆت لەهـــەمان گـــەڕن

◆◆◆

# شیوەنی وریای خوارزام

لە شین و ماتەمینی کاکە وریا
هەموو ئەو چاوی دییووی بۆی دەگریا

لەدڵ دەیگوت کەقەت ئەم نەوجەوانەم
نەدیبایە هەزار بریا بەبریا

گوڵێک بوو لەبەهارێکی تەمەندا
بەدەستێکی ستەمکارانە وەریا

کە بێگانە لەبۆ ئەم شۆخە وابێ
خزم جا هەردەبێ قوڕکا بەسەریا

---

* لەساڵی ١٩٨٠ کاتێك شەڕی نێوان عێراق و ئێران دەستی پێکرد، (وریا)ی کوڕە بچوکەکەی خوشکی ناوەنجی جۆبار (هەیبەت)، لەو شەڕەدا سەرباز بووەو لە ناوچەی (سیف سعد) کە یەکێك بوو لە بەرەکانی شەڕ دەکوژرێ، ئەو کاتە (وریا) هێشتا گەنج بووە. هەیبەتی خوشکی داوای لێ دەکات هۆنراوەیەك بۆ سەر کێلی قەبرەکەی بنووسێ، (جۆبار)یش ئەم هۆنراوەیەی بۆ دەنووسێ.

بەتایبەت هەییەتی دایکی جگەر کول
کەوا هەر خۆی نەماوە هیچ بەبەریا

چ داغێك بوو بەجەرگی ئێمەوەی نا
چ تیرێك هات ئەوەی کرد بە سوپەریا

پەرێشانی برینی ژێری شان بوو
لە خۆشان کەس بەمان نەیکەوتە فریا

کۆیە-١٩٨٠

◆ ◆ ◆

## شیوەنی تاهیر تۆفیق *

لــە ناوباخــچەی هونــەردا شــاگوڵێکی گــەش وەری ئــەمڕۆ
لەلانــەی بولبــولانی کــورد بڵنــد بــوو دەنگــی شــین و ڕۆ

چــرایەکی بەشــەوقی کــۆڕی شــادی بــای مــەرگ لێــی دا
کەهاوتای ئــەو لەچــەرخێکدا بەشــاز جاگــەر ببــێ پەیــدا

وەکو مۆم خــۆی دەســووتاند تــاکو ڕوونــاکی بــدا بــۆ گــشت
هەتا ما خزمەتی کــرد بــۆ هونــەر هــەر ئــارەقی بــۆ ڕشــت

قوتا بخــانێکی گــۆرانی و مــەقامی بــۆ بــەجێ هێــشتین
کەلــەدوا ڕۆژ لــە قــالبێکی ڕەســەندا پــشی پــێ بەســتین

لــــەدەنگی شــــازو شــــێوازی بــــەدیهێنانی ئــــاوازی
دیــــارە تاییەتــــە ئــــەم بــــەهرە دارە ڕەوت و ڕێیــــازی

* ئـەم هۆنراوەیـە بـۆ کۆچـی دوایـی هونەرمەنـدی گـەل شـالوری کوردسـتان (تایـەر تۆفیـق) نوسـراوەو لەچـلەی ماتەمینیەکەی کە ساڵی ١٩٨٧ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە سازی کردبوو، (جۆبار) ئەم هۆنراوەیە پێشکەش بـە گیـانی پاکی ئەم کەڵە هونەرمەندە دەکات. شاعیر پەیوەندیەکی دۆستانەی لەگەڵ (تایەر تۆفیق)دا هەبووە.

بە پاکی هێشتەوە خۆی و مەقامی هەر ڕەسەن پاراست
بەسەر بەرز یی ژیاو نانی کەمی هەرگیز لەکەس نەخواست

بەگەنجی بوو بەشالووری ڕەزو ڕووبارو دەم کانی
لەگەڵ بولبول هەڤال بوون ئەو بەخوێندن ئەو بەگۆرانی

ڕەزی ئۆمەر خوچان و کانیلەی گەرمۆك بوو مەڵبەندی
کەسەرچاوەی حەمامۆك بوو بەسەرچاوەی هونەرمەندی

کەخاوەن تایەرە سەربەرزە کۆیە بەم هونەرمەندە
ئەگەرچی کاکە تایەر خۆی هونەرمەندی هەموو کوردە

کەلێمان کەوتە ماڵ ئاوا بەبێ منداڵ سەری ناوە
بەڵام ئەمرۆ بەهۆی بەهرەی وجاغ ڕۆنیشەو هەرماوە

لە ناوکۆمەڵ لەبەر دڵ خۆشەویست و بەرزو شوێندار بوو
لەکوردستان بەگشتی پایەدارو دیارو ناودار بوو

لـە بیـستی دەی هـەزارو نۆسـەدو هەشـتاو حـەوت دابـوو
کەئەسـتێرەی گەشـی گیـانی لـە ئاسـۆی ژینـی ئـاوا بـوو

بەڕێکـەوت کـۆچ و کـۆچ بـاری لەسـەر شـانان بـەڕێزداری
بەرەو سەر گۆڕی عارەبیـان لـە وێـش بـۆ مـاڵی یـەکجاری

کۆیە-١٩٨٧

◆ ◆ ◆

## دیمەنی ژیان *

شەو دەکەم بەڕۆژ ڕۆژ دەکەم بەشەو
بەڕۆژ هۆشیارو بەشەو چاو لەخەو
سامانی تەمەن ئەوا خەرج دەکەم
بەمێشکی ماندوو بەدڵەی نەسرەو

ژیان خەونێکە ئەوە دەبیینم
بەخاڵێك شادو دەخاڵ غەمگینم
بەهەورازو لێژ بەسەد کەوتنە گێژ
وابەڕێی دەکەم قۆناغی ژینم

لەگەڵ جیهاندا ژیان خوازیمە
لەگەڵ ژیاندا زۆران بازیمە
دۆڕانم گیانەو ناوبژیوان مەرگ
ئەوەش نیشانەی بێ دەربازیمە

* زۆرجار کێشەو گرفتەکانی ژیان مرۆڤ ڕەشبین دەکات، کاروانی ژیانیش کە پڕیەتی لەنەهامەتی و بەرزی و نزمی (جۆبار)ی بێ بەش نەکردووە لەو ساتە وەختانە. ئەم هۆنراوەیە لە ساتێکی بێ هیوایی و ڕەشبینی نووسراوە کەتیایدا شاعیر غەرقی ئەندێشەیەکی قوڵ بووە.

# شەریە سولتان

بەهارو هاوین پایزو زستان
بەدوای یەك دێن و دەچن بێ وەستان
بەکۆچی یاران بەمەرگی جوانان
بەدابڕانی هەڤاڵ و دۆستان.

بەکارەساتی دڵتەزێنەوە
بەدەردو بەلای لە نەهێنەوە
بەبەسەرهاتی چاوەڕێ نەکراو
گیرو گرفتیش نابڕێنەوە

بەیانیان کەرۆژ لێم دەبێتەوە
چاوم لەناو غەم دا دەکرێتەوە
گیرو گرفتێك جێ بەجێ دەکەم
یەکی دی لەپڕ جێی دەگرێتەوە

لەبەربینینی کاری نارەوا
ژیان بەخۆشی هەرگیز نارِوا
شریتی تەمەن غەم تۆمار دەکا
بەرووداوی وەك تیر لەدڵ ڕوا

تەمەن خۆی کورتە وەك پێچی مێزەر
بەم حەوکە حەوکو هەزار دەردی سەر
تۆماری ژیان بێ ئاگا دەڕوا
جا لە پڕ گورگی مەرگ دەگاتە سەر

ژیان هەروەکو دەست نوێژێك ئاوا
هەرچەند کەبیشۆی بەدل و داوا
لە ئە نجامیشدا بەفسێکی دەشکێ
دەبێ بەتۆبزی بکەی ماڵئاوا

کۆیە-١٩٩٠

◆◆◆

## زستانی دژ

زستانی دژو ڕووگرژ　　　بەفری تەمەنی توایەوە
بەهاری لاوی هات بەگژ　　　تا ماڵی پێ پێچایەوە

هەتاو ورگی هەوری دڕی　　　جیهانی خستە ڕووناکی
پە پوولەی ڕەنگین هەڵفڕی　　　لە سەرماو سۆڵ نەما باکی

زەوی سەهۆڵی هەڵمژی　　　گیاو گوڵ سەری هێنایەدەر
دا یخست فەرشی سەوزی قژی　　　لەدۆڵ و کێوو دەشت و دەر

قوڕاویلکەی دەم جۆگە ئاو　　　کەوتە خوێندن بە ئازادی
ڕانەمەڕ هاتەدەر لەناو　　　کادین کەوتە دەشتی شادی

دیمەنی دامەنی چیا　　　جوانی سروشت پیشان ئەدا
بۆ ژیانێکی دڵنیا　　　هەموو گیان لەبەرهان ئەدا

زستانی تۆقێنەر نەما　　　چینی بولبول بە گۆرانی
هاتنە هەڵپەڕین و سەما　　　ڕۆیشتن بۆ باغی جوانی

لە ڕێگــــادا قــەل و پـــە پۆ      کە چاویان کەوت بەم کۆمەڵە
گورج هەڵفڕین و هاتنــە خۆ      بەبــاڵ وەشـێن کەوتنە مەلە

خۆیان لەگەڵ تێکەڵ کردن      چوونــە پێشــەنگی بولبولان
بە هـــاوار و شـــالاو بردن      پڕیانکرد بوو گــۆی ئاســمان

بە دەنگی ناساز و نە شــاز      هەڵوێستی خـۆیـان دەربــڕی
لەوان زیــاتر بەبانگــەواز      پە پۆ دەیخوێنــد و قەل قــڕی

چوونــە دەورو بــەری گــوڵان      بە بانگی شادی و سەربەسـتی
دەیان لەقــاند لقــە چــڵان      گوتــیان نەمــا ژینی پەسـتی

خونچە گوڵانی ڕەنگــاو ڕەنگ      دەمیــــان بــەڕاز کــرایـــەوە
بە پەستی لێیان هاتنە دەنگ      زۆر تونــد وەرامیــــان دایــەوە

گوتیان بـاغ مەکەن بەشوێنی      قەلــــەڕەش و کــوندە پـە پـۆ
هاتوون بۆ ئاهەنگ شـێوێنی      نیــازیــــان پـــڕە لــــە درۆ

ئـەو ئـەکا دوعـای وێـرانی      ئـەوی تـر بۆ شـەڕ دەقـڕێ
بـەدڕەوشـتی تـا نەمـانـی      چاکـەی لـێ ناکـرێ چـاوەڕێ

◆◆◆

# کەوی خۆ خۆر

چـــومە ڕاوی کـــەو لەســـەر کێـــوان بـــە خـــۆ و تـــیر و کـــەوان
هـــەوڵی دەســـت کـــەوتم دەدا مـــاوەی گـــەلێك ڕۆژ و شـــەوان

کەوتمە گەشتی باسك و دەشتی وەك بەهەشتی ڕووی زەمـین
نیـــشتیمانی کـــەو گـــەلان دەمـــدیت بـــە پـــۆل پـــۆل و ڕەوان

هێنـــدەییێك و ڕێکوپێـــك و چوســـت و بـــۆ یـــەکتر بەهەســـت
یـــەك لـــەبۆ پاراســـتنی یـــەکتر دەبوونـــە پاســـەوان

قیـــت و قـــنج ســـوڕیان دەدا بـــە قاســـپە قاســـپ و بـــەق بـــەقو
بـــەم هـــەموو شـــادی بـــە ئـــازادی گـــوتم خۆزگـــەم بـــە وان

کەوتمـــە بـــەریان، دام بەســـەریان، تـــاکو نێـــچیر دەســـکەوێ
چـــەندی هەوڵمـــدا بـــە تـــیری ســـێرەدار تـــێم دەســـرەوان

بـــۆم نـــەگونجا هەڵکـــەوێ تـــەنها کـــەوێکم دەســـکەوێ
نرخـــی مانـــدوو بوونەکـــەم پـــێ بێنمـــەوە ڕاســـت و ڕەوان

کاتێ سـەیرم کـرد زەلامێـك هـات قەفـەس بـەو دەستییەوە
دەســـتەکەی دیـــشی کـــە تۆڕبـــوو پێـــی دەچـــوو لـــە تـــۆڕەوان

نـــاو قەفـــەس تـــەنها کـــەوێکی چاوەشـــی تێـــدا هـــەبوو
فیکـــەیان بـــۆ کردبـــا چـــیڕەی دەدایـــە بـــێ ســـرەوان

بـــردی لـــەولاوە کـــە داینـــاوە بـــە تـــۆڕ دەوری تـــەنی
دەنگـــی داو خۆمـــان حەشـــاردا زوو لـــە نـــاو قـــۆرت و گـــەوان

کەو کە قاسپەی هـات و دەنگـی کەوتـە بـەر گـوێی هەرکـەوێ
ڕێـــچکە کـــەو هـــاتن لـــە نێزیـــك و لـــە دوور بـــۆ جـــێ ژوان

بـوو بـە خوێنـدنیان بـە چـوار دەوری قەفـەس سووڕیان دەدا
بـــەو زمـــانی حـــاڵی خۆیـــان هاتنـــە گفـــت و گـــۆو دوان

کاتێ هۆشیار بوونەوە پێیان هەموو بەند بوو بە کۆت
کەوتنە فرکە و خۆ بە گۆڕدادان و هەڵزەقینەوان

چوین بە گورجی قارە برمان کرد هەموومان سەربڕین
دوو تەلیسمان گرتەوە بەشمان دەکردن دوان دوان

جا ئەوا بەم بۆنە بەم هۆنراوە ڕای خۆم دەربڕی
وا لە دوو شیعری دواییدا دەڵێم پاش تێڕوان

ئەم کەوانەی چاکترن بۆ ڕاو لە سەد تیر و کەوان
هەرکەوێ جاشاوی ڕاوچینە لە بۆ ڕاوی کەوان

◆◆◆

# ئەی تەمبەڵ

ئـەی تەمبـەڵی تەوەزل　　ئەی پار و گەورەی گو زل
تـۆ مافـی ژینـت نیـیە　　هـەر شـایانی بۆ ژێر گڵ

تۆ هەر دەخـــۆی و دەڕی　　بۆ ئیشـێك ڕانـا پــەڕی
شەرم و شـوورەیی ناكەی　　گوێ نادەیتە بەد فـەڕی

ئەگەر هەت بوو شەڵلاتی　　ئەگەر نەشت بوو لاتــی
گەلـۆری ناو كـۆمـەڵ و　　هیـچ و پـووچی وڵاتــی

تۆ نــان خـۆری جێگـری　　دەك شێر پە نجـە بتگری
ژین چۆن وا دەچێتە سەر　　تــوخوا تۆ قــەت نامری

خۆت لە گشـت كارێ لادا　　دەشڵێی چ بكـەم خوا نادا
تـاوانی تەمبـەڵـی خۆت　　گشـتی بـە پاڵ خـودا دا

درەختی بێ بەر و پـەلكی　　بێ سێـبەر و بـێ كەڵكـی
هی وەك تۆ لە ناو كۆمەڵ　　بار گرانین لەسەر خەڵكی

ئــەو لەشــەی دەیپــارێزی
بۆ نایەی تۆ ماندووی کەی

چوار ڕۆژی دی هەر دەڕزی
بۆ ژیــانێکی ســەربــەرزی

مــرۆڤ جوانــە بە پیــشــە
ئەوەی کە کار نەکەر بــێ

دەرمانی لەش هەر ئیشە
دەرداره هـەمیشــــــــە

هەر جوولأنەوە و چوستی
بژی بـازووی ئیـــش و کار

دە تخاتە تەندروســــتی
بمرێ تەمبــەڵی و سستی

◆◆◆

## ژنی نالەبار

داد و بێدادلە دەست ژن — بە بۆڵەی پیاوی دەکوژن
هەموو لەشیان گرفتە — زمان خراپ و درۆ بێژن

نە ڕاستیت بۆ دەسەلمێنن — نە دان بە هەڵە دا دێنن
نیازیان کە بەڕاست بۆ نەڕوا — ئەوجا بە درۆیان دەیرِوێنن

کە لەگەڵ پیاو کەوتە بیانوو — هەزار بیانوو دەگرێ بانوو
گەر هیچ نەبێ دەناڵێنێ — خۆی بە نەخۆش دەخاتە ڕوو

گەرمانی گرت کەوتە جەنە — سەد نەقیزەی لێ بژەنە
هەرگیز ڕێگای ڕاست ناگرێ — تا گەر بیدەی لە ژێر چەنە

بویتە ئارەزوو و مەبەستیان — پیاو کردنە ئامێری دەستیان
تا بە سەد هەڵەی دا بدەن — بە پێی تەسکی هۆش و هەستیان

دژی خزم و کەسی پیاون — خزمی خۆشیان لەسەر چاون
ئەندازەك لە خۆیان ناکەن — هێندە چەوت و ناتەواون

تـا بووكـن دوژمـنی خەسـوون   هەر چەقوی لە خەسووی دەسوون
هەر بووكن كە بوون بە خەسوو   ئەو كاتە بۆ خەسـوو بە سـوون

گەر هـەزار ڕەنـجی بۆ بـدەی   بێ منـەتـە لای ئـەو بـەدەی
هـەر شـتێكی نەگـاتە دڵ   دەم دەكـاتـەوە دەڵـێ دەی

ڕەنگە ئێمەش وەك خەڵكی بین   بە بەختیـاری بەسـەر بەرین
سـواڵكەر لـە ئێمە باشـترە   حاڵ نیـە ئێمـەی لـێ دەژیـن

چەنـدی دەكـەم نازانم كێـن   ئـەو بـە بەختـانەی ژن دەڵـێن
كە هەر مێـردی پێ دەشكێنن   بـەو بەڵگـەی نا دیـار و نەهێـن

خوایـە ئـەی ژنـی نـا لەبـار   دوور بـی لـە پیـاوی شـەرم دار
هەر تووشت بێ بە تووشی ئەو   پیاوانەی وەك خـۆت بەد ڕەفتار

◆ ◆ ◆

## ئافرەت

ئافرەت نیـوەی کۆمــەڵە | بەشـــێکی زۆر گـرنـگـە
پیاو لە جیهان بەبــێ ژن | هەمیشـە ژینــی تەنگـە

هەردووك پێکەوە جوانن | ڕەشـــماڵی سەر خێزانـــن
بۆ خۆشکردنی ژیانیـــان | هەردووك وەك یەك بەتەنگە

ژن ڕووناکی ناو مـــاڵە | ڕێکخـــەری مـاڵ و حاڵە
بەخێوکـــەری منـــداڵە | بۆ پیاو وەکو پاڵـسـەنگە

دڵسـۆزی نیشـــتمانـە | پاڵپـشـتی پشـــتمانە
غە مخـۆری گشـــتمانە | بۆ خێزان وەك شاهەنگە

دایکـــی ڕۆڵـەی دلـێرە | شـیردەری بێچـــوە شێرە
کەلـــە دوارۆژ ئەو مێرە | قارەمـــانێکی جەنگـــە

دایکی زانـــا و دانـــایە | کە دوارۆژ دەبـنە سـایە
بۆ گەل پشــت و پەنایە | ناودار وهەم بـەسـەنگە

ژن پێویستی سەرشانی
لەگەڵ مێرد شان بەشانی
منداڵ وا پەروەردەکەن
کە دوور لەناوو نەنگە

داك مامۆستای منداڵە
قوتا بخانەشیان ماڵە
منداڵ ئەوەی لێی فێربێ
لە مێشکی هەر لەزرنگە

منداڵ وەکو نەمامە
خوار هەڵچێ نا تەمامە
لە ئە نجام لەناو کۆمەڵ
ناشیرین و بەد ڕەنگە

بە تاییەتی بۆ کچ داك
دەبێ هۆشیار بی و بە باك
ڕەفتاری باشیان فێرکەن
ئەمە جوانی پڕشەنگە

جوانی لە ئافرەت نابێ
تەنیا لە شێوە دابێ
گەر لە ڕەفتاریش نەبێ
ئەم جوانییە لاسەنگە

◆◆◆

## ستایشی ڕەمەزان *

لێمان پیرۆزبێ مانگی ڕەمەزان
مانگی بەرات و فەرمانی یەزادان

مانگی دووربوونە لە کاری بەدکار
بەگۆڕینەوەی نەیاری بەیار

مانگی کەبار و یادکردنەوەی خوا
بۆ ژیانەوەی ئایین و بڕوا

مانگی یارمەتی دانی هەژاران
بۆ لێقەوماوان لە سامان داران

سەرفترە و زەکات کەوا سەپاوە
ئەوەی پێی دەشێ بۆ ئەو دانراوە

* لەساڵی ١٩٨٤ ئاکۆی کوڕی بایزی تایەراغا کردوویەتی بەگۆرانی و ئاوازی لەلایەن مامۆستا ئەنوەر تاهیرەوە بۆ دانراوەو لە تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمارکراوە.

ڕۆژو وەرزشــــــی تــــەن و نەفـــــسییە
ئاگـــا بوونـــەوەی تێـــر لـــە برســـییە

ڕێزگرتنــــی ئـــەم مانگـــە پێویـــستە
لەســـەر ئـــەو کەســـەی کـــە خـــوا پەرستە

کۆیە-١٩٦٨

◆◆◆

# جەژنە

ئـــەوا جەژنـــە وەرن ئـــەی دۆســـت و یـــاران
لـــــە لادێ و شـــــار و ڕەشمـــــاڵ و دەواران

چـــرای شـــادی دەبـــا هەڵکـــەین هـــەموو لا
لـــە شـــین و شـــایی هاوبەشـــبین لەمـــەولا

بـــە پـــاکی جەژنـــە پـــیرۆزە لـــە یـــەك کـــەین
بـــرای ئاوپـــشتی یـــەکتربین هـــەتا هـــەین

بەخۆشـــی پێکـــەوە بـــا دەســـت لەدەســـت بـــین
هەموو خـــاوەن بـــەڵێن و هـــۆش و هەســـت بـــین

خـــودا پێـــی خۆشـــە گـــەل ڕێـــك و تـــەبا بـــێ
لـــە بـــۆ هـــەردوو جیهـــان بەنـــدەی خـــودا بـــێ

هـــەموو ناکۆکییـــەك بـــا بنێنـــە لاوە
هـــەتا دووربـــین لـــە گـــشت دەرد و بـــەڵاوە

هـــەموو لا جـــەژنی پیرۆزبـــێ بـــە خۆشـــی
هـــەموو ســـاڵێ لـــە ئـــەم خۆشـــییە بنۆشـــی

◆◆◆

# شێخ

شێخ پەیدا بوو لەو سەریەوە
بەشاڵ تەنگەی کەمەریەوە
ڕیشەکەی پانی سەر سنگی
ژچەشنی جۆرکە بەسەریەوە

کە هات چوو بەرەو تەکییەوە
سۆفی لە پشت و تەکییەوە
بەدوو باغەڵی سەڵتەکەی
پڕ لەنوشتەو کشتەکییەوە

دوعای ئەو نەبێ لای خوا
دوعای کەسی دی ناخوا
خۆی لە کەران بار کردووە
جیهانیش بەفیلاّن دەخوا

ئەبو دوجانەو دێو بەندی
ئەگەر بیدا بەهەر چەندی
بەویژدانی ئەو هەرکەمە
هەر خۆی دەوێ و بەرژەوەندی

خۆشی و تەلار و ژنی جوان
پلە و پایە و شادی ژیان
لای ئەو شایستەی کەس نییە
خوا دای ناوە بەس بۆ ئەوان

دەروێش بۆی بوویتە سازندە
دەڵێ هەرچی دێو و جندە
هەمووی لە ژێر دەستی شێخەو
بەفەرمانی ئەو پابەندە

عیــادەکەی شیــخ هــەردەمــە
سەرقەڵەمانەی حەقدەستیش

بۆی نییە هەینی و پێنج شەمە
چەنــدی بۆی بــەری هەر کەمە

بێ مانــــدوو بــوون و ئــارەقە
بە پێی خۆی بۆی دێتــە ژووری

بــاری ڕاســت و کـــاری دەقـــە
بێ گیــرو گرفـــت و بــێ تەقە

کــەودەنــی مابێ لــەتەکــی
گیرفـــان و ورگــی هــەرپڕەو

لەســایەی نوشــتەو کشــتەکی
تــا مــاوە نــاکــەوێ پــەکــی

◆◆◆

## ستایش

ئەی خودا هاتوومە قاپی تۆ بەدەم پاڕانەوە
تۆ بەبەخشین و منیش بەکۆمەڵێک تاوانەوە

بۆتکای لێبوردنت هاتووم بەمەرجی تۆبەوە
بۆیە هیواداری لێخۆشبوونمە بەمەرجی تۆبەوە

نائومێد نابێ پەشیمانی کەتۆی بەخشندەبێ
گەر لەئاست فەرمانی تۆ باوەڕ بەتین و بەندە بێ

تۆکەزانا و بەندەناسی بۆ نەهێنی و ئاشکرا
خۆت دەزانی گەر لەکام لاوە خراپ یان ئاشکرا

تۆی کەیەزدانی زەمین و ئاسمان و گیان لەبەر
هەرچی تۆ نەیکەی بەفەرمان تا ئەبەد ناچێتەسەر

بۆیە خەڵکانت دروست کرد وەك گەل و تیرەو نــەوە
ئــەم جیاوازییــە وەکــو دیــاردەن لــە بۆنـاسـینەوە

کۆیلــەیکی وەك منــت بــۆ بــەکورد هێنـا جیهــان
تـا وڵاتم خۆش بویٚ ﴿حب الــوطن مــن الایمــان﴾

◆◆◆

## ئاغایەتی

ئاغایـەتـی ڕەزای گــرانـە هـەموو ڕابـردووی تاوانە
گـەل ڕەفتـاری لەبیر نــاکا هەر شایـستە بـەنەمـانـە

ئاغایەتـی و خێڵەکیـیەتی بۆ گەل دەبێتە نەگبـەتی
کۆسپن لەڕێی پێشـکەوتندا هەرگیـز بانەدرێ دەرفەتی

کاول کـەری مـاڵـی کوردن بـۆهێنـانـی دوژمـن پـردن
لەهەسـتی نـەتـەوایـەتی بـێ دەربەسـت و بـەراوردن

چـەوسێنـەرەوەی هـەژارن داگیـر کــەری زەوی و زارن
سەرانەو سـووڕانە سـتێنن بێ ویـژدان و سـتەم کارن

خەرمان سوتێن و پیاو کوژن چەوسێنەرەوە وخوێن مژن
کلکـو گـوێ بـڕی ئاژەڵـن بەمرۆڤـایەتـی و داد دژن

ئازاردەرن بەخـەڵك و خـوا تـاکو خۆیـان بکـەن بەخوا
بـەهـەڕەشـەو گوڕەشـەوە بەو نیـازەی کە وڵات بخوا

چونکــــە چینــی ئاغایــەتــی کەشــخەو زۆرداری غایــەیــتی
بەس ئەو کەســانەشیان دەوێ کە لە قســە بەبــەغایـــەتی

لای خویان هەر ئەوان پیاون بــەڕاڕایی دروســــتکـــراون
خەڵکی دی هەمووی جەرەبین مێشکیان بەم جۆرە ئاودراون

حازر خــۆری بەر ســــێبەرن هەمـــوو کەسیان لا نۆکــەرن
باریش لەسەر شـــانی خەڵك دەبێ کرنۆشـــیان بــۆ بــەرن

بێجگــە لەخۆیــان هەرکێــنە هــەمووی خولامــی دەرکـــێنە
هەرچەنــدە زانــاو دانــا بــی لایــان هــەر ڕەعــیەو مسکێنە

ئــــاغــایــەتی و دەرەبــەگــی یاخـــوا وشــك بــێ لــەڕەگـــی
ئاســـەواری ببـــڕێتــــــەوە لای هیچ کــەس نەمێنێ سەنگی

◆◆◆

## بۆ پەیمانگا

پەیمانگای تەکنیکی کۆیە    لە دوبەش زانیاری کۆیە
تاقانەی شارەکەمانەو    ئەستێرەی گەشی ئاسۆیە

خەلاتێکە بۆ ئەم شارە    جیّ پەنجەی ئەم چاکە دیارە
هەرگیز لەبیر ناچێتەوە    لای کەس ئەم کارە شاکارە

ئامۆژگەی ئامۆژگارییە    مەڵبەندی خوێندەوارییە
لەڕۆژی تەنگانەی وڵات    هێزی فریا گوزارییە

ئامانجی ئەم پەیمانگایە    پەروەردەی زاناو دانایە
تابۆ دوارۆژی کوردستان    بێت بەڕابەرو بەسایە

یانەی وانەو هەست و بیرە    خوێندنگەی خوێندکاری ژیرە
کە خامەی داهاتووی ئەوان    چەکی بەرگریو پشت گیرە

پیرۆز بێت ئەم زانستگەیە    کەهیوای خەڵکی کۆیە یە
ئەمڕۆ کەبۆیان هاتە دی    سەربەرزن بەم دەسکەوتەیە

بــۆ شــاری حاجــی قـــادری ئەگەر چەند ئەوەندەی تری
بۆبــکرێ هــەر ڕەوایـــەتی جێی پاداشـــتی بۆ ناگـــری

◆◆◆

# مرۆڤی نامرۆڤ

لـــە ناوکۆمـــەڵ مرۆڤـــی نـــامرۆڤ میکرۆبـــی نـــاوڕێزە
لـــە کاروبـــاری گـــشتی شـــایەنی هـــەردووره بـــاڵوێزە

سروشـــتی نا پەســـندو چـــەوت و نائەنـــدام و لاســـاری
لە ئـاوی لێـڵ هەمیـشە هـەر خـەریکی فیتنـە ئـەنگێزە

ڕەوشـــت و خـــوی دڕندانـــە وەکـــو خـــوی شـــێری تـــا پـــیری
هەزار لۆمەو سنوور بێ سوودە بـۆی وەك گومبـەت و گـوێزە

کـە پیـشەی پیوەدانـە دو پـشك وانییـە دژی کـەس بـێ
بەلام خـودی بـەد بـەکاری نـاڕەوا هـەروا لەسـەر تێـزە

لەدەســـتی وا زیانـــدەر مەرجـــە کۆمـــەڵگا بـــێزار بکـــرێ
لەوانـــەی تێکـــدەری ڕێـــزەو لـــەوەی لاواز کـــەری هێـــزە

کە ڕێگای دەستی تێکدەر بوو لـە سوچـێك بێتـە ناوکایـە
ئـیتر جـا بـاری ئـەودەم دێتـە سەرپـشتی کـەری دێـزە

لەهـەرلایێ کـە بێـدادی بـڵاو بـۆوە لـە ژێـر پـەردە
دزو حەس حەس لەگەڵ یەکدا ئەویش دەستیان لە ئـامێزە

لە سایەی گورگـەوە سـەگ پاسـەوانی حـەوش و ناومـاڵـە
هەتاکو گورگە بـۆر مـابێ سـەگیش نـان خـۆری بـەرمێزە

کە باغی ژین بەداد پەرژین نـەبێ درکـیش لەسـەر تێـزن
بەیـەك بـا جاهـەموو لایـێ دەخاتـە بـەردەمی نێـزە

کلیلـی بەرژەوەنـدی گـشت لەدەسـتی پـیس بپـارێزن
دەشێ هەر بـۆ بـڕین ئـەو دەستە پیسەی داد نـە پارێزە

کۆیە-١٩٩٢

◆◆◆

## بەدگۆ

ئەوانـــەی هـــەر خـــەریکی چـــاوەدێری و باســـی خەڵکینـــە
بـــەدەم تـــیری زمانیـــان دژ هـــەموو کـــەس هـــەر لـــە پێکینـــە

بـــەناوی ڕەخنـــەگیری هـــەر لـــە زامـــدارکردنی خـــەڵکن
کـــە گوایـــە لایـــەنی ڕاســـتی و تـــەبایی و داد و ڕێکینـــە

دەبـــا ســـەیرێکی ڕەفتـــاری کەچـــی خۆشـــیان بکـــەن داخـــۆ
بـــزانن کـــردەوەی وانـــیش لـــەڕێکین یـــا لـــە ڕێـــی کینـــە

لـــە چـــاوی خـــەڵکی دەرزی چـــاك دەبیـــنن هێنـــدە چـــاوتیژن
لـــە ســـوژنی چـــاوی خۆشـــیان دیـــدەیان کـــەم بـــین و نەشـــکینە

بەدەســـتی پـــیس لـــەناریش و لـــە بزمـــاریش دەدەن پێکـــرا
لـــە ویـــژدان بـــێ بەشـــن بۆیـــە ئـــەوەی خرا پـــە خەریکینـــە

بـــەدی خۆیـــان بـــەدی ناکـــەن لـــە بـــارەی نالەباریـــدا
کە بـــۆ هـــیچ کـــەس بـــەرو پـــشتیان نییـــەو هاوچەشـــنی نیـــسکینە

لە ژێر کۆڵی بەخیلی داوی غەم وای بەند و گیر کردوون
لەبەر چاوی ئەوان بەرزی هەموو کەس چەشنی درکینە

بەدەست دزن و بەچاو سیخوڕ بەدەم کارگەی درۆیانن
بە ڕەفتاریش لە هەر ئاژاوەیەکدا هۆیو ماکینە

لە خولیادان لە زانینی نهێنی گشت کەسێکی بن
بە سۆراغ لاپەڕەی حاڵی هەموو کەسیان لەبەرکینە

ئەوانە سوود پەرست و خۆ پەرست و هەڵ پەرستێکن
بە غەیری سوودی خۆیان دژبە سوودی گشت کەسێکینە

خودایە ناکەسانی وا لە کۆمەڵ هەر لەکەم دابن
لەوانەی هەستی لاساری وەها چەوتیان لە مێشکینە

کۆیە-١٩٩٩

◆◆◆

## هەتا گەنج بووم

هەتا گەنج بووم نەبوو پیریم لـەبیربێ
کەچی ئێستا ئـەوا پیریـم بـە پـیردێ

لـەلام وابـێ هـەتاسـەر وا دەمێـنم
بە شـۆخی خۆم بە پە نجەی داتەکێنم

خولی گە نجیم لەناکاو لێ بەسەرچوو
لە دڵدا شەوق و زەوق و شادی دەرچوو

ئەوا دێ سـاڵ بەساڵ خۆزگەم بە پار بێ
کـــە بـاری تەندروســتیم نـالەبـاربێ

وەك و سـەرقۆزی بن ئاڵۆز بە شـێوە
کەسیش نازانێ چەند حاڵم پەشێوە

بـەهـاری ژیـن بــە پایـز وەرزی گــۆڕا
کە ســامانی تەمـەن ژێـرخــانی دۆڕا

لەشادی لاوییەتیــیم دا بەشـــبڕاوم
لە گە نجی گە نجییەکەمدا بێ دراوم

سـەرو ڕیشـم سـپینە چەشـنی کافوور
وزەی چـاوم نـەمــاوە بۆ شــتی دوور

لە تەندا چەند نەخۆشی دەوری داوم
کە بۆ مەرگ دیارە دەست نیشان کراوم

لە ژانی لاق و پشتم تا کلێنجە
بە چوێڕی ڕەوتی ڕێی کردوومە لە نجە

دڵم ناکرێتەوە بۆ هیچ لەبەر غەم
دەیان گیر و گرفت بۆم بووینە هاودەم

ئیتر هەر ڕۆژ بەڕێکردنە ژیانم
هەمیشە چاوەڕێی مردنە ژیانم

هەموو ئەندامی لەش چیم بە قسە ناکا
گوڵی گە نجیم بەبای ئەو پیریە ژاکا

ژیانی پیریەتی هەر نا گزوولە
تەنیش هەر ڕۆژە لایەکی نەجووڵە

خەلاتیشی لە ئە نجامدا دەبینی
شەقەو گۆچانە بۆ خانە نشینی

◆◆◆

## لەسەر کێڵی گۆڕەکەی (نەسرین) نووسراوە:

نەسرین گوڵێك بوو لە یەکەم بـــەری
خونچەی تەمەنی سیـــس بـــوو هەڵـــوەری

لە تــــووولەی نەمامدا شـــــکایەوە
ئەو تـــازە شــۆخـــــەی وەك بووکی پەری

کچێکـــی هــەیــە بەنـــاوی ڕێزان
بـــێ دایــك مایـــەوە بـــۆ کوێـــرەوەری

◆◆◆

## بۆ نوری شەرەفی

بگـــرە بـــاوەش خـــۆت ئـــەی خـــاك ئـــەم لاوە
ئـــەم جوانـــە مەرگـــە كـــە نـــووری نـــاوە

تـــازە نـــەمامی بـــاعزی وڵات بـــوو
كـــە چـــی بـــای مـــەرگ لێـــی داو شـــكاوە

گـــەلێ ئـــاواتی هـــەبوو بـــۆ هونـــەر
ئـــاخ بـــە ناكـــامی وا ســـەری نـــاوە

بـــە كـــۆچ كردنـــی ئـــەم ڕۆڵـــە ژێـــرە
جـــەرگی هـــەزاران كـــەس داغ كـــراوە

◆ ◆ ◆

## چەند دێڕێکی بۆ حەمەئاغای کۆیە نووسیوە کە لەسەر کێلەکەی نووسراوە دەڵێ

بۆ دین و دونیا حەمە ئاغای کۆیە
لە چاکەو مەردی و بەخشندە کۆیە

لە گەڵ هەژاران بە زەیی داربوو
لە گەڵ بەد کاران دژو نەیار بوو

سایەی سەر شار و دەوروبەری بوو
لە بێدادی دا ئەو دادوەری بوو

ساڵی گرانی و ڕۆژی تەنگانە
ماڵی خۆی کردبوو بە فەقیرخانە

برسی کاتێك رووی لەماڵی دەکرد
ئەو بەدەستی خۆی نانی بۆ دەبرد

◆◆◆

## بۆ شێخ حەمە صالح بورهان نوری و کچەکانی کە لە ماڵەکەی خۆیان شەهید کران دەڵێ:

ئەم تـــازە بـــووکـــی تـــارا خوێنـــاوی    ئـــەم کیـــژە کـــوردە نـــازدارە نـــاوی
بە دەستی ســـتەم بە گوللـــەی نا پاك    ئەم نـــازدارەیـــان بە نـــاحـــەق نـاخـــاك
شێخ حەمە صالحی پیاوچاکی پیاوان    کـــەی وا ڕەوابـــوو ببـــرێ لـــە نـــاوان
چۆن دەکـــرێ تـاوان لەگـــەڵ بێ تـاوان    ویژدان تـاساوە هەمـــووی لە تـــاوان
ئـــەم تـازە بووکـــەی تـارا خوێنـــــاوە    ئەم کیژە کـــوردە کە هێـــرۆی ناوە
بە دەستی ســـتەم بە گوللـــەی نا پاك    ئەم نـــازدارەیـــان بە نـاحەق نـــاخاك

◆◆◆

**ئەم چەند دێرە شیعرە (جۆبار) بۆ کۆچی دوایی هاوژینەکەی نووسیویەتی لەسەر مەزارگەکەی**

وا بەجێت هێشتم لە غەمگەی ژیان
با بۆت زاری کەم لە مان تا نەمان

ئەو شارە بێ ی تۆ لە لای من چۆڵە
مەرگت لە جەرگم برینی قۆڵە

لە دڵ دەرناچێ لە هەموو کاتم
هەر بزانە منیش کە بۆلات هاتم

◆◆◆

## وتاری (جۆبار) بۆ ئارامی کوڕی

ڕۆڵـە ئـارام تـۆش ئـەوا ڕێـگـەی ژیـانـت کـەوتـە بـەر
پـڕ لـە ئـاژاوە و غـەم و کـۆسـپـە و هـەزاران دەردی سەر

جـا وەرە گـوێ بـگـرە بـۆ وەعـزم هـەتـا بـۆت دابـدەم
بـۆت بـەیان کەم پـەیـڕەوی ئینسان کەوا هەییێ لەسەر

خـاوەنـی عـیلـم و شـەرەف بـۆ گـشـت کـەسـێکی لازمـە
پـاك ڕەوشـتـی و خـوێـندنە سـەر بـەرز ئەکا دائیم بەشەر

ثـروەتـە بـۆ ئـادەمـیـزاد عـزەتـی نـەفـس و حـەیـا
بۆوی پـەخـشی گـیان دەبـێتە مـایەی ئـازایی و هـونەر

سـودی گـەل هەرگـیز لـە پـێنـاو سودی خۆتا دانەنێ ی
ڕێـی حـەقـیـقەت ون نـەکـەی بۆ ڕێی خراپ و بێ مەفـەر

خـۆت بـە یـەك ڕەنـگ دەرخـە نەك هەر ڕۆژە ڕەنگێکت هەبێ
قـەد نـەکـەی تـەعـقـیـبی هـیـچ کـرداری بێ سـوود و ثمر

ژەهـری ڕەنـجـی خـۆت بـنۆشە شـەربەتی غـەیرەت نەوێ
هـــەر بــە شـخصـی خـۆت بـنازە نەك بە خزمان و سەجەر

چـــاو مـە پـۆشـە حـەق لـەسەر ( جـۆبـار ) ی باوكیشـــت بڵێ
چـونـكـە پـۆڵای حـەق بـەرامـبەر تیغی ناحەق وەك سـووپەر

كۆیە

◆◆◆

---

ئەو شیعرە لە گۆڤاری هەتاو ژمارە ( ٦١ ) لە ٣٠ ی نیسانی ساڵی ١٩٥٦ بڵاو كراوەتەوە لە لایـەن كـاك ڕابەری سەید برایم دۆزرایەوە .

# ئەنجامی خراپە

برادەر سەردەمـێ خاوەن فرۆش بووم     بە دەعیە و پڕ هەواو جۆش و خرۆش بووم
کەسم لا پیاو نەبوو تەنها مەگەر خۆم     لە ناپاکی و خراپی چاو نەپۆش بووم
بە فەخر و لە نجە بووم بۆ سەر هەژاران     لە گوفتاری حەیاو و جوێن فرۆش بووم
بە مەغروری و بەد خوویی و ڕەوشتی     لە فتنە و شەڕ بە دائیم هەر لە جۆش بووم
خیانەت پیشە بووم دەرحەق براگەل     لەناموس چونی خەڵکا بێ پەرۆش بووم
بە زۆری هەر مریدی سەر قومار و     لە مەیخانەی فەسادی بادە نۆش بووم
لە ڕێ چەوی و نەفامیم چاك دەئاژۆ     هەتاك و داخلی خانەی قەلۆش بووم
کە ساد و سوك و ڕیسوا بووم بە جارێ     کە سەیرم کرد لە سەد لا کون لەکۆش بووم
ئەوێستاش مستحقم بۆ ڕەزالەت     کە بەم چەشنە بەدو بێ عەقڵ و هۆش بووم

◆◆◆

کۆیە

---

ئەم شیعرە لە گۆڤاری هەتاو ژمارە ( ٦٦ ) لە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٦ بڵاو کراوەتەوە لە لایەن کاك ڕابەری سەیدبرایم دۆزرایەوە .

# نەورۆزی ڕزگاری

جــەژنــی نــەورۆز هــاتــەوە ڕۆژی نــوێــی کــوردان هــەڵات
خــاکــی کــوردســتــان بــەرامــبــەر دوژمــنــان بــوو بــە قەڵا

ئـەو زوحـاکـەی مـافـی ئـازادی لـەگـەل پـێـشێل دەکرد
کـەوتـە بـەر لافـاوی وشـیـاری بـەرەو فـەوتـانـی برد

دیـمـەنـی جـوانـی سـروشـتـی ئـەم خـاکـە ڕازایـەوە
وەك بـەهـەشـتـی سـەر زەمـیـنـە نـیشتیمانی ئەو نەوە

ئـەم وڵاتــە جـێـی خـەبـات و ڕا پـەڕیـن و شــۆڕشــە
قــور بــەســەر داگـیـرکـەران تـازە لـێـی نـاکەن گەشە

ئەم شیعرە لە لایەن هونەرمەند ( ئیبراهیم سابیر ) ئاوازی بۆ دانراوە .

(٤)

## ڕێوی و کەڵەشێر

لە گوندێك کە چۆڵ کرابوو    سەگ وکەڵەشێرێك مابوو
سەگ لەحەوشەو ئەو لە سەر دار    بانگی دەدا بە چوار کەنار
ڕێوییێکی برسی لەم ناوە    گوێی بەم دەنگە زرنگاوە
بە پارێز هات بە لایەوە    تاگەیشتە بن پایەوە
گوتی ئەی مامۆستای تەمام    هاتوم کە بۆم ببیە ئیمام
ئەوا بەم دەنگە خۆشەوە    ئەم بانگە پڕ لە جۆشەوە
وا بانگت داو لێ بویتەوە    لای خوا قەت ون نابێ ئەوە
وەرە خوارێ لە سەرداری    هەتاکو نوێژ ماوە جارێ
پێش نوێژەکەشم بۆ بکە    خێرە بە قەد چوونە مەککە
کەڵەشێر وتی ئەی ڕێوی    تۆش بچۆ حەوشەی ئەو دیوی
ڕێوی کە سەری بردە ژوور    سەگێکی گەورەی دیت لە دوور
لەو حەوشەدا پاڵ کەوتووە    بە خەو خەریکەو نوستووە

بەبێ هەست بۆی کشایەوە          هەڵات ئاوڕی نەدایەوە
ئەنجامی ئەم شەش وپێشە          مست گەڕایەوە لە درێشە

کۆیە-١٩٧٧

◆◆◆

## مشك و پشیله

مشکەك لە کون دەهاتـــە دەر — پشیلەی وەســـتابوو بەرامـبەر
لە تــرســانــا گەڕایـــەوە — خـــۆی لە ناو کونـــدا نایـەوە
پشـــیلە بانگی لە مشـــکەدا — گوتـــی وەرە تـــۆ بـــی خـودا
تا گرەوێکت لە گـــەڵ بکـــەم — گـەر دۆڕاندم مـەرج بێ بیدەم
لـەو کــون وەرە تـا ئەو کـونە — گـــەر هـــاتـــی دۆڕانـــی منـــە
سەد زێڕی زەردت پێشکەش بی — لەم قـــازا نجە بـــۆ بێ بەش بی
مشـــك گوتی کـاکی پشـیلـە — مـن شـارەزای تـۆم لـە حیـلە
رێ بـــەم ڕێگـــایە دوورەوە — تـــۆش بـــەم بەڵێنـــە زۆرەوە
دیـــارە شـتێکی تێـــدایـــە — نایکـــەم هـــەی هی منت وەدایە
بیســـتوومە کە گـــوتویـــانە — لـــە مێشـــکمـــدا بویتـــە وانـــە
دەڵێن کە ڕیشـــی چاو برسی — دەبێ بـــە قینـــگی مفلـــیســـی

کۆیە-١٩٨٩

## قوتابی

وەرن ئـــەی منـاڵینـــە  پە پـوولەی بـێ باڵینـــە
بەس لەکۆڵان یاری کـەن  خۆ لەخوێندن لاری نەکەن
با بچین بۆ قوتـابـخانە  بـــۆ وەرگـــرتـــنی وانـــە
ئێمە نەوەی دوارۆژیــــن  بۆ خزمەتی گەل هـاتووین
لەسـەر ئێـمە پێویســـتە  کەوا بـــەم بیـری هـــەستـە
خـزمەتی نیشـتمان کەین  هـەوڵی خۆمـان بەرپا کـەین

◆◆◆

# بەشی دووەم

# حەکایەت و چیرۆکەو نووسین و دیمانەکانی جۆبار

# چیرۆکی کوڕە لاسارو باوکە

دەگێڕنـەوە کـە کابرایـەك کـوڕێکی زۆر لاساری هـەبوو، هیـچی بـە قـسەی باوکی نەدەکرد. ئەوەی باوکی پێی گوتبایە ئەو پێچەوانەکەی دەکـرد. ڕۆژێـك باوك و کـوڕە کـە هاتنـە شـاری بـۆ ئـەوەی کـەل و پـەل و خواردەمـەنی لەشـار بکـڕن بیبەنـەوە بـۆ لادێ بـۆ مـاڵی خۆیـان چـەند ولاغیـشیان هێنـابوو لەگـەڵ خۆیـان کـە مێـوژو گـوێز و دارو ڕەژوویـان لێ بـارکردبوو. کـە گەیـشتنە شـاری هەرچی پێیان بوو فرۆشتیان و هەر بەو پـارە جـل و بـەرگ و شـەکرو چایەو پێویستی خۆیان کڕیو لە ولاغانیان بارکرد و گەڕانەوە بۆ لادێ بۆ ماڵێ. بەلام ڕووبارێکی پان و بەرینیان لەسەر ڕێ بوو هاتن کە گەیشتنە سـەر ڕووبارەکـە، ولاغیان لە ڕوبار کرد. لـە ناوەڕاسـتی ڕووبارەکـە بـاری گـوێ درێـژێکیان خـوار بوو ئەویش شەکر بوو، کوڕەکە لەنزیك بارە شـەکرەکە بـوو بـاوکی زۆر دوور بـوو سـەیری کـرد تـا دەگاتـە بـارە شـەکرەکە ڕاسـتی بکاتـەوە بـارە شـەکرەکە دەکەوتە ناو ڕووبارەکە نەشی دەوێرا بە کوڕەکەی بلێ ئەم بارە شـەکرە ڕاسـت کەوە نەبادا بەپێچەوانە بیکا، باوکە زۆر پەرێشان بـوو نـەی دەزانـی چـی بکـا. پاشـان لەبـەر ئـەوەی کـە بارەشـەکرەکە هاتـە نزیـك ئـەوەی کـە بکەوێتـە نـاو ڕوبارەکەوە گوتی وا چاکە هەر وەکو جاران هەرچی بـە کوڕەکـەم دەگـوت بـە پێچەوانە دەیکرد ئێستاش هـەر بـە پێچەوانە دەیکا، هـاواری کـردە کوڕەکـەی گـوتی دا کـوڕم ئـەم بـارە شـەکرە بێخـە کوڕەکـە ئـەم قـسەی لـە بـاوکی بیـست پاڵێکی بە بارەشەکرەکەوە ناو ڕاست خستییە ناو ڕووبارەکە، باوکی کە ئەوەی دیت چاوی چووە پشتی سەری و گوتی (کوڕم خودا تەمەن کورتت کا کـەی تـۆ هیـچت بـە قـسەی مـن کـردووە، هەرچـی مـن گـوتبێتم تـۆ هـەر بـە پێچەوانە کردووتـە بۆچـی ئـەوەت ڕاسـتەو ڕاسـت بەقـسەی کـردم ؟ کوڕەکـە گـوتی : بابەگیان بۆ تورە دەبی ئەدی نابێ هەرنـەبی لـە سـەد قـسە قـسەیەکت بەقـسە بکەم ؟ ئەوا ئەوەم بە قسەی کردی تا نەڵێی کوڕەکەم هیچم بەقسە ناکا.

## پیرێژنی بەر ئاوێنە

دەگێڕنــەوە کــە ئــافرەتێکی زۆر جــوان و ڕێــك هــەبوو، شــەو و ڕۆژ بــەر ئاوێنەی بەر نەدەدا هەر خەریکی خۆ ڕێکخستن بوو کە سەیری دەمووچاوی خـۆی دەکـرد زۆر بـە پرشـنگداری دەهاتـە بـەر چاوی. پاشـان سـاڵ و زەمـان تێپەڕی ئافرەتەکە پیر بوو چرچو لۆچی لـە دەمووچاوی پەیـدا بـوو بـەڵام ئــەوکاتیش هــەر پیرێــژنێکی تــەڕولوس بــوو و بــەر ئاوێنــەی بەرنــەدەدا و هەرچــەندجاری دەچــووە بــەر ئاوێنــەو وێنــەی خــۆی تێــدا دەدیــت زۆر بەناشیرینی دەهاتە بەر چاوی، ئـەوجا دەیگوت: یـاخوا عـەمری ئاوێنـەی ئـەم زەمانە نەمێنی بەخوا ئاوێنەی خراپ پەیدا بووە ڕەنگی خـەڵکی چـەند تێـك دەدەن و ناشیرینی دەکەن، ئاوێنەی جاران چەند چاك بـوون ڕەنگـی خـەڵکیان چەند جوان پیشان دەدا وەکو ئاوێنەی ئێستا نەیانـدەگۆڕی. پیرێـژن ناشـیرین بوونی خۆی دەدا پاڵ ئاوێنە نەك پیر بوونی خۆی.

## کابرای قرچۆك

دەگێڕنەوە کە کابرایەکی زۆر قرچۆك و ڕەزیـل هـەبوو بـە درێـژایی ژیـانی کاری دەکردو پەیدای دەکرد بێ ئەوەی جارێك پوولێـك بـۆ خـۆی خـەرج بکـاو جارێك نەفسەکەی خۆی تێر بکا،هەر خـەریکی ئـەوە بـوو ئەگـەر لـە شـوێنێك مەولوود یان خێر بکرابا خۆی تێ دەکرد، یان لە نانەواخانەکان گوێچکە نـانی سوتاوی دەوروبەری کوورەکـەی کـۆ دەکـردەوەو دەیخـوارد، ئـەو پـارەو پوولـەی پەیداشی دەکرد لە ژوورەکەی خۆی دەیخـستە نـاو دەرزی دیـواری بـەبێ ژمـار، چەنـدان ساڵی پێچوو ئەو هەر کارو کاسبی دەکـردو پەیـدای دەکـردو دەیخـستە ناو دەرزی دیـواری. کـوڕێکی هـەژار مـاڵی لەتـەك مـاڵی ئـەو بـوو، زۆر دەسـت کورت و شەرم بـەخۆ بوو،هەرچـەند دەیکـرد نـانی بـە دۆی ڕانەدەگـەیی و بـە

ڕەبەنی دەژیاو کەسی نەبوو بەلاّم نەیدەهێشت کەس تێی بگات کە ئەوەندە هەژارە. ئەوجا دەڵێ کە کابرای قرچۆك و ڕەزیل بۆ ماوەی چەند ساڵ هەر پەیدای کردو پارەکەی خستە ناو دەرزی دیوار تا وای لێهات دیوارەکە باری زۆر قورس بوو، لە دیوی کوڕە هەژارەکە دیوارەکە تلەکی پارە وەکو دەغڵی گەرومەی ئاش جێگەی خۆی کردەوەو دەهاتە خوار. کوڕە هەژارەکە کە هاتەوەو چوو بۆ ژوورەکەی خۆی سەیری کرد کۆمەڵە پارەیەك لەدیوار هاتوەتە خوار وای زانی کە خەزێنەی دۆزیوەتەوە، هەڵسا شیشەیەکی هێناو وردە وردە کونی دیوارەکەی گەورەکرد تا وای لێکرد هەرچی پارەی ناو دیوارەکە هەبوو هەمووی هێنایە دەر. ئەوجا دەرگای بە خێرانی لێ بوەوە و دەستی کرد بە کاسبی و معامەلە. ناومالێکی خۆشی ڕێکخست و کچێکی دراوسێیان هەبوو کە چەند ساڵ بوو بۆی دەسووتا بەلاّم ڕووی نەبوونی ڕەش بێ بۆی نەدەکرا بیهێنێ. ئەوجا ناردییە خوازبێنی و بەزەبری پارە هێنای. ڕۆژی بووك گواستنەوە چەند ئافرەتی بەکرێ گرت بۆ چێشت لێنان،داوەتی هەموو هاوسێ و دۆستانی خۆی کرد یەك لەهاوسێکانی کابرای قرچۆك و ڕەزیل بوو کە ئێوارە لە پێش هەموو خەڵکەکە چوو بۆ نان خواردن. کاتێ نان دانراو خەڵکەکە دەستی کرد بە نان خواردن، کابرای قرچۆك یەکەم پارو کەخستییە ناو دەمی لە قورگی گیر بوو هەرچی کردی بۆی نەچووە خوار هەرچەند ئاویان بە گەرووی داکرد سوودی نەدا. ئەوجا کابرای قرچۆك هاواری کرد گوتی:دەبێ ئەم چێشتە بەپارەی من لێنرابێ. ئەوەی گوت و گیانی دەرچوو.

## پیرولاوەکان

دەگێڕنـەوە کـە جارێـك لـە جـاران نـاکۆکی کەوتـە نێـوان پـیر و لاوان. کـار گەیشتە ئەو ڕادەی کە لەشکریان لەیەك کرد.

ئـەم هەواڵـە گەیـشتە گـوێی کـچ و کـاڵان و گوتیـان جـا چـۆن پـیر بـە لاوان دەوێرن. کە ڕۆژی شەڕی نێوان پیرو لاوان داهات کیژوکاڵان هـەموو کۆبونـەوە کـە بـچن بـۆ سـەیرکردنی ئـەم شـەڕە، باوڕیـشیان وەهـا بـوو کـە هـەر لاوەکـان دەیبەنەوە، بەلاّم چوونەکەیان تەنها بۆ ئەوە بوو، کە پیرەکـان شـکان گاڵتـەیان پـێ بکەن و هەلاّیان بۆ لێدەن. دەڵێ کەشەڕ دەستی پێکـرد ماوەیـەکی پێـچوو خودا وای کرد لاوەکان شکان و ڕوویان لە هەلاّتن کرد. پیرەکان چاوەڕێی ئـەوە بوون کـە کـچ و کـاڵ گاڵتـە بەشـکاو بکـەن، بـەلاّم لـەجیاتی گاڵتـە پێکردنیـان کیژوکاڵەکان دەیان گـوت: سـەیری ئـەم لاوانـە چـەند جوان ڕادەگـەن و چـەند قیتن دەڵێی کارمامزن.

## مەلاو جەردە

دەگێڕنەوە جارێکی مەلایەك لە گونـدێك دەچـوو بـۆ گونـدێکی دی. لـەڕێگا توشی کابرایەکی جەردە بوو، بوون بە هاوڕێگا و بـە جووتـە دەڕۆیـشتن. مـەلا جل و بەرگێکی زۆر جوان و پـاك و بـەنرخی لەبـەر بـوو. کـابرای جـەردە بـە مەلای گوت :مامۆستا من جەردەم خەڵك ڕووت دەکەم. مەلا کەوتە ئامۆژگاری کردنی کە نەکەی ئەم کردەوانە بکەی خودا لەعنەتی لەم کردەوانە کـردووە و ڕۆژی قیامەت خودا سزای ئەم جۆرە خراپانە زۆر بەتوندی دەداتەوە و گەلێك ئایـەت و حەدیـسی بـۆ خوێنـدەوە تـا هێـوری کـردەوە. ماوەیـەکی دی پێـچوو دیـسان کـابرای جـەردە گـوتی : مامۆسـتا شـەیتان پـێم دەڵـێ مـەلا ئـەم جـل و بەرگەی لەبەردایە بایی پارەیـەکی زۆرە بـۆ ڕووتـی ناکـەی ؟ مـەلا هاتـە وەرام

گوتی: ئای لەچاوی منت کەوی نەکەی بەقسەی ئەو لەعینە بکەی بە لەعنەتی بکە نیازی ئەوەیە لەلای خودا سەرشۆڕت کا توشی ئاگری دۆزەخت بکا. دیسان کابرای جەردەی کردەوە. ماوەیەکی دی ڕۆیشتن کابرای جەردە گوتی: مامۆستا دەزانی شەیتان دیسان هاتوەتەوە ئەم جارە پێم دەڵێ تۆ سەد لیرەت لە باخەڵدایە ئەم هەموو پارەت بۆ چییە؟ نیوەی ئەو پارە بدە بە مەلا بۆ ئەو چاکە خزمەتی ئایین دەکا. ئەوجا مەلا سەرێکی باداو ڕووی لە کابرای جەردەکرد گوتی: وەڵاهی خۆ مرۆڤ جارجار بە قسەی شەیتان بکا باشە.

## خاوەن ئەسپی شێ

کابرایەك هەبوو ئەسپێکی شێی زۆر چاکی هەبوو، چوار براش هەبوون کە ماڵیان لە نزیك ماڵی ئەم خاوەن ئەسپە بوو زۆر تەماعیان لەم ئەسپە کردبوو هەر چەندە دەچوون پارەیەکی زۆر باشیان پێ دەدا کابرای خاوەن ئەسپ پێی نەدەفرۆشتن. بەڵام ئەو چوار برایە شەووڕۆژ خولیای ئەم ئەسپە بوون و شەووڕۆژ باسیان دەکرد. ئەم چوار برایە دایکێکیان هەبوو تەمەنی پەنجا ساڵ دەبوو زۆر غەمی دڵی کوڕەکانی بوو، ڕۆژێك هەڵسا چوو بۆ لای کابرای خاوەن ئەسپ بۆ ئەوەی تکای لێ بکا ئەسپەکەیان پێ بفرۆشێ. کابرای خاوەن ئەسپ لە وەرامدا گوتی: من ئەم ئەشپە بە پارە نافرۆشم بە کوڕەکانت بەڵام ئەگەر تۆم دەدەنێ لەبری ئەسپەکە ئەوە دەیانەدەمێ. دایکی کوڕەکان هاتەوە بە کوڕەکانی گەت : ئەگەر ئێوە ڕێگام پێ بدەن من ئەسپی شێتان بۆ لەبەردەستی ئەم کابرایە دەردێنم. کوڕەکان لەبەر ئەوەی زۆر مەراقی ئەو ئەسپەیان کردبوو بە دایکیان گوت:تۆ هەرچی دەیکەی ئێمە ڕازین. ژنە هەڵسا چوو خۆی لە کابرا مارە کردوو سەری ئەسپی شێی ڕاکێشا بۆ کوڕەکانی. هینا ساڵیش بەرەو زستان دەچوو ئەوجا کابرای خاوەن ئەسپیش

دایکی کوڕەکانی گواستەوەو سێ مانگەی زستانی لەگەڵ ژنە بەڕێکرد تا گەیشتنەوە سەرەتای بەهار. ژنە پەلپو بیانووی بەکابرا گرت لەگەڵ یەك بەشەڕ هاتن و لە ئەنجامدا ژنە خۆی پێ بە تەڵاقدان دا و هاتەوە ماڵێ کوڕەکانی. ئەوجا ئەم ژنەو ئەو کابرایە بەندو بالۆرەیان بۆ یەکتری هەڵدەبەست و دەنارد. ژنەکە بە کابرای دەگوت بەم هەڵبەستە :-

**پیرەمێردی قون هەمبانەی تڕان**
**بە سەد فێڵ و فڕان**
**ئەسپی شێم لێ ستاندی بۆ کوڕان**

**کابراش لە وەرام بە ژنەکەی دەگوت بەم هەڵبەستە :-**

**هەرسێ مانگی زستانێ**
**لینگم گەیاندییە ئاسمانێ**
**دامنا ئەسپی شێ تۆپی لە گاڕانێ**

## کابراو سێ کوڕەکەی

کابرایەك هەبوو سێ کوڕی هەبوو، کوڕەکانی هەرسێك عازەب بوون ژنی بۆ هیچ کامیان نەهێنابوو. شەوێك دانیشتبوون لەگەڵ ژنەکەی تەگبیریان دەکرد کە ژن بۆ کوڕی گەورەیان بێنن. هەریەك کچێکیان هەڵدا لە دوایی باوکی کوڕەکان گوتی: من دۆستێکی زۆر کۆنم هەیە کچێکی زۆر جوانی هەیە با ئەوی بۆ بێنین. هەموو بەوە ڕازی بوون و گوتیان بەیانی دەچینە خوازبێنی. کوڕی گچکە گوتی:نایەڵم کەس ئەو خوازبێنیە بکا هەر خۆم بەیانی دەچم. بۆ بەیانی کوڕی گچکە بەرچایی خواردو خۆی داپێچا و

ڕۆیشت بۆ خوازبێنی. کە گەیشتە بەر قاپی بێ ئەوەی لە دەرگا بدا ملی لەژووریێ نا و سلاوی کردو لەسەر ئەرزی ڕووت دانیشت. دایکی کچە ڕاپەڕی دۆشەگی هێنا کە بۆی داخا بەلام کوڕەکە نەیهێشت و گوتی: دۆشەگم ناوێ لەسەر مووی قوونی خۆم دادەنیشم، ئەوجا ڕووی لە دایکی کچەکە کردو گوتی: ئێمە دۆستی کۆنی یەکترین هاتووم بۆ خوازبێنی کچەکەتان بۆ برا گەورەکەم. دایکی کچە لەبەر ئەوەی زۆر دڵی بەقسەی ئەم کوڕە گیرابوو کە گوتی لەسەر مووی قوونی خۆم دادەنیشم، لەوەرام گوتی: ئێمە تەنها ئەم کچەمان هەیە دڵمان نایە لەخۆمانی دووربکەینەوە لەبەر ئەوە بە مێردی نادەین. کوڕەکە کە ئەمەی بیست هەستا لێیدا ڕۆیشت و چۆوە ماڵێ هەموو چاوەڕێی بوون کە چووە پێش لێیان پرسی چی بوو لە وەرامدا گوتی: دەڵێن بە مێردی نادەین. کوڕی ناوەنجی ڕاست بۆوە گوتی:من دەمزانی تۆ چیت پێ ناکرێ ئێستا من دەچم ئەو کارە جێبەجێ دەکەم، ڕاست بۆوەو لێیدا ڕۆیشت بۆ ماڵێ کچەکە و ڕاستەوخۆ چووە ژوورەوەو سلاوی کردو ئەو دۆشەگەی بۆ براکەی داخرابوو هەر لەوێ مابوو لەسەر دۆشەگەکە دانیشت و ڕووی لە دایکی کچەکە کردوو گوتی: کچی ئێوەمان هەڵبژاردووە لەو شارە کەچی ئێوە ئێمە بەلاوە دەنێن دەترسم براکەم نەیزانیبێ خوازبێنیەکە بکا. دایکی کچە گوتی: براکەت هاتووە ئەم دۆشەگەم بۆ ڕاخستووە لەولاوە دانیشتووە دەڵێ من لەسەر مووی قوونی خۆم دادەنیشم. کوڕی ناوەنجی کە ئەم قسەی بیست گوتی: ئای لە قوڕێی نێم درۆ دەکا وەلاهی سەد جارم گاوە شتاقە مووی بە قونێوە نییە لەسەری دانیشێ. دایکی کچەکە ئەمەی بیست هەموو مووی لەشی بوو بە نەشتەرو گوتی: کوڕم خواحافیزت بێ ئێمە کچی خۆمان بە مێرد نادەین یاڵلا بۆ دەرەوە. کوڕە هەڵسا و گەڕایەوە ماڵەوە و لێیان پرسی تۆ چیت کرد گوتی: دایکی کچەکە دەڵێ ئێمە کچی خۆمان بەمێرد نادەین. ئەوجا باوکی کوڕەکان ڕاست بۆوەو گوتی: ئەم کارە بەخۆم نەبێ بە کەس

ناکرێ و لێیدا ڕۆیشت بۆ ماڵی کچەکە. باوکی کوڕەکان لە دەرگای داو چووە ژوورەوە و سڵاوی کردو دانیشت. ڕووی لەدایکی کچەکە کردو گوتی: ئێوە دۆستی کۆنی منن، ئێمە حەز بە خزمایەتی ئێوە دەکەین هۆی چییە ڕازی نین بە خزمایەتیمان؟ ژنەکە قسەی هەردوو کوڕەکانی بۆ گێڕایەوەو گوتی: وادیارە ئێوە قەومی لوتن دەنا چۆن برا شتی وا لەگەڵ برا دەکات، ئێمە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە تێکەڵ نابین هەڵسە خواحافیزت بێ. کابرا ڕووی لەژنەکە کردو گوتی: عاجز مەبە کوڕە گەورەکەم وەکو ئەو دوو کوڕەی دیم حەرامزادە نییە بەتایبەتی کوڕی گچکەم زۆر ناپەسندە، وەڵاهی ڕۆژێك بارە دارێکم کڕیبو هێنامەوە ماڵەوە دارەکەم خست سەیرم کرد گوێ درێژەکە ماکەر بوو منیش هەوەسم هەڵساو خەریکی ماکەرەکە بووم ئەم کوڕە گچکەم لە دواوە هات پخخەیەکی لێکردم هەندەی نەمابوو هینەکەم لەناو هینی ماکەرەکە بپسێ ئەوە ئەو جۆرە بیژییەیە.

کە دایکی کچەکە ئەمەی بیست هەڵساو دەرگای حەوشەی کردەوەو کابرای بە دەرەوە نا. کابرا گەڕاوە ماڵەوەو هەموویان بە پیلیەوە هاتن و گوتیان شێری یان ڕیوی ؟ کابرا لە وەرامدا گوتی : بەخوا زۆرم لەگەڵ دایکی کچە کرد سوودی نەدا. ئەمجارە ژنەکەی هەڵسا سەرپێ و گوتی: یاخوا عەمرتان نەمێنێ بە هەمووتان ژنێکی وەکو منتان تێ نابێ ،ئێستا دەچم بزانن چۆن جێبەجێی دەکەم. دایکە لێیدا ڕۆیشت بۆ ماڵی کچەکە. لە دەرگا چووە ژوورەوەو ئەوڵاو ئەوڵای دایکی کچەی ماچ کردوو گوتی: خوشکی خۆشەویستم ئێمە ئێوەمان زۆر خۆش دەوێ دەمانەوێ لێتان نزیك بینەوە چی ڕەوای حەقە دارمان بە ورگیەوە دەنێ ؟ خۆ خوانە خواستە چ قسەیەکی وا نەکراوە لە ڕووت تۆ وا پەست بووی ؟ دایکی کچەکە گوتی بەرێ وەڵا زۆر پەستم. دایکی کوڕەکان گوتی: دە بۆم بگێڕەوە بزانم خوازبێنی کردنەکەیان چۆن بوو. دایکی کچەش قسەی کوڕی گچکەو کوڕی ناوەنجی بۆ گێڕایەوەو گوتی ئەوجا

باوکیشیان باسی ئەوەم بۆ دەکا کە چۆن لەگەڵ ماکەر جووت بووەو چوتە زگ ماکەر. دایکی کوڕەکان کە ئەمەی بیست ڕووی لە دایکی کچە کردو گوتی: خوشکم بڵێم چی بەدبەختییە باوکی ئەم کوڕانەم هێندە گێل و نەزانە، عالەم ئەوە بەژنی ئەو خەنی بوون ئەویش بۆ من دەچێتە زگ ماکەر.

## دێوی ئاشی ئاغەرێ

ئاشی ئاغەرێ دەکەوێتە سەرووی ڕۆژئاوای شاری کۆیە، دەگێڕنەوە کە ئەم ئاشە لە زەمانی کۆن هەر ئاشەوانێکی چوبایە سەر یەکەم شەو ئاشەوانەکە دەمرد. وای لێ دێ کەس ناوێرێ بچێتە سەر ئەم ئاشە. کابرایەکی زۆر بە جەرگ و بەهۆش دەکەوێتە مەراقی ئەوەی ئەم نهێنیە تاقیبکاتەوە و بزانێ ئەمە چییە. هەڵدەستێ دەچێتە لای خاوەن ئاشەکە و ئاشەکەی بە کرێیەکی کەم بە زەمان دەگرێ و دەچێتە سەر ئاشەکە و دەست دەکات بە خاوێن کردنەوەو ڕێکخستنی و ئینجا ئاوی لەسەر دەکاو ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە هەر خەریکی دەبێت. کە شەو دادێت کابرا ئاشەکە دەنوێنێ و دادەنیشێ چاوەڕێی ڕووداو دەکات تاکو دووبەشی شەوەکە دەڕوات و یەك بەشی دەمێنێت هەر نانوێ و بەلەسەرپێیی و ئامادەیی چاوەڕێ دەکا. کاتێك لەناو ئاشەکە هەست و خوستێك پەیدا دەبێت. کابرای ئاشەوان تەماشا دەکات دێوێك لەبەرامبەری پەیدا دەبێت. کابرا بەسەرسامیەوە لە بەرامبەری دەوەستێ و خەریك دەبێ ترس لەناو دڵی دروست دەبێ، بەڵام غیرەت دەداتە بەر خۆیی و گەسکێك دەست دەداتێ و خۆی بەماڵینی ئاشەکە خەریك دەکات و چاوێکیشی لە دێوەکە دەبێ. دێوەکە دەچێ گەسکەکە لە کابرا وەردەگرێ و دەست دەکات بە ماڵینی ئاشەکە. وای لێدێ هەر کارێکی کابرای ئاشەوان دەیکا دێوەکەش هەمان کار دووبارە دەکاتەوە. ئەو شەوە بەهەر جۆرێك دەبێ کابرای ئاشەوان

خۆی ڕادەگرێ تا بەیانی. کاتێك لەبەرەبەیاندا دێوەکە بۆی دەردەچێ و لەبەر چاوی ئاشەوان ون دەبێت. کە ڕۆژ دەبێتەوە ئاشەوان دێتە شاری و دوو جەڕەی ئاو پەیدا دەکات و یەکیان پڕ لە نەوت دەکات و ئەوی تریش بە بەتاڵی هەڵدەگرێ لەگەڵ دوو شەمچە (شقارتە) لە باخەڵی دەنێی و بەرەو ئاش بۆی هەڵدەکشێ. کە دەگاتەوە ئاشەکە جەڕە بەتاڵەکەش پڕ دەکات لە ئاو و لەگەڵ جەڕە نەوتەکە لە تەنیشت یەکیان دادەنێ و هەریەکیان شەمچەیەکیان (شقارتەیەکیان) لەسەر دادەنێ بەڵام نیشانیان دەکا کامیان نەوتەو کامیان ئاوە. کابرای ئاشەوان تاگو شەو دادێ خۆی دەخافڵێنێ و خۆی بەکارەوە سەرقاڵ دەکات تاکو وەکو شەوی پێشوو درەنگ دادێ. کاتێك دێوەکە پەیدا دەبێتەوە و وەك شەوی ڕابردوو دێتەوە بەرامبەر کابرای ئاشەوان و دیسان دەست دەکا بە دووبارەکردنەوەی کردەوەکانی کابرای ئاشەوان. ئینجا کابرای ئاشەوان دەست دەبا بۆ جەڕە ئاوەکەو بەتەوقی سەری خۆی دادەکا، دێوەکەش وەك ئەو دەست دەبا بۆ جەڕە نەوتەکەو بە تەوقی سەری خۆی دادەکا. ئینجا کابرای ئاشەوان دەنکێك شقارتە لێ دەداو بە خۆیەوە دەنێ، دێوەکەش بە شقارتەی سەر جەڕەکەی بەخۆی داگرد دەنکێك شقارتە لێ دەدات و بە خۆیەوە دەنێ، دەست بەجێ دێوەکە ئاگری تێبەردەبێ تا دەبێتە خەڵووز.

# شێر و ڕێوی

جارێکی ڕیویەك لە کونەکەی هاتە دەروو چوە سەر بەرزاییەك کاتیش بەیانی بوو تازە ڕۆژهەڵاتبوو. ڕیویەکە ئاوڕێکی لە تەنیشتی خۆی داوە چاوی بە سێبەری خۆی کەوت خۆی زۆر بەگەورە هاتە بەرچاو. لە دڵی خۆیدا زۆر لە خۆی بایی بوو. نەختێك ڕۆیشت تووشی شێرێکی زۆر پیرو بێ هێز بوو. شێرەکە سڵاوی لە ڕیوی کردو گوتی:قەت هەندەك خواردن نییە بمدەیتێ ئەوا دەمرم لە برسان. ڕیوی گوتی: وەرە ببە بە پیاوی من و دانیش بەوەدا بنێ کە من شێرم و تۆ ڕیوی. شێرەکە لەبەر ئەوەی پەکی کەوتبوو گوتی: بابە من ڕیویم و تۆ شێری. بەیەکەوە دەستیان بە ڕۆیشتن کرد و چاویان دەگێڕا بۆ نێچیرێك و لەولاوە مەلێکی باڵ شکاویان بینی، ڕیویەکە تاوی دایەو گرتی و هێنای لەگەڵ شێرەکە خواردیان. کەمێکی دی ڕۆیشتن چاویان کەوت بە کەروێشکێك، ڕیوی پەلاماری ئەویشی داو گرتی و تێکی شکاند و هێنای لەگەڵ شێرەکە خواردیان. ڕیوی کە لەم دوو پەلامارە سەرکەوت هێندەی تر لەخۆی بایی بوو. تاوێکی تر ڕۆیشتن ئەم جارە لە دوورەوە چاویان بە هێسترێك کەوت. شێرەکە ڕووی لە ڕیویەکە کردو پێی گوت: ئاغام ئەم هێسترە نێچیرێکی زۆر باشە بەشی چەندین ڕۆژمان دەکات خۆتی بگەیەنێ. ڕیوی بەو سەرگەرمییە پاریزێکی برد بۆ هێسترەکە تا گەیشتە نزیکی، هێسترەکەش نەیکردە نامەردی و جووتەیەکی لە تەختی نیوچەوانی ڕیویەکە دا و خستیە گۆڕێ و ڕیویەکە دەمی پێك دادا. شێرەکە چوە سەر لاشەکەیی و گوتی:بەخوا هەر ڕیوی بووی بەلام لەسەر من ببوی بەشێر.

## کابرای بن لێفە

جارێکی دوو کابرای هەژار لە حوجرەی خانێك دەخەون، بە هەردووکیان لێفێکی دوو کەسی بە ڕۆژەوە دەکرن کە هەردووکیان پێی بخەون. کە شەو دادێ دونیاش زۆر ساردو سەرما دەبێت کابراییکی دیش لێیان بە ژوور دەکەوێ بۆ ئەوەی ئەویش لەو حوجرە بخەوێ بەلاّم هیچ پێخەفی پێ نابێ. کە کاتی خەوتن دادێ دوو کەسەکە دەچنە بن لێفەکەو لێی دەخەون، کابرای دیش بەرامبەریان دادەنیشێ تا توانای نامێنێ و لەسەرمان هەڵدەستێ خۆی لەبەینی هەردوو کەسەکە دەکوتێو لێی ڕادەکشێ. دووکەسەکە لەگەرمەی خەو دەبن بەلاّم لەبەر ئەوەی هەر یەکەیان لایەکی بۆش دەبێ دەکەونە مرقە مرق و جولە جول، کابرای ناوەندێش لێیان بە دەنگ دێو دەڵێ : ئێستا ئەو جولە جولەو مرقەمرقەتان لە چییە بزانن قەت ئەمن لە جێی خۆم دەجولێمەوە و وەك ئێوە دەکەم.

## کابرای ژن مردوو

جارێکی کابرایەك ژنی مردبوو چوارپێنج کوڕی بە ژن و ماڵی دەبێ، شەو هەموویان لە دەوری یەك دادەنیشن و هەیەك قسەیەك دەکەن، لەمیانەی قسەکردنەکانیشدا کوڕی گەورە دەڵێ : برایانم ئێمە گوێ درێژێکمان هەیە با بیفرۆشین و پارەکەی بدەین بە ژن بۆ باوکمان. پاشان قسەکە دەبڕێتەوەو قسەی دیکەی بەسەر دادێ. باوکەش هەر چاوەڕێ دەکا باسی ژن هێنانەکەی بێتەوە گۆڕێ بەلاّم کەس ئەو باسە ناکاتەوە. پاش ماوەیەك باوکەکە تەحەمولی نامێنێ و سەر بڵند دەکاو دەڵێ : ئێوە باسی کەرەکە بکەن لەوباسە قۆڕانە باشترە.

## کابرای تەلاقی خوارد

کابرایەك کەرێکی هەبوو زۆر ڕەوان و گورج بوو، کە باری دەکرد تا دەگەیشتە جێگای خۆی پێویستی بە حەچەحەچکردن و هۆشەکردن نەبوو، ئەوەندە بە دڵی کابرای دەهاتوو دەچوو لە کاروان و هاتوچۆ بۆیە ڕۆژێك کابرا تەلاقی خوارد کە جارێکی دی پێی نەڵێ کەر هێندەی لەلا عاقڵ بوو. جا دەڵێ ڕۆژێکی کابرا لەشاری دەگەڕایەوە بارە شەکرێکی لە کەرەکە بار کردبوو و بە پێشە خۆی دابوو و وردە وردە لە دواوەی دەڕۆیشت. لە بەینی شارو گوندەکەیان ڕووبارێك هەبوو دەبوایە لە هەردوو سەران لەم ڕووبارە بدەن، هەموو جارێش ئەو کابرایە ئەم کەرەی پێ بووەو پەڕیوەتەوە لەو ڕوبارە بەبێ گرفت. ئەم جارە کەرەکە بەبارە شەکرەوە هات تا گەیشتە ناوەندی ڕووبارەکە لەوێ ڕاوەستاو پاڵ کەوت. کابرا کە ئەمەی دیت بەرامبەری وەستاو قومی لە سبیلەکە دەداو نەیدەوێرا بڵێ کەری چونکە تەلاقی دەکەوت، بەناچاری بە دەوری دەسوڕاو دەیگوت :بەخوا هەر هەوی.

## شێری پیر

لە بێشەیێك کۆمەڵێك شێر هەبوون، لە نێوان هەموویان شێرێکی زۆر پیر هەبوو کە بە هەموویان خواردنیان بۆ دەهێنا. ڕۆژێك شێرەکان گوتیان ئەوا سەرما داهات ئەم شێرە پیرەی ئێمە لێرە ناژی سەرمای دەبێ لازمە جێگەیەکی گەرمو گوڕی بۆ پەیدا کەین. هەڵسان گەڕان تاکو ئەشکەوتێکی گەرم و گوڕیان بۆ دۆزیەوە و بردیانە ناو ئەشکەوتەکەو دایاناو هەموو ڕۆژێ سەریان دەداو خواردنیان بۆ دەبرد. ڕۆژێکیان هەموویان هاتنە لای هەواڵیان

پرسی گوتیان:خۆ هیچ ناخۆشیت نییە ؟ شێرە پیرەکە لە وەرامدا گوتی: ناوەلاّ ئێوە خۆش بن هیچ ناخۆشیم نییە بەلاّم کە شەو دادێ دەمم ناکەوتە سەر یەك کە خەویشم لێ دەکەوێ مشك دێنە ناو دەمم و ئەو خواردنەی چویتە ناو کەلێنی ددانەکانم دەریدێنن و دەیخۆن بەوە زۆر نارحەتم دەکەن. شێرەکان گوتیان وا باشە ئێمە پشیلە پەیدا بکەین بۆ ئەوەی پاسی بکات لە مشکان. هەلّسان چوون دوو پشیلەیان هێنا یەکی نێرەو یەکی مێیە تاکو پێکەوە بخافلێن و نەرۆن لە ئەشکەوتەکە. ئەوجا دووپشیلەکەیان لە ئەشکەوتەکە لەلای شێرەکە بەرەلاّ کردوو هەموو رۆژێ گۆشتێکی زۆریان بۆ شێرەکە دەهێناو پشیلەکانیش لەگەلّیان دەخوارد. وای لێهات مشکێك نەیدەوێرا سەر دەربێنێ و پشیلەکانیش لەبەر تێری بەباهاتن و پاش ماوەیەك بوون بە خاوەن شەش حەوت فەرخە. وردە وردە فەرخەکانیش گەورە بوون و هەمان رەفتاری باوکو دایکیان دەکرد لەگەلّ مشکان. رۆژێك دوو پشیلە داکانەو بابانەکە هەوەسی سەفەرێکیان هەلّسا، گوتیان خۆ جێگەمان چۆلّ نییە بانگی فەرخەکانیان کردوو گوتیان : ئێمە دەچینە گەشتێکی دووسێ رۆژی ئێوە لێرە بن وەکو ئێمە پاسی شێرەکە بکەن لە مشکان. فەرخەکان گوتیان بچوون هیچ خەمتان نەبێ لە ئێوە چاکتر پاسی دەکەین. کەپشیلەکان رۆیشتن فەرخەکان کە مشك دەهاتن راویان دەنان تا لە کونیان دەکردنەوە. لە دوایی فەرخەکان گوتیان واچاکە ئێمە خۆمان مات بکەین تا هەموو مشکەکان دێنە دەرەوە ئینجا پەلاماریان دەدەین و دەیانکوژین و ئەو کاتە ئێمەش ئاسودە دەبین. جا دەلّێ فەرخەکان هەریەکە لە پەنایەك خۆی مات کرد تا هەموو مشکەکان هاتنە دەرێ کە دیتیان هیچ پشیلەی لێ نییە مشکەکان بەرەو لای شێرەکە هاتن لەو کاتەدا فەرخە پشیلەکان لێیان راپەرین و تاق بریان کردن و هەموویان کوشتن و لاشەکانیان بردە بەر دەرگای ئەشکەوتەکە تاکو کە باوکو دایکیان هاتنەوە نیشانیان بدەن.

پاش چەند ڕۆژێك پشیلەکان لە سەفەر گەڕانەوە. فەرخەکان چوونە پێش وازیان و مژدەی لەناوبردنی مشکەکانیان دانێ، پشیلەکان بە مێشکی خۆیان دادا و گوتیان : ئێوە نانی ئێمەش و خۆشتان، بڕی کارێکی زۆر خراپتان کرد، خۆ ئێمە نانی ئەو مشکانە بوو دەمانخوارد.

## دارکـــەر

دەگێڕنەوە کابرایەك هەبوو پیشەی دار هێنان بوو، دەیفرۆشت و بەو کارە دەژیا، ئەگەر ڕۆژێك نەچوبا داران نەبوو بخوا. ڕۆژێك دەڕۆیشت بۆ داران پێش ئەوەی بگاتە بەرزایی چیا هەر لەپێ دەشت چاوی بە درەختێکی گەورە کەوت گوتی: واچاکە بچم دووبارداردار لەم درەختە ببڕم. کە گەیشتە بن درەختەکە بیوری لەسەر شانی هێنا خوارێ و چەند خەلفێك کە لە ڕەگی درەختەکە شین بووبوون بە بیور ئەوانی بڕی. لەکاتی بیورکاری بیورێك بەبن ڕەگی درەختەکە کەوت، بەشتێك کەوت تەپەی هات. ئەویش وردە وردە جێگەکەی هەرقەند سەیری کرد سەری سندوقێك بەدەرکەوت. خەریك بوو تا سندوقەکەی دەرهێنا. کە سەری سندوقەکەی کردەوە مارێکی گەورە لەناو سندوقەکە دەرپەڕی و یەکسەر لە قەدوباڵای کابرا ئاڵاو سەری بردە بناگوێی دارکەرو پێی گوت: تازووە پێم بڵێ بە کوێتەوە دەم. کابرا خەریك بوو تۆق کا و لە ترسان دەستی کرد بە پاڕانەوە و قوربان و سەدەقە کە من چاکەم لەگەڵ تۆ کردووە و تۆم لەو سندوقە ڕزگارکردووەو تۆش پێوەم دەدەی. مارەکە گوتی شتی وانییە نەت بیستوە(لەپاش چاکان خراپەیە) لەجیاتی چاکەکەت ئەوا پرست پێ دەکەم کە بەکوێتەوە بدەم. کابرای دارکەر گوتی : هەندێکم لێ ڕاوەستە تا شەرعمان لەلای ئەو دارە بکەین. مارەکە ڕوی لەدارەکە کرد گوتی:ئەی درەخت ئەو کابرایە منی لەو سندوقە دەرهێناوە لە بری ئەم چاکە

پێوە دەم یان نا ؟ درەختەکە هاتە وەرام گوتی: ئەوانە مرۆڤن بێ وەفان من ئەم هەموو بەردم دەخۆن و لەبن سێبەرم دەحەسێنەوە ئەوجا دێن بەبەر بیورانم دەدەن دەمبڕن، پێوەی دە بەو بێ وەفایە بۆچی ڕاوەستاوی. مارەکە بە دارکەری گوت : خۆ هیچ قسەت نەما. دارکەر دەستی کردە پاڕانەوەو گوتی:با بچینە لای ئەو گاڕانە با ئەوان شەرعمان بکەن. مارەکە گوتی فەرموو باشە ئەوەشت بە قسەی دەکەم. ڕۆیشتن بۆ لای گاڕانەکە، چێرێکی زلی پیر پاڵ کەوتبوو چوونە لای ئەو. مارەکە قسەی خۆیی و دارکەری بۆ کرد گوتی: جا تۆ ڕات چییە پێوەی دەم یان نا ؟ چێرەکە هاتە وەرام و گوتی:هیچ سێوو دووی لێ مەکە پێوە دە، ئەم مرۆڤانە زۆر بێ سفەتن ئێوە ئەم گاڕانە دەبینن ئەو گاو و مانگایانە هەمووی هی من و نەوەی منن پاش ئەو هەموو چاکەم خاوەنەکەم قەسابی هێناوە سەرم ببڕێ. مارەکە بە دارکەری گوت : جا دەڵێی چی؟ لەو کاتی کابرایەك دەرکەوت دارکەرەکە بە مارەکەی گوت :بابچینە لای ئەو کابرایەش بۆ شەرع. کە چونە لای کابرا و مارەکە قسەی بۆ کرد گوتی: ئێستاش دەمەوێ پێوەی دەم تۆ ڕات چییە؟ کابرا گوتی من ناچێتە مێشکم تۆ لەناو ئەو سندوقە جێگات بوبێتەوە، کا بچۆ ناو سندوقەکە لەبەر چاوی من. مارەکە خۆی لە دارکەرەکە کردەوەو چووە ناو سندوقەکە و کابراش یەکسەر سەری سندوقەکەی داخست و بە دارکەری گوت : لێدە بە بیوران. دارکەریش بە بیوران کەوتە سەر سندوق و مارەکە تا کوشتی و لەم بەلایە ڕزگاری بوو.

## شەل و کەچەڵ و چڵمن

دەگێڕنەوە کە شەلێك و کەچەڵێك و چڵمنێك هەبون و هەرسێکیان هاوڕێ بوون. کەچەڵ دەبوایە لەهر دەقیقەیەك جارێك سەری بخورێنێ، چڵمنیش دەبوایە هەموکاتێك چڵمی بسڕێ، شەلیش کە دانیشت دەم نادەم دەبوایە لاقی درێژ بکات. وا هەڵکەوت لەماڵێك ماتەمی هەبوو ئەم سێ هاوڕێیەش ناسیاویان لەگەڵ خاوەن ماتەمینیەکە هەبوو دەبوایە بچن بۆ سەر ئەو ماتەمینیە. ڕۆژێك هەرسێك ڕێککەوتن و چوون بۆ ماتەمیەکە. لە ڕێگا ئامۆژگاری یەکتریان کرد و ڕێککەوتن کە نە چڵمن چڵم بسڕێ و لەماوەی دانیشتنیان لە ماتەمیەکە نە شەلە قاچی درێژ بکات و نە کەچەڵ سەری بخورێنێ. هەرسێك بڕیاریاندا کە ئەم کارانە نەکەن تا لە ماتەمیەکە هەڵدەستن. چوونە شوێنی پرسەکەو دانیشتن و فاتحایان خوێند و بەخێرهاتن کران. دەمێك دوو دەمی پێچوو، چڵمن ئارامی لێ هەلگیرا، کەوتە بیرکردنەوە کە چۆن چارەیەکی خۆی بکات و بۆ ئەمە ڕووی لە خەڵکەکە کردو گوتی:خەڵکینە جارێکیان تیرو کەوانێکم پێبوو چووم بۆ ڕاو تووشی ڕێویەك بووم کەتیرم هاویشتە کەوان و سێرەم لێگرت و باسکەکانم لێ بەکارخست، تیرم بەڕەلاَ کرد لە تەختەی نیوچەوانم داو ڕیویەکەم کوشت و لەکاتی کە گوتی باسکەکانم وەها و وەها بەکارخست زۆرچاك چڵمی خۆی بەباسکەکانی سڕی. کەچەڵیش کە زانی چڵمن بەفێڵی ئەم قسانە چڵمی خۆی سڕی ئەویش گوتی :هەیاران منیش منداڵ بووم باوکم کلاَوێکی زۆرجوانی بۆ کڕیبووم کە لەسەرم نا دیتم کەمێك بەسەرم تەسك بوو دووجاران بە هەردوو دەستم تاقەتم دا و کلاَوەکەم سوڕاند لەسەر سەرم وەك لە قالبی بدەی وای لێهات و چوە سەرم و پڕ بەسەرمی لێهات. لەوکاتەی کە کەچەڵ گوتی بە هەردوو دەستم کلاَوەکەم لەسەرسەرم سوڕاند سەری خۆی خوراند و

ئیسراحەتی کرد. شەلەش کە قاچی تەزی بوو کە دیتی چڵمن و کەچەڵ بە فێڵی ئەو قسانە خۆیان ئاسودە کرد، ئەویش قاچی ڕاکێشاو گوتی: پیاوی درۆزن ئەم قاچەی پێدا چی.

## کابرای لە بەغدا هاتبۆوە

دەڵێن جارێکی پیاوێ لەسەفەری بەغدا هاتبۆوە قوتویەك حەڵوای بۆ ماڵی خۆی هێنابوو بۆ منداڵان. چوارپێنج کوڕی منداڵی هەبوو هاتنەوە خۆیان فڕێدا باوەشی باوکیان و دەستیان لە ملی باوکیان کرد و گوتیان: بابە چیت بۆ هێناوین لە بەغدا ؟ باوکیشیان گوتی : ڕۆڵەکانم شتێکی زۆر خۆشم بۆ هێناون و هەڵسا چوو قوتو حەڵواکەی هێناو سەرەکەی کردەوەو لەبەردەمی منداڵەکانی داناو گوتی : ها بخۆن. جا منداڵەکان دەستیان کردە حەڵوا خواردن و ژنی کابراش تازە لە حەمام هاتبوەوە و گێسکی لێ دەداو سەیری منداڵەکانی دەکرد و گوێی لەقسەکانیان ڕادەگرت. لەوکاتە منداڵەکان ڕوویان لە باوکیان کرد و گوتیان : بابە ئەوەی ئەو حەڵوایە بخوا چی لێدێ؟ باوکیان لە وەرامدا گوتی ڕۆڵەکانم ئەوەی ئەم حەڵوایە بخوا پێ زل دەبێ، بخۆن تا کێرتان زل بێ. ژنەکە کە ئەمەی بیست هەرچاوەڕێی ئەوە بوو کە مێردەکەشی هەندێك حەڵوا بخوا، تا وای لێهات حەڵواکە هاتە نزیك تەواوبوون. جا ژنەکە بەدەم گەسك لێدانەوە لەبەر خۆیەوە بە مێردەکەی دەگوت: دەبڵێ دوژمنی قەلبی خۆت بۆ هەندێك لەم حەڵوایە بۆ خۆت ناخۆی ئەوە تەواویان کرد.

## تەمبەڵ خانە

لە تەمبەڵ خانە تەمبەڵێك لەبەر پەنجەرە جێگەی بۆ ڕاخرابوو لەوێ پاڵی لێدابۆوە هەر زوو زوو تەمبەڵەكان لێیان دەپرسی ئەرێ برام بزانە هەورە یان سامارە. ئەویش لە وەرام دەیگوت : ئەوە بە من ناكرێ، ئێوە كام ئیشی گرانە بە منی دەكەن. ئەو شەوە بیری لەوە كردەوە كە خۆی لەم جێگەیە ڕزگار بكات. بۆ بەیانی چەند هاوڕێیەكی هەبوو پێی گوتن : ئەمڕۆ ڕۆژتانە لێم قەوماوە كە یارمەتیم بدەن. گوتیان:ئێمە ئامادەین یارمەتی تۆ بدەین ئەم كارە گرنگەی تۆ چییە پێمان بڵێ، تەمبەڵەكە گوتی :بێزاریان كردووم ئەوەندەی پێم بڵێن بزانە هەورە یان سامارە ئەم كارە گرانەش بەمن ناكرێ دەمەوێ یارمەتیم بدەن ئەم جێگەیەم لەگەڵ بگوازنەوە لەوبەر بۆ ئەوبەر. جا دەڵێ تەمبەڵەكان هەمووی تێی وەرهاتن بە چەند پشودان تا جێگەكەیان گواستەوە بۆ ئەو بەر. ئینجا كە شەو داهات كابرای تەمبەڵ لەسەر جێگەكەی پاڵی دابۆوە دەیگوت : برایان بنیادەم تەیری بێ بارە دوێنێ شەو لە كوێ بووم و ئەو شەویش ئەوا لێرەم.

## ئەسكەندەر شا

دەگێڕنەوە پاشایەك هەبوو ناوی ئەسكەندەر شا بوو، ئەم پاشایە دوو قۆچی هەبوو بۆ ئەوەی كەس نەیبینێ زۆر چاك سەری پێچا بوو و لەسەر ئەو شتانە ئەوجا تاجی لەسەر نابوو. بەڵام هەرچەند جاری سەری دەهات دەینارد لە دوای سەرتاشێك تا سەری بۆ بتاشێ. دوای ئەوەی سەرتاشەكە

سەری دەتاشی ئەسکەندەر شا یەکسەر سەرتاشەکەی دەکوشت بۆ ئەوەی نهێنی قۆچەکانی ئاشکرا نەبێت. وای لێهات سەرتاش لەم وڵاتە نەما چونکە ئەسکەندەر هەمووی کوشتن. کاتێك ئەسکەندەر پرچی زۆر بووە داوای لە غولامان کرد بچن سەرتاشی بۆ بێنن بەڵام هاتنەوەو گوتیان سەرتاش لەم وڵاتە نەماوە. پاشا تورە بوو گوتی: ئێستا دەبێ سەرتاشم بۆ پەیدا بکەن.

جا دەڵێ لەم شارە کورێکی زۆر جوان و لایەق سەرتاش بوو لە شوێنێکی بەلاوە دوکانی سەرتاشی دانابوو، غولامانی پاشا گەڕان و ئەو کوڕە سەرتاشەیان دۆزیەوەو بۆ پاشایان برد. کاتێك پاشا چاوی بە جوانی سەرتاشەکە کەوت زۆری بەزەیی پیا هاتەوە. پاشا جێگای خلوەت کردو سەری بۆ قۆت کرد سەرتاشیش دەستی کرد بە سەرتاشینی پاشا و چاوی بە دوو قۆچەکانی پاشاش کەوت و زۆر چاك سەری پاشای تاشی. کە لێ بووەوە پاشا ڕووی لە سەرتاش کرد و گوتی:ئەی سەرتاش من هەتا ئێستا هەر سەرتاشێك سەری منی تراشی بێ و چاوی بەو قۆچانەم کەوتبێ بۆ ئەوەی ئەم نهێنیەم ئاشکرا نەبێ سەرتاشەکەم کوشتووە بەڵام ئێستا زۆر لەلام درێغە تۆ بەو جوانی و لاوێتیە بکوژم، ئەگەر پەیمانم دەدەیتێ کە نهێنی ئەو قۆچانەم ئاشکرا نەکەی ئەوا نات کوژم بەڵك و خەڵاتیشت دەکەم. بەڵام بزانمەوە ئەم نهێنیەت لای کەسێك درکاندییە دەردەست لەسەرت دەدەم جا کەیفی خۆتە، سەرتاش لە ترسان سوێندی خوارد و پەیمانی دا کە ئەم نهێنیە لای کەس نەدرکێنێ. جا پاشا خەڵاتی کردو ئینجا سەرتاشەکە لێیدا ڕۆیشت. دواتر سەرتاش ئەم نهێنیەی لە دڵ بوو بەگرێیەك ڕۆژ بە ڕۆژ زەردو لاوازی دەکرد خزم و کەسەکانی بردیانە لای چەندین حەکیم و پزیشك بەڵام چاری نەکرا. کاتێك هاتە نزیك مردن بردیانە لای پزیشکێکی زۆر چاك و زانا. پزیشکەکە لێی ورد بووەوەو بە سەرتاشی گوت تۆ قسەیەکت لەدڵدا هەیە بۆ کەسی نادرکێنی، ئەگەر لای خەڵکیش نایدرکێنی برۆ لەشوێنێکی چۆڵ کە کەسی لێ

نەبێ چەند جارێك قسەکە بدركێنە ئەوسا چاك دەبیەوە. سەرتاشەکە هاتەوە ماڵەوە و بۆ دوای نیوەڕۆ ڕووی لە دەشت و دەر کرد تا لەشار دووركەوتەوە. بیرێك لەوێ هەبوو وەکو كۆنە چاڵ بوو، سەرتاشەکە سەری پێدا گرت و چەند جارێك لەسەر یەك گوتی: ئەسكەندەر شا دوو قۆچی هەیە. پاشان گەڕایەوە شارو چۆوە ماڵێ و ئەوشەوە تەندروستییەكی زۆرخۆشی پەیدا کرد و زیندی بوەوە. بۆ بەیانی وەکو هەرنەخۆش نەبووبێ وابوو کەوتەوە کاری ڕۆژانەی. بەلاَم لەم كۆنە چاڵەی کە تێیدا گوتبووی ئەسكەندەرشا دووقۆچی هەیە بەهاری بەسەرداهات قەمیشێكی زۆر لەناوچاڵەکە شین بوو و سەری بڵند کرد بۆ ئاسمان. هەرشوانێك بەوێدا تێپەڕ دەبوو بلورێكی لە قەمیشەکە دەبڕی و دەیکرد بە بلوێر شوانەکان کە بلوێرەکەیان لێدەدا دەنگەکە بە ئاشكرا دەیگوت : ئەسكەندەرشا دووقۆچی هەیە. سەرەنجام ئەم هەواڵە گەیشتەوە ئەسكەندەر شا. پاشا زۆر تورە بوو و ناردی بەدوای کوڕە سەرتاشەکە و گوتی: هەی بەدكار ئەتو ئەم قسەیەت فێری شوانانیش کردیە ئێستا لەسەرت دەدەم. سەرتاش دەستی کرد بە پاڕانەوە و باسی نەخۆشی خۆیی و ئامۆژگاری پزیشكەکەی بۆ کرد کە چۆن چووە بۆ سەر ئەم چاڵەو بێ ئەوەی کەسی لێبێ ئەم قسەیەی لەناو چاڵەکە کردووە. جا دەڵێ ئەسكەندەر شا لێی بوورد و دەستی لە كوشتنی هەڵگرت.

## عەقڵ لە باوك و دایك چاكترە

دەگێڕنەوە دووپیاو هاوسێی یەك بوون هەریەکەیان كوڕێكی هەبوو لەیەك تەمەن بوون. كوڕی یەكێكیان زۆر وشیارو زیرەك بوو بەلاَم كوڕی ئەویتریان زۆر گێلو نەزان بوو. شەوێك هەردوو پیاو بەیەکەوە چونە ماڵی دۆستێكیان هەریەکەو كوڕەکەی خۆشی لەگەڵ خۆی هێنا و دانیشتن و چاو قاوەیان

خـواردەوە. کـە شـەو درەنـگ داهـات خـاوەن ماڵەکـە پرتـەقاڵی بـۆ هێنـان و لەبـەردەمی دانـان. کـوڕە گێلەکـە یەکـسەر پـڕی دایـە پرتـەقاڵێك و دایـە بـەر قـەپاران تـاکو تـەواوی کـرد. کـوڕە وشـیارەکەش پرتـەقاڵەکـەی بـۆن کـرد و لـە باغەری نا. باوکی کوڕە گێلەکە زۆر غەمی خوارد لـەدڵی خـۆی و کـە چونەوە ماڵەوە زۆر بەسەر کوڕەکەی دا ڕۆیشت و گوتی: بزانە کوڕی فلانی هـەر وەکـو تۆ بوو چەند وشیارانە پرتەقاڵەکەی بـۆن کـردو لەباغـەری نـا، دەبوایـە تـۆش وەکـو ئـەوت کردبـا. هـەروەها باوکەکـە گـەڵێ ئامۆژگـاری تریـشی کـرد. وارێـك کـەوت پـاش بـەینێکی دی شـەوێك چـوون بـۆ مـاڵی دۆسـتێکی تریـان، دیـسان هەریەکەیان کـوڕی خـۆی لەگـەڵ خـۆی هێنـا. کـە دانیـشتن دوای چـا خـواردن خاوەن ماڵەکە گوتی: برایان ئێوارە کفتەمان هەبوو زۆر خۆش بوو حەزدەکەم بۆتان بێنم  ئێوەش لەو کفتەیە بخۆن. کفتەیان هێنا کـوڕە وشـیارەکە دەسـتی کرد بـە کفتـە خـواردن، کـوڕە گێلەکـەش کفتەیـەکی هـەلگرت بـۆنی کـردو لـە باغەری نا. باوکی کە ئەمەی دیت گوتی: بـەخوا کـوڕم عـەقڵ لـە بـاوکو دایـك چاکترە.

## کوڕە توجارو کچە سواڵکەر

دەگێڕنەوە کوڕە توجارێك کە باوکی زۆر دەوڵەمەند بوو لـەم شـارە دەسـتی لەسەر هەر کچێك دابنایـە بەسوپاسـەوە دەیـان دایـە. ڕۆژێـك کـوڕە لـە بـازاڕی دەڕۆیشت چاوی بە کچە سـواڵکەرێك کـەوت کـە جـل و بـەرگێکی دڕاوو پیـسی لەبـەر بـوو، بـە دەسـتێك شـوێنە دڕاوەکـانی دەشـاردەوە  دەسـتی تریـشی پـان دەکردەوە  لەبەر خەڵك  و سـواڵی دەکـرد. بـەلام کـچەکە ئەوەنـدە جـوان بـوو دەمووچاوی وەکو یاقوت دەدرەوشایەوە. کـوڕە توجـار چـاوی بـەو کـچە کـەوت حەیرانی بوو لە دوای ئەو کچە نەبووەوە  تا نیـوەڕۆ داهـات و بەسـەر گـەردانی

شوێن پێی هەلگرت، کە بانگی نیوەڕۆی دا کچە بەرەو ماڵ بۆوەو کوڕەش لە دوای بوو دیتی کچە چووە ژوور لە کۆنە کەلاوەیەك کە ماڵیان بوو کوڕەش لە دوای ئەو چووە ژووریٚ و سلاّوی کردو دانیشت دیتی دایك و باوکی کچە دانیشتوون، وەرامی سلاّویان دایەوەو بەخێرهاتنیان کردو دانیشت ڕووی لە باوك و دایکی کچە کرد گوتی:دەزانن بۆچی هاتووم، گوتیان فەرموو، گوتی: من کوڕی توجارباشی ئەم شارەم، هەزاران کچ حەزدەکا من بیهێنم بەلاّم تا ئێستا بەکەس ڕازی نەبووم، ئەمڕۆش چاوم بەو کچەی ئێوە کەوتووە دڵی بازم لەسەر ئەو هەڵنیشتووە، هاتووم بە هەر نرخێك کە دەڵێن ئامادەم بیدەم لەبری ئەو کچە بیدەن بە من، لەجیاتی ئەم کۆنە کەلاوە دەیخەمە قەسرێك لە جیاتی ئەم بەرگە شڕە ئاوریشمی ئەتڵەسی لەبەر دەکەم. باوکی کچە گوتی: ئەی کوڕ من کچی خۆم نادەم بە تۆ خۆشت ماندوو مەکە. کوڕە هەرچەندی ئەو گوتی ئەوان نەیان بیست ناچار هەستاو چووەوە ماڵیٚ و قسەکانی بۆ باوکی کرد. هەرچەندی باوك و دایکی گوتیان : چۆن بێزت دێت کچە سواڵکە بێنی ئێمە کام کچی لەم شارە دەڵێی بۆی دێنین. کوڕە گوتی: نەخێر من هەر کچە سواڵکەرم دەویٚ. وای لێهات کوڕە سەودا سەر بوو. ناچار باوکی چەند کەسی ناردە لای باوکی کچە کە بەهەر جۆرێك دەڵیٚ دەیکەین بەس کچەکە بدا بە کوڕەکەمان. باوکی کچە گوتی:بەمەرجێك دەیدەم ئەو کوڕە بیٚ وەکو ئێمە دەست بە سواڵکردن بکات خۆشم سەیری سواڵکردنەکەی دەکەم بزانم تەواوە یان نا. هاتنەوە بە باوکی کوڕەو کوڕەیان وەها گوت. باوکی کوڕە گوتی : ئەوە بە ئێمە ناکریٚ. سەرەنجام وای لێهات کوڕە زۆر پەرێشان بوو، بۆیە ناچار بوون سەر بۆ داوای باوکی کچە دابنوێنن. کوڕە هەستا جلکێکی شڕی لەبەرکردو دەستی کردە سواڵ کردن، تا ماوەیەکیش باوکی کچە ببوو بە چاودێری. جا دەڵیٚ ماوەی ساڵێك کوڕە دەرۆزەی کرد وای لێهات تامی لێکردبوو و ببوو بەپیشەی. ڕۆژێك باوکی کچە پێش مەلا

بانگدانی بەیانی چوو بۆ حەمام لە ژوورێکی تاریک بە تەنها دەرمانی گرتبۆوە دەرمانی دەکرد، دیتی سوالکەرێك خۆی بە ژوورەکە داکرد چووە پێش دەمی و دەستی پان کردەوە و گوتی: خوا لێت بەزیاد بکا. کە باوکی کچە لێی ورد بووەوە دیتی کورە توجارباشەکەیە و ئەویش هەندێك دەرمانی لەجیاتی پارە لەدەست کرد و گوتی:ئافەرین ئەوا لە تاقیکردنەوە دەرچووی ئەمرۆ مەلای بینە تا کچەکەمت لێ مارە بکەم چونکە تۆ لە ئێمەشت تێپەڕاند.

## سەربازێك لە موسڵ

دەگێرنەوە کە لە زەمانی عوسمانی کوڕێك سەرباز دەبێ لەبەرەکانی شەڕ. جارێك چەند ڕۆژێك ئیجازە وەردەگرێ کە سەردانی ماڵی باوکی بکا. کە دەگاتە موسڵ بە کۆڵانەکان دا دەڕوات کابرایەکی توش دەبێ بە کوڕەکە دەڵێ: نایەی بت بەم بۆ شوێنی خۆش و ڕابواردن ئافرەتێکی زۆر جوانم لایە ئەگەر دێی. کوڕەش لە کاتی هەرزەکاری دەبێ دەڵێ : با دێم. ملی ڕێگا دەگرن گەوادەکە لە پێشەوەو کوڕەش لە دواوە دەڕۆن تا دەگەنە دەرگایەکی دوودەری و دەچنە ژورەوە. خانوەکە کۆشك دەبێ کوڕە سەردەکەوێ کە دەچی دەبینێ ئافرەتێکی زۆر جوان دانیشتیەو خۆی ڕازاندۆتەوە و کە چاوی بە کوڕە دەکەوێ بانگی دەکاتە تەنیشت خۆی و دایدەنێ و دەست دەکەن بەقسەکردن. کاتێك لە دەرگا دەدەن ژنە هەراسان دەبێ و دەڵێ ئەوە مێردەکەمە هاتەوە. کوڕەکەش ڕادەپەڕی کە جێگایەك بۆ خۆی پەیدا بکا خۆی لێ بشارێتەوە، سەیر دەکا لەولاوە حەسیرێك لول دراوە دەچێتە ناو لولی حەسیرەکەو خۆی لەگەڵ حەسیرەکە لول دەدا. لە کونی حەسیرەکەوە دەبینێ کابرایەکی بە شانو عەبا سەردەکەوێ کە ژنە چاوی پێ دەکەوێ پیلی دەگرێ و دەیبا لە ژوورەوە

دایدەنێ. کەمێکی دی پێ دەچێ دیسان لە دەرگا دەدەن کوڕە لەناو کونەکانی حەسیرەکە دەبینێ ئەفسەرێکی دەمانچە لەقەد بەسەردەکەوێ ژنەکە بەخێرایی دەرگای ئەو ژوورەی کابرای بە عەبای لێیە دادەخات و بەپیر ئەفسەرەکەوە دەچێت کە مێردەکەی خۆیەتی. ژنەکە کە مێردەکەی هیلاك و ماندوو دیارە بەخێرهاتنەوەی دەکاو دیارە مێردە ئەفسەرەکەی گۆشت و کەل و پەلی تری لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە و لەولای داناوە. لەگەڵ ژنەکەی دەکەونە قسە، لەولاوە پشیلەیەك پڕ دەداتە گۆشتەکە دەیرفێنێ هەرچەندی ختتەی لێ دەکەن سودی نابێت و پشیلەکە گۆشتەکە دەرفێنێ، بەلام لەبەر ئەوەی دوای دەکەون و زۆر مشەوەشی دەکەن خۆی دەپەستێتە ناو لولی حەسیرەکە. هەرچەندە کوڕە لەبەرخۆیەوە لەناو حەسیرەکە ختتە لە پشیلەکە دەکات پشیلەکە ناگەڕێتەوە. کوڕەش لە کونەکانی حەسیرەکەوە دەبینێ کابرای ئەفسەر دەمانچە هەڵدەکێشێ بۆ ئەوەی تەقە لە پشیلەکە بکات، بەلام لەبەر ئەوەی کوڕە بێ شك دەبێ لەوەی گەر تەقە لەپشیلەکە بکرێ بەر ئەو دەکەوێ لەترسی گیانی خۆی لەناو حەسیرەکە دەردەپەڕێتە دەرێ و بە ئەفسەرەکە دەڵێ :قوربان من غولامم ئاغاشم ئەوا لەو ژوورەیە. کابرای ئەفسەر دەگەڕێتەوە و پالێك بەو دەرگایەوە دەنێ کە کابرای بە عەبای لێیە. کاتێك ئەفسەرەکە کابرای بە عەبا دەبینێ پەلاماری دەداو لە ژوورەوە دەبێتە لێکدان و زرمەزرم، کوڕە ئەمە بە هەل دەزانێو دەڵێ وا باشە خۆم نەجات بدەم هەتاکو بە شەڕو لێکدان خەریکن، کوڕە هەڵدێو بۆی دەردەچێ و جارێکی تر ڕوو لەم شوێنە ناکاتەوە.

## بووك و زاوای نوێ

دەگێڕنـەوە کابرایـەك ژنـی هێنـا چـەند ڕۆژێـك بـوو گواسـتبویەوە، عـادەت وەهایە بووك پاش گواسـتنەوەی بـە ماوەیـەك باوەخونـد دەکـرێ، جـا ئـەویش ژنەکەی ناردەوە باوەخونـد. نزیکـی دە ڕۆژێـك بـوو ڕۆیـشتبوو بـۆ باوەخونـد، کـابرا هــەر ڕۆژێکــی بــە ســاڵێك لێ دەڕۆیــشت. دوای دە ڕۆژە کــابرا هەڵــسا کۆمەڵێك دیاریی تێك نا تا بیبات بۆ ماڵی خەزوری و ژنەکەی بێنێتەوە. ماڵێ باوکی ژنەکە لە گوندێك دەبن لە هەوار نشین، کابرای زاوا بە خـۆیی و دەست و دیارییــەوە دەچــێتە مــاڵی بــوکێ. کــە دەگاتــە جــێ زۆر ڕێــزی لێــدەگرن و خزمەتێکی باشی دەکەن تا شەو دادێ خواخوای دەبێ کاتی نوستن دابێ بـەڵك و لە جێگایەکی بەلاوە جێگـا بـۆ خـۆیی و ژنەکـەی ڕابخـەن وەك بـوك و زاوای تـازە. کـە کـاتی نوسـتن دادێ جێگـا بـۆ کـابرا لـەبن کـەپرێ ڕادەخـەن لـەلای خۆیـان. ئینجـا هەرکەسـەو دەچـێ لـە شـوێنی خـۆی ڕادەکشێ. کـابرای زاواش لەسەر جێگاکەی خۆی ڕاکشاو دەستی کرد بە دالغە لێدان تـا نیوەشـەو خـەوی لێ نەکـەوت. پاشـان بـیری کـردەوە کـە بـچێ بەدزیـەوە ژنەکـەی هەڵبـستێنێ و تاوێـك بیهێنیتـە لای خـۆی، بـەڕۆژەوەش نیـشانی کردبـوو کـە هـەردوو قاچـی خڵخاڵی تێدایە. لـە جێگـەی خـۆی هەسـتاو بـە ئەسـپایی بـەلای ئـەو کـەپرەوە چوو کە ژنەکەی لێ نوستبوو، قادرمەك بە کەپرەکەوە بوو کابرا ورد وردە بـە قادرمەکە هەلگەڕا تا چوە سەر کەپرەکە، چاوی گێڕا بزانێ لاقی بە خڵخاڵ لە کوێیە بەڵك و ڕایکێشێ و بە ئاگای بێنێ. کاتێك چاوی بـە دوو پـێ کـەوت کـە خڵخاڵی تێدا بوو، نیوەی قەلبی هەر لەسەر قادرمەکە بـوو دەسـتی درێـژ کـرد پێیە بە خڵخاڵەکانی گوشی. مەزانە دایکی بوکێ بوو ئەویش خڵخاڵی لـە پێـدا بوو هاواری کرد گوتی: ئەیەڕۆ ئـەوە دزە ڕاپـەڕین و حەلەلـەیان لـە سـەگەکان کرد و زاواش بە پەلە کشایەوەو بەرەوخوار لـە تاروکـەییان وای زانـی گەیـشتە

سەرزەوی کەچی چوار پێچکە قادرمەی مابوو قاچی داناو ڕمبەی لێوەهات کەوتە سەر زەوی و سەگەکانیش گەیشتنە سەری و دوای کەوتن و هەلیان بڕی لەوگرد بۆ ئەوگرد سەریان لە دوانا تا زۆر دووریان خستەوە. زاواش لە شەرمان ڕووی لەشاری کردەوە و نەچۆوە مالّی باوکی بووکێ و گەڕایەوە مالّەکەی خۆی. دوای چەند ڕۆژێك برایەکی خۆی نارد خێزانەکەی لە باوەخوند بۆ هێنایەوە و خۆی ڕوی نەبوو بچێت.

## هەندێك سەرگوزشتەو ڕووداو کە لە واقیع ڕوویانداوە

١-مەلا شێخ سدیق مەلا بوو لە گوندێك ڕەمەزانێ تەراویح و جەماعەتی بۆ کردن تا ڕۆژی عالفە داهات، سەری هەموویانی چاککردەوە سەیری کرد هەموویان بۆ سەرفترە جۆیان بۆ هێناوە. مەلا شێخ سدیق تورە بوو گوتی: چما ئەمن سەری کەرم چاککردیتەوە جۆتان بۆ هێناوم. گوتیان: مامۆستا بۆخۆمان چی بخۆین ئەوەش بۆ تو دەینین. مەلا گوتی: بەلّکو بۆ خۆتان گوتان خوارد.

***

٢-وەستا عومەری نەجار بۆی گێڕامەوە گوتی:لە تەق تەق ئیشێك هەبوو دەمکرد،دوو کرێکارم گرتبوو بە یەکێکیانم گوت بچۆ سەرەدێکم بۆ بێنە تا ئەو گێچەی پێ دابێژم. کابرای کرێکار لێم مۆڕ بوەوەو سەیرێکی کردم گوتی :وەستا ئەگەر تۆ نەبوای دەمزانی چیم پێ دەکردی شەقێکی لە گێچەکە هەلّداو ڕۆیشت گوتی:لەخێری ئەو ئیشەی دەبەم نایکەم. منیش سەرسام بووم لە کرێکارەکەی دیم پرسی کە ئەویش تەق تەقی بوو گوتم: ئەو کرێکارە بۆ وای کرد خۆ من هیچی خراپم پێ نەگوتبوو. کرێکارەکە گوتی:وەستا ئەو

کابرایە کە باسی سەرەدو بێژینگی لا دەکەی زۆر تورە دەبیّ و جنێوان دەدا بەو کەسەی باسی بێژینگ دەکات. گوتم لۆ ؟ گوتی:رۆژێکی لە ماڵەکەی خۆیان دەچێتە ژورەوە، ژورەکە تاریك دەبی بێژینگێك بە پاڵ دیواری هەڵچندراوە رووی لەو دەبی ئەویش نایبینیّ پێی لەسەر رۆخی بێژینگەکە دادەنیّ بێژینگەکە بە زەنگەی ئێسکی لاقی دەکەویّ دەتاسیّ و لە رقان دادێتەوە بێژینگەکە بە هەموو قوەتی خۆی لە دیواری دەدا، بێژینگ دەگەرێتەوە بە تەختەی نیوچەوانی دەکەویّ خوێن بەسەرو دەم و چاوی دێتەخوار، ئەو جارە زۆربەتورەییەوە بێژینگەکە بە دیواریەوە دەنیّ و بە هەموو هێزی خۆی بەزگی پاڵی پێوە دەنیّ، کاتێك بێژینگ کەوەکەی دەشکیّ لە هەردوو لا کەلەکەی دەچیتە ژوور هاوار دەکا : ئەی هاوار بمگەنیّ بێژینگ کوشتمی. بۆیە ئێستا هەرچی ناوی بێژینگ بێنیّ کافر دەبیّ و جوێن دەدا.

★★★

٣-لەساڵی ١٩٤١ کە شەری جیهانی دووەم لە گەرمەی بوو هەرای رشید عالی هەبوو، عیراق ئیعلانی شەری کردبوو لەگەڵ ئینگلیز، ئیزگەی بەرلین دەکرایەوە (یونس بەحری) ئەخباری دەخوێندەوە، لەشاری کۆیە لایەنگرانی حیزبی نازی پەیدا ببوون هیتلەریان دەپەرست. مەلا سابیری شێخانی هەبوو کە نازی بوو، حاجی مەلا نجم –یش کە ئیمامی مزگەوتی گەورە بوو ئینگلیزی خۆش دەویست. مەلا سابیر زۆر رقی لە حاجی مەلا نجم بوو لەبەر ئەوەی ئینگلیزی خۆش دەویست. رۆژێك مەلا سابیر دەچی لەپشت مەلا نجم نوێژی دادەبەستی و بەم جۆرە نییەت دێنیّ و دەڵیّ : ئەدا دەکەم چوار رکات نوێژی ئەو عەسرە لەپشت ئەو ئیمامە لە تەپری ... ژنی ئەو کەسەی بەم ئینگلیزی خۆش دەویّ الله اکبر. مەلا نجم زۆر عاجز دەبیّ و دەچی شکات لەمەلا سابیر دەکات لەلای مەلای گەورە.

مەلای گەورەش داوا لەمەلا سابیر دەكات بچێت لەگەڵ مەلا نجم چاك بێتەوە.

★★★

٤-جارێكی پیاوێك ژنەكەی زۆر نەخۆش دەبێ لەناو جێگا زۆرپەرێشان دەبێ، كابرای مێردیشی سەری بەسەردادەگرێ و فرمێسكی لە چاوی دێتە خوارێ. لەو كاتی دەروێشێك لەبەر قاپی داوای ئەوە دەكا كە خێرێكی پێ بكەن. مێردی ژنەش بانگی دەروێش دەكاتە ژوور و دەڵێ مام دەروێش توخوا وەرە ژوور ژنەكەم زۆر نەخۆشە دوعایەكی بەسەر بخوێنە بەڵك و خوا شیفای دەدا. دەروێش دێتە سەرسەری ژنە نەخۆشەكە تەماشای دەكاو ڕوو دەكاتە مێردەكەیی و دەڵێ : بیـ... چاك دەبیتەوە. مێردی ژنەكەش دەڵێ مام دەروێش ئەو ژنە لە حاڵی خۆیەتی حاڵی شتی وەهای كوا ؟ ژنەكە لەبن لێفەكەوە بەجواب دێ دەڵێ: بۆچی پیاوەكە تۆ لە دەروێشی خوا چاكتر دەزانی.

★★★

٥-كابرایەك هەبوو زۆر هەژار بوو ڕسقی كەم بوو چەندی دەیكرد نانی بە دۆ ڕانەدەگەیی. شوێك دیوارێكی لە خەونا دیت، ئەم دیوارە زۆری كون تێدا بوو، ئەم كونانە ئاویان لێ دەهاتەخوار، چەند كەسێكیش لەوێ بوون سەیری ئەو كونانەیان دەكرد. كابرای كە ڕسقی كەم بوو پرسیاری كرد لەوانەی ڕاوەستابوون لەوێ گوتی:ئەو ئاوە چییە لەو كونانە دێتە خوارێ هەندێكی وا زۆرو هەندێكی وا كەم، گوتیان:ئەوە ڕسقی عەبدانە كە خوا پێی داون لە دنیا. كابرا گوتی: كە واتە ڕسقی من كامەیە، كونێكیان نیشاندا كە زۆر كەمی ئاو لێ دەهات. كابراش چوو دارێكی هێنا بۆ ئەوەی كونەكەی پێ گەورە بكات كەچی دارەكە لەناو كونەكە عاسێ بوو ئەو ئاوە كەمەی دەشهات نەما.

★★★

٥-دەگێڕنەوە کە ژنێك لە سلێمانی ڕەوشتی باش نابێ دووجار شاربەدەری دەکەن، هەرواز ناهێنێ جاری سێهەمیش شاربەدەری دەکەن، منداڵی بۆ کۆدەکەنەوە چەپڵەو هەڵای بۆ لێدەدەن. دوو منداڵ لە کاتی شاربەدەرکردنەکە لە بەردەمی ژنەکە یەکیان بە ئەویتر دەڵێ :ئەوە دووجار ئەو ژنە شار بەدەربکرێ، ژنەکە بەجواب دێ دەڵێ: بە قوڕتا کەمنا وەڵلاً ئەوە سێ جار.

★★★

٦-جارێکی مەلایەك لە شارێك دادەنیشێ کۆمەڵێك خەڵکی لە دەورە دەبێ وەعزیان بۆ دادەدا لەو کاتە پیاوێکی هەتیو باز دێتە ناو خەڵکەکە دادەنیشێ. مەلایەکەش دەزانێ ئەو کابرایە هەتیو بازە و هەمیشە لە دوای هەتیوی لووس دەگەڕێ و زۆریشی ڕق لێی دەبێ لەسەر ئەم ڕەوشتەی. وەعزەکە دەگۆڕێو دەیخاتە سەرباسی هەتیوبازی و دەڵێ:خوا دەفەرموێ ئەوەی نێربازی بکاو لەدوای منداڵان بگەڕێ ڕۆژی قیامەت خوا دەیکاتە لۆری هەموو ئەو منداڵانەی کە لەعەمەلی هێناون و هەموو منداڵەکانی سواردەکەن. کابرای هەتیوباز دەزانێ کە مەلا ئەو قسانەی لەگەڵ ئەوە، سەری بڵند دەکا دەڵێ: مامۆستا بۆ نایەی تۆش یەکێکم دەیتێ ئەوجا ڕۆژی قیامەت تۆش وەرە لەسەرەوە سواربە.

★★★

٧-ئەڵەمان کوردی هەبوو لە کۆیە ناوی عبدالرحمن کوڕی وەسمان تنی بوو پیاوێکی دەلوو بوو، جارێکیش بردیانە شێت خانە دوایی هاتەوە کۆیە. جارێکیان بۆی گێڕامەوە گوتی: حەزم لە کچێك دەکرد ئارامم لێ هەڵگیرابوو. شەوێك پارێزم بۆ برد سەیرم کرد دەرگای حەوشەیان کراوەتەوە، دیتم کچەکە لە ناوەندی حەوشەکەیە ئەو کاتەش کارەبا لە کۆیە نەبوو تاریك بوو وردە وردە بۆی چوومە پێش تا گەیشتمە لای کە باوەشم پێدا کرد سەیرم

کـرد کووەپـەو دارکـوپی ئـاو بـوو، بۆیـە پاشـەوپاش کـشامەوە دواوە و بـۆی دەرچووم.
هەرهەمان ئەڵەمان کوردی ڕۆیشت لە کۆیەو چوو بۆ شەقلاوە و لە وێ دەژیا. ڕۆژێك لەگەڵ شەقلاوەییان بەشەڕ دێ
لەو کاتی یەکێکی کۆیی بەوێ دادێ کە دەبینی بە دوسێ کەس دەوریان لە ئەڵەمان کوردی داوە بۆ ئەوەی لێیدەن، کابرای کۆیی بە گڕ شەقلاوەییەکان دادەچی لەسەر ئەڵەمان کوردی بۆ ئەوەی غەدری لێ نەکەن. ئەڵەمان کوردیش شەڕەکە بەسەر کابرای کۆیی بەجێ دەهێڵێ و بە کابرای کۆیی دەڵێ :ئەتو ئەو شەقلاوەییانە بکوژە منیش ئەوا دەچم قەبری لێ دەدەم.

★★★

٨-لە خۆشناوەتی پیاوێك ژن بۆ کوڕەکەی دێنێ. بۆ ئێوارە پلاو لێ دەنێن و خەڵکی گوندەکەی پێ بانگ دەکەن. جارانیش خەڵك لەبەر فەقیری هەر نیسك و ماشیان لێ دەنا بە دەگمەن پلاو لێ دەنرا. کە ئێوارە دادێو نان دەخورێ  وا ڕێك دەکەوێ پلاو نامێنێتەوە تاکو زاوا بخوا. زاواش زۆر تووڕە دەبی و دەچی لە پەنایەك دادەنیشێ. کاتی ئەوە دێ زاوا بنێرنە پەردە. برای زاوا دەچی بانگی برا زاواکەی دەکات بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بکات کە چی بکات و بچێت بۆ پەردە. زاواش توڕەیە و بە توڕەیی دەڵێ : ناچم بۆ پەردە با کێ پلاوی خواردووە ئەو بچێتە پەردە.

★★★

٩-ساڵێکی کچێکی منداڵ ناوی (ڕەحمە) بوو کچی حاجی حەمە زێڕێ دەبی لە کۆیە بووکۆکە دروست دەکا. هەموو پێداویستیەکانی بووکەکە ئامادە دەکات تەنیا لەسەر دوو بسکەکەی پەکی دەکەوێت، هەرچەند هەوڵ دەدات بسکەکانی دەست نا کەوێت. ڕۆژێك سۆفیەکی ڕیش درێژیان میوان دەبێ. کە شەو دادێ هەموو دەخەون بەڵام کچەکە هەر لە دالغەی بسکی بوکەکەی دەبێ،

هەڵدەستێ سەیر دەکا مامسۆفی خەوی لێ کەوتووە. ئەویش دەچێ مقەستێك دەهێنێ و بەبێ هەست بەشی پێویستی بوکەکەی لە ڕیشی سۆفیەکە دەکاتەوە. بۆ بەیانی کە سۆفی لەخەو هەڵدەستێ و خۆیی و ڕیشی خۆی وەها دەبینێ بە باوکی کچەکە دەڵێ : خۆمن بەم ڕیشە ناتوانم بچمە ناو خەڵك. باوکی کچەش بەناچاری پێی دەڵێ : باوکم مەچووە دەر تا ڕیشت دێتەوە ئێمە هەر خزمەتت دەکەین. بەم جۆرە سۆفی لە ماڵی باوکی کچە نایەتەدەر تاکو ڕیشی دێتەوە.

***

١.-ساڵێکیان کە منداڵ بووم (ئەسعەدە سوور) کە مامی باوکم بوو گێڕایەوە منیش لەلایان دانیشتبووم گوێم گرتبوو گوتی: لەوزەمانی کە گەنج بووم لەگەڵ هاوڕێ گەنجەکانی خۆم هەر شەوە لە ماڵێك دادەنیشتین و ڕامان دەبوارد. زستان بوو هەمووەمان لە ماڵێك دانیشتبوین بەقسەی خۆش و بەزم گێڕان دەمان بردە سەر. ئەو کاتەش تەنها هەر چرای دەست گێڕ هەبوو وەکو شەپڵتە دەسووتا پێمان کردبوو. شەو زۆر درەنگ بوو لەکاتی بەزم گێڕانمان کوتە کوت لە دیواری دەرەوەی ئەو ژوورەی لێی دانیشتبوین پەیدا بوو، دیاربوو دز بوو لە کۆڵانەوە خەریکی دیوارەکە بوو کونی بکات و بێتە ژوورەوە بۆ دزی کردن. ئێمەش مەنجەڵێکمان بەسەر چرایەکە دادا بۆ ئەوەی ڕوناکی لێوە دیار نەبێ و خۆمان مات کرد تا دزەکە دیوارەکەی کون کرد، ئینجا دەستی هێنایە ژوور و دوچەنگە زیخو خۆڵی یەك بەولاو یەك بەلایەکەی تر داکرد، ئێمەش هەستمان لەخۆمان بڕی تا دزەکە لە پێشەوە هەردوولاقی هێنا ژوور ئەوجا سەرو پشتی هێنا ژوورو هاتە ناو ژورەکە. ئێمەش مەنجەڵەکەمان لەسەر چرایەکە لابرد و بەتێکڕا دەستمان بە چەپڵە ڕێزان کرد. کابرای دزەش هەر لە ڕاستەخۆیەوە دەستی بەسەماکردن کرد.

***

١١-جارێکی کابرایەك دەچێتە لای قەساب جەرگوناوێکی لێ دەکڕێ و لێی دەپرسی : ئەوە چۆن لێ دەنرێ ؟ قەسابەکەش پێی دەڵێ پاك بیشۆوەو وردی بکە و بیخە ناو مەنجەڵێك و لەسەر ئاگر داینێ تا دەکوڵێ. کابراش قەڵەمو کاغەز دەردێنێ و ئەوەی قەساب دەیڵێ دەینوستەوە و لە باغەڵی دەنێو بەرەو ماڵ دەبێتەوە بۆ لێنانی جەرگو ناوەکە. لەبەر دەرگای ماڵەکەی جەرگوناوەکە لەسەر زەوی دادەنێ بۆ ئەوەی کلیلی دەرگاکە لە باخەڵی دەربێنێ و دەرگاکە بکاتەوە سەگێك لەولاوە پڕ دەداتە جەرگوناوەکەو دەیبا. کابرا ئەوە دەبینێ هیچی بۆ ناکرێ پەنجە لە سەگەکە ڕادەوەشێنێ و بە دەنگێکی بەرز دەڵێ :جا هەر بیبە خۆ نازانی چۆنی لێ بنێی وەرەقەکە هەر لای خۆمە.

***

١٢-جارێك سەربازێك لە زەمانی عوسمانلی لەشارێك سەرباز دەبێ حەفتەی جارێك دەچێتە حەمام. هەموو جارێك کە لە حەمام دەهاتە دەرەوە لە جیاتی پارە بدات گەڕێکی بە حەمام چی دەکرد دەیگوت شتم لێ دزراوە. چەند جار وەها دەکات حەمام چی وەڕز دەبێ دەچێ لەلای ئامرەکەی شکاتی لێ دەکات. ئامرەکەش بانگی سەربازەکە دەکا ڕەزیلی دەکاو پێی دەڵێ : جارێکی تر شتی وەها بکەی حەپست دەکەم. پاش ماوەیەك سەربازەکە دەچێتەوە حەمام و خۆی ڕووت دەکاتەوە و دەچێتە ژوورەوە. پاش ئەوەی خۆی دەشوات دێتە دەرەوە و دەچێت جلەکانی لەبەر بکاتەوە تەماشا دەکات هەموو جلەکانی دزراوە و تەنها پۆستاڵ و سیدارەکەیان هێشتۆتەوە. ئەویش ماوەیەك دادەمینێ و ناوێرێ بە حەمام چیەکە بڵێ جلەکانم دزراوە لە ترسی ئامرەکەی. دواتر هەڵدەستێ پۆستاڵەکەی لە پێ دەکات و سیدارەکە لەسەر دەنێو دەچیتە بەردەم حەمام چیەکە و پێی دەڵێ : توشەڕەفت کە من هاتم بۆ حەمام وەها بووم.

***

١٣-ساڵێك لە كۆیە كوڕێك شاگرد نانەوا دەبێ وەستایەكەی كچێكی دوانزە ساڵانی دەبێ، لەبەر ئەوەی شاگردەكە شەووڕۆژ لە ماڵێ دەبێ بۆ نەزەر حەلاڵی كابرای نانەوا كچە دوازدە ساڵیەكەی لە شاگردەكەی مارە دەكات. بەینێكی پێ دەچێ شاگردەكە بیانویان پێ دەگری دەڵێ یان لەباخەڵم كەن یان دەڕۆم لەلاتان. وەستاو شاگردەكە لێیان بوو بە كێشە. وا ڕێكەوت وەستا سەفەرێكی هاتە پێش، ژنی وەستاكە گوتی با ئەو كێشە بڕمەوە كە شەو داهات كچەكەی لە باخەڵی شاگردەكە كردو خۆشی لە حەوشە پاڵی بە دیوار دابوو كچەكە لە ژورەوە هاواری دەكرد وەی دایە، دایكیشی هەرجاری كچەكەی وای دەگوت مستێكی لە سینگی دەدا و دەیگوت ئەی دایكت كوێربێ بریا من بام لەجیاتی تۆ.

***

١٤-ساڵێكی لە شارێك دەروێشێك لە كۆڵانان دەسوڕێتەوە هەرهاوار دەكا (خێر دەكەی بۆخۆتی دەكەی،شەڕدەكەی بۆخۆتی دەكەی)، ژنێك لەماڵەكەی خۆیانەوە ڕۆژانە بەم دەنگ و هاوارە زۆر بێزار دەبێ. ڕۆژێك ژنەكە نان دەكات هەڵدەستی دوو ئەستوكان دەكا، هەویری ئەو دوو ئەستوكە بە ژەهر دەشێلێ و جوان سووری دەكاتەوە و بۆ دەروێشی دادەنێ. زۆری پێ ناچێ كابرای دەروێش واوە دێ دەست بە هاوار كردن دەكات( خێر دەكەی بۆخۆتی دەكەی، شەڕ دەكەی بۆخۆتی دەكەی) ژنە بانگی دەكات و ئەستوكەكانی دەداتێ دەڵێ بۆخۆت بیخۆ. ژنەكە كە دەگەڕێتەوە ژورەوە لە دڵی خۆیدا دەڵێ:ئۆخەی ئەم سەگبابە ئینشاللە لەكۆڵ دەبێتەوە. كابرای دەروێش برسی نابێ ئەستوكەكان هەڵدەگرێ بۆ برسیەتی. ئینجا دەروێش بەرەو دەرەوەی شار بەرێدەكەوێ. ماوەیەك لەشار دوور دەكەوێتەوە توشی كاروانێك دەبێ تەماشا دەكا منداڵێكیان پێیە لەبرسان دەگری و هێزی لێ براوە. باوكیشی هەر دڵی دەداتەوەو دەڵێ كورم ئێستا دەگەینە جێ. لەوكاتی دەروێش دەگاتە لایان،

باوکی منداڵەکە ڕوو لە دەروێشەکە دەکات دەڵێ هیچ نانت پێ نییە کوڕەکەم هێزی لێ بڕاوە لەبرسان ؟دەروێشەکە دوو ئەستوکەکەیان دەداتێ، منداڵەکەش یەکسەر دەست بە خواردنی دەکات. دەرویش زۆر دوور ناکەوێتەوە منداڵەکە دەکەوێو دەمرێ. باوکی کوڕە بە مێشکی خۆی دادەدا و دەڵێ بیگرن ئەو دەرویشە سەگ بابە کوڕەکەمی کوشت. کاروانچییەکان سەر لە دوو دەروێشەکە دەنێن و دەیگرن. باوکی کوڕە خەریك دەبێ دەروێشەکە بکوژێ، کابرای دەرویش دەپاڕێتەوە دەڵێ بۆ دەمکوژن خۆ منیش ئەو ئەستوکەم وەرگرتووە. باوکی کوڕەش دەڵێت لە کوێت وەرگرتووە ؟ دەروێشەکە دەڵێ : لەشار ژنێك دایمێ. باوکی کوڕە دەڵێ دەتوانی بمانبەی ئەو ژنەمان نیشان بدەی ؟ دەڵێ بەڵێ. دەرویش پێشیان دەکەوێ بۆ شاری و کۆڵان کۆڵان دەگەڕێن تا دەگەنە بەردەرگای ماڵەکە، دەرویش دەڵێ : ژنەکە لەو ماڵە ئەستوکەکانی دامێ. باوکی کوڕە سەیر دەکات ئەوە ماڵی خۆیەتی، ئەم ژن و پیاوە تەنها ئەو کوڕەیان هەیەو باوکی لە خۆشەویستیان لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ بازرگانی. کاتێك ژنەکە تەرمی کوڕە تاقانەکەی بۆ دەچێتە ژوورەوە بەسەرو مێشکی دادەداو لە خۆی دەچێ. پاش ئەوەی مێردەکەی بەخۆی دێنێتەوە و ڕوداوی مردنی تاقە کوڕەکەیانی بۆ دەگێڕێتەوە و ژنەکەش کردەوەکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە لەگەڵ کابرای دەرویش. ئینجا هەردووکیان بە جوتە دەڵێن (خێردەکەی بۆخۆتی دەکەی شەڕ دەکەی بۆخۆتی دەکەی ). دەرویش بەڕەڵلاّ دەکەن.

***

١٥-ساڵێکی کابرایەکی کۆیی دەچێتە سلێمانی، دۆستێکی کۆنی دەبێ ماڵەکەیان شارەزا دەبی چونکە چەند جارێکی تریش چوەتە ماڵەکەیان. کە دەگاتە سلێمانی شەو دەبی لەوکاتیش بەفرو بارانێکی بە تەوژم دەبارێ. کابرا چەندی دەسوڕێتەوە ماڵی دۆستەکەی نادۆزێتەوە و کۆڵانەکەشی لێ تێك

دەچێ و کەسیش ناناسێ ئەو شەوەی لەلا بەسەربەرێ. ئەو کاتەش ئوتێلو شت نابێ بۆیە بە ناچاری دێتە مزگەوتی کاکە ئەحمەدی شێخ. لە حەوشەکە دەسوڕێتەوە تاکو پەنایەك بدۆزێتەوە خۆی لە بەفروباران ڕزگار بکات، هەست ڕادەگری گوێی لەدەنگە دەنگ دەبێ، ئەویش بە دوو دەنگەکەدا دەچێ سەیر دەکا لە ژوورێك کۆمەڵێك کوێری لێیە. دەچێتە ژورەوەو سەلامیان لێ دەکاو حاڵی خۆی دەگێڕێتەوە بۆیان، ئەوانیش دای دەکەن و وشکی دەکەنەوەو ماوەیەك پشو دەدات کوێرێکیان لێی دەپرسی ئەو دۆستەی دەچویە ماڵیان ناوی چی بوو ماڵیان لەکام گەڕەك بوو ؟ ئەویش ناوی کابراو گەڕەکەکەی پێ دەڵێ. کوێرە خۆی دەبەستی و بە کابرا دەڵێ هەستە بچین ماڵەکەت نیشان بدەم. کۆڵان بە کۆڵان دێن کوێرە کابرای چاوساغ دەباتە بەر دەرگای ماڵەکەو بۆی لە دەرگا دەداو تەسلیم بە ماڵەکەی دەکات.

***

١٦-دەگێڕنەوە جارێك کوڕێکی زۆر شۆخ سواری ولاغێك دەبێ دەچی بۆ شار. لەڕێگا لادەداتە ڕەشماڵێك بۆ حەسانەوە. زۆر ڕێزی دەگرن. بەڕێکەوت ئەو ماڵە کچێکی عازەبیان دەبێ، دایکی کچە بە کچەکەی دەڵێ :داکچم بڕۆ سەرکانی کوندەك ئاو بێنە. کچەکەشی کوندەکە هەڵدەگرێو دەچێتە سەرکانی. لەکاتی کوندە پڕکردن کچەکە چاوی بە گلوکە سوورێك دەکەوێ لە سەرووی کانیەکە، کچە دالغەیەکی لێ دەدا لە دڵی خۆیدا وادەخوازێ کە ئەم سوارە شۆخە بۆ خوازبێنی ئەو بێت و منیش کوڕێکم لێی دەبێت و بەسەردان دێینەوە ماڵی باوکم و کوڕەکەشم دێ بۆ سەر ئەو کانیە و چاوی بەم گولوکە سوورە دەکەوێ و دەچێ دەستی بۆ درێژ دەکا بۆ ئەوەی گوڵەکە بکات بەڵام بەردەبێتەوە ناو ئەو کانیەو دەخنکێ. کچە لەڕاست خۆیەوە دەست بە هاوارو لەخۆدان دەکات و دەڵێ دایکت کوێربێ ئەی دایکت بمرێ ڕۆڵە. لەماڵەوەش چاوەڕێی ئاو هێنانی کچەن. کە هەرنایەتەوە دایکی کچە بەدوایدا دەچێ. کە

دەگاتە سەر کانیەکە تەماشا دەکا کچەکەی بە لەخۆدان هاوار دەکا :دایکت بمریٚ ڕۆڵە ڕۆ. دایکی کچەش هاوار دەکا کچیٚ کچم چیت لیٚ قەوماوە. کچە بەخۆ دیٚتەوەو دالغەکەی بۆ دایکی دەگیٚڕیٚتەوە. ئەمجارە دایکی کچە لەڕاست خۆی دەست دەکا بە لەخۆدان و دەڵیٚ:ئەی داپیرەت بمریٚ ڕۆڵە ڕۆ. باوکی کچە لەبن ڕەشماڵەکە نیگەران دەبیٚ لە نەهاتنەوەی ژنەکەیی و کچەکەی، ناچار بەدوایان دادیٚ. کە تەماشا دەکات دەبینی ژنەکەیی و کچەکەی زۆر بە گەرمی وا خەریکی لە خۆدانن و ڕۆڵە ڕۆیانە. پیاوەکە بە مشەوەشیەوە هاواریان لیٚ دەکا : کچیٚ ئەوە چیتانە، چیتان لیٚ قەوماوە ؟ دایکی کچە دیٚتە پیٚشیٚو دەڵیٚ : کچەکەمان ئەو سوارە دەیخوازیٚو کوڕیٚکی لیٚی دەبیو، کوڕەش دیٚتە سەر ئەو کانیە و دەست بۆ ئەو گوڵوکە سوورەی سەر کانییەکە دەبا بەلاٚم بەردەبیٚتەوەو دەکەویٚتە ناو کانیەکەو دەخنکیٚ. باوکی کچەش لەڕاست خۆیەوە دەست بە لەخۆدان دەکاو دەڵیٚ : ڕۆڵە باپیرت بمریٚ ڕۆڵە ڕۆ.

کابرای سواریش تەماشا دەکا هەمویان چوون و نەهاتنەوە، ئەویش بە دوایاندا دەچیٚ کە تەماشا دەکا هەرسیٚکیان ڕۆڵە ڕۆیانە و لەخۆیان دەدەن. سوارەکە لیٚیان دەپرسیٚ ئەوە چیتان لیٚ قەوماوە والەخۆتان دەدەن ؟ باوکی کچەش قسەکانی بۆ دەکا. سوارەکە کە ئەم حاڵە دەبینیٚ دەکشیٚتەوە و دەڵیٚ : وەلاٚ بابە من لەگەڵ کەران تیٚکەڵ نابم نەوەکو منداڵی وەکو ئیٚوە کەرم ببیٚ و لیٚدەدا دەڕوا بەسواری ولاٚغەکەی.

***

١٧-شەویٚکی دوو ژن ماڵیان بەرامبەر یەکتری دەبی، سەرلە ئیٚوارەوە ئەو لەوبەر و ئەویتر لەوبەر قسان لەگەڵ یەك دەکەن، کاتیٚك مەلا بانگی بەیانی دەدات دەڵیٚن (جەللە جەلالەهو ) ئەوا بانگی عیشایەشی دا. یەك لەو دووژنە میوانیٚکی خۆشناویان دەبیٚ کەریٚکی پیٚ دەبی، دەبینن کابرا کەرەکەی بە پیٚشە خۆی دەدا ولە کۆیەوە دەڕوا بەرەو خۆشناوەتی. دوو ژنەکەش سەریان

دەسوڕمێ و دەڵێن : ئەو کابرایە بەو بانگی عیشایە بۆ کوێ دەچێ ؟ دەست دەکەنەوە بەقسەکردن. زۆری پێ ناچێ دەبینن دنیا خەریکە وردە وردە ڕوناك دەبێتەوە، بەیەکتر دەڵێن : ئەیەڕۆ خۆ ئەوە ڕۆژ بۆوە خۆ چار قسەمان نەکرد.

١٨-جارێکی پیاوێك ژنێکی دەبێ لە منداڵ بوون وەستابۆوە بەلاَم نەیدەویست دان بەوەدابنێ کە چیتر منداڵی نابێ هەر ڕۆژە بەدرۆ دەیگوت وەلاَ زگم هەیە و پاش بەینێك دەڵێ وەلاَ لەبەرم چوو. چەند ساڵێك بەو جۆرە دەڕوا. شەوێك میوانێکی زۆریان دەبێ قسە لەهەموو بارێك دەکرێ تا دێتە سەرمنداڵ بوون. لە ژنەکە دەپرسن عەیب لەتۆیە یان لە پیاوەکەت ؟ ئەویش لە وەرام دەڵێ: وەلاَهی مەشکە ئەگەر چاکی بژەنی شتێکی هەر لێ پەیدا دەبێ.

***

١٩-ساڵێکی باش چاوەشێك دەبێ زۆر لەگەڵ خەڵك خراپ دەبێ،هەتا خراپە هەبوو با بەلای چاکە نە دەچوو. ماوەیەکی دووردورێژ باش چاوەش دەبێ وای لێ دێت زۆر پیر دەبێ و کەم هێز دەبێت. خەڵکی پێی دەڵێن : باش چاوەش تۆ ئەو دوادوای تەمەنتە و دەوجا خۆت تقاعد بکەو ڕوو لەکردەوەی چاکە بکە و هاتوچۆی مزگەوت بکەو ڕوو لە خوای بکە. ئەویش کەمێك سەری دادەخا ئینجا سەری بڵند دەکاو دەڵێ :توخوا لێم گەڕێن ئەگەر دەشمرم با بە باش چاوەشی بمرم.

***

٢٠- ساڵێك لە کۆیە ژنێك هەبوو ناوی خەجیج بوو، مێردەکەی ناوی عومەر بوو. بەڕێکەوت مێردەکەی نەخۆش کەوت بردیانە نەخۆشخانە. دکتۆر لە نەخۆشخانە نواندی. پاش هەفتەیەك ژنەکەی چوە لای دکتۆرەکە گوتی: دکتۆر مێردەکەم بۆ فەحس بکە بزانم چۆنە. دکتۆریش لەگەڵی چوو بۆ قاوشی نەخۆشەکان و لەوێ عومەری مێردی ژنەی زۆرچاك فەحس کرد،

ئینجا دکتۆر ڕووی لە ژنەکە کرد و گوتی : خوشکم نەخۆشەکەتان زۆرچاك بووەو دەتوانی بیبەیتەوە بۆماڵەوە. ژنەکەش بە دکتۆری گوت: من بە فەحسی تۆ باوەڕناکەم دەیبەمەوە بۆ ماڵێ خۆم فەحسی دەکەم ئەگەر چاك بووبێ من لەتۆ چاکتر دەزانم.

***

٢١-بەبیرم دێ لە تەکیەی (شێخ ڕەسول)ی دەیان گوت دێوی لێ بەستراوەتەوە، منداڵ بووم کە بە وێدا تێدەپەڕیم لەم شوێنە دەترسام. لە مەلا شێخ سدیق-م پرسی گوتم:جاران لەو جێگەیە دەترسام، ئەویش گوتی :لەزەمانی مامە شێخ ڕەسول-م ئەو قسە هەبوو دەیگوت:دێوم لە ژورێ بەستیتەوە. کەچی ڕۆژێکی لەگەڵ ئەو مامەم دەچوین بۆ گوندی قوڕەبەرازە، ئەو سواری گوێ درێژێك بوو منیش گەنج بووم بەپێ دەڕۆیشتم. لەنیوەی ڕێگا مامەشێخ ڕەسول-م بانگی من دەکاو دەڵێ:سدیقە سدیقە وەرە ئەو کەرەم بۆ بگرە بەمن زەوت نابێ و ناگیرێ. منیش چووم سەری کەرەکەم بە قەڕاسەکە گرت و چوومە پێشێ لە مامم گوتم:مامە تۆ دەڵێی ئەمن دێوێ دەگرم کەچی کەریشت پێ ناگیرێ.

***

٢٢-کابرایەکی پیر کچێکی منداڵی هێنا بوو شەوێ هیچی بۆ نەدەکرا کچەی بەوە ڕازی دەکرد چوارجار یان پێنج جار گیری بە شوێنەکەی دادەینا و دەیگوت ئەوە ئەوەندەمان کرد. بۆ بەیانی کچە دەچوو بۆ کانی ژنان پێنج جار غوسلی لەخۆی دەردەکرد، ژنانی سەرکانی هەمووی سەرسام دەمان و لەکچەیان دەپرسی ئەوە ڕاستە کە پێنج جارتان کردووە ؟ کچەش وای دەزانی کردن وەهایە سوێندی دەخوارد دەیگوت ئەوەندەمان کردووە. چەند ساڵێکی پێ چوو کابرای مێردی کچەکە مرد. پاش ماوەیەك کوڕێکی گەنج لە گوندی کچەی خواست. ئەو شەوەی کوڕە چوە لای کچەکە و لەگەڵی دروست بوو، کچە دنیایەکی دی بەچاوی خۆی دیت. لە دڵی خۆیدا دەیگوت :ئەو پیرە سەگەی

پێشو چەند ساڵە منی دەست خەڕۆ کردووە. بەیانی کە ڕۆژ بووەوە، گەراکوتکەکیان هەبوو چوو گەراکوتکەکیشی خواستەوە و دایە دەست مێردە تازەکەی و گوتی وەرە لەگەڵم. هەردوکیان چوونە سەر قەبری مێردی پێشوی، ژنە لەدیوێك بە گەراکوتك لە قەبرەکەی دەدا بە مێردە تازەکەشی دەگوت ئەتوش لەدیوەکەی دی لێدە لەو سەگبابە چەند ساڵە فێڵی لەمن کردووە. بەهەردوکیان ئاسنگەری لێیان دەدا.

سەرنج:- گەراکوتك دار بوو جاران لە کوڵ کردن ژن جلکیان پێ دەکوتا تا چڵکەکەی لێبێتەوە.

★★★

٢٣-کورتان درویێك هەندێك پارەی کۆکردبوەوە نەیدەزانی لە کوێی دانێ. ڕۆژێکیان وای بە مێشکی دادێو دەچی دەیخاتە ناو قەدی کورتانێك و دەیدرویێتەوە بۆ ئەوەی کەس شکی نەکات و کورتانەکە دەخاتە ناو کورتانەکانی دی. وا ڕێك دەکەوێ ڕۆژێکیان کریارێك دێت کورتانێکی لێ دەکڕێت، کە پارەکەی دەداتێ دەست دەبا ئەو کورتانەی کە پارەکەی تێدایە ئەو هەڵدەگرێو دەیباو دەڕوا. کاتێك کورتان درو بەبیری دێتەوە کە پارەکەی لەو کورتانە دابوو کابراش ناناسێو ناناسێتەوە، بەمێشکی خۆی دادەدا و هاوار دەکا دەڵێ : ڕۆیی ڕۆیی. وای لێدێت کورتاندروو ڕۆژێ چەند جاری بەبیری دەهاتەوە وەکو شێتان هاواری دەکرد (ڕۆیی ڕۆیی). ماوەیەکی زۆری پێدەچی ڕۆژێکی کابرایەك کۆنە کورتانێکی دێنێتە لای کە بۆی چاك بکات و گوتی:چەندیشم لێ دەستێنی ؟ وەستا بە نرخێك لەگەڵی ڕێك دەکەوێ و دەڵێ پاش دووڕۆژی دی وەرە بیبەوە. کابرای کورتان درووبۆ بەیانی کورتانەکەی هەڵوەشاند بۆ ئەوەی چاکی بکات، سەیری کرد پارەکەی خۆی کە لەناو کورتانەکەی گۆڕینی نابوو هەمان شوێن و هەمان کورتانەکەیە کە خۆی پارەی لەناو حەشار دابوو، کەپارەکەشی ژمارد سەیری کرد تەواوەو هیچی کەم نییە بۆیە لە خۆشیان هاواری کرد (هاتەوە هاتەوە ).

٢٤-کابرایەك ڕۆژێکی میوانێکی دێت. ئێوارەکە دەچنەوە ماڵێ و نوێژێ دەکەن و خواردنیان بۆ دادەنرێ و ژنی خاوەن ماڵیش بەرامبەریان دادەنیشێ لەسەر چینچکان. مێردی ژنەکە تەماشای ناو لینگی ژنەکە دەکا دەبینی دەرپێکەی دڕاوەو هەرامەکەی دیارە،دەیەوێ دەرفەتێکی بۆ هەرکەوێ بە ژنەکەی بلێ کە خۆی داپۆشێ بۆی ڕێك ناکەوێ. کابرا ناچار دەبی ڕوو لە میوانەکە دەکات و دەلێ:ئەمساڵ دارەڕێی ئەم ژوورەم تازە کردۆتەوە تەماشای بکە بزانم چۆنت ڕا لێیە؟ هەتا میوان سەری بلند دەکا مێردی ژنە دەستێك بۆناو لینگی ژنە دەبا بە ئیشارەت پێی دەلێ :ئێرەت داپۆشە. کە دەستی مێردەکەی بەناو لینگی ژنەکە دەکەوێ ژنە ڕادەچەنیو لەگەڵ ڕاچەنینەکە تڕێکی لێ بەردەبی. لەوکاتیش میوان سەری دادەخاو لەشتەکە دەگا، بەمێردی ژنەکە دەلێ:بەخوا هەر دەستت تێ نەدابا باشتر بوو.

★★★

٢٥-لە هەولێرێ کابرایەکی عەللاف دەغڵ و دانێکی زۆر دادەکا، وادەبی ئەو ساڵەش باران کەم دەبی لە هەولێرێ خەڵك لەلایەك قوربانی و خێرو خێرات دەکەن و لەلایەك زکرو تەهلیلەو نوێژەبارانە دەکەن و لەلایەك منداڵ دەکەونە کۆلأنان بە بووکەبارانەوە. کابرای عەلافیش دڵی زۆر خۆش دەبی هەر لە دڵی خۆیدا حسابێ بۆ دەغڵ ودانەکەی دای کردووە دەکاو دەلێ: ئەگەر نرخی بگاتە ئەوەندە ؟ ئەوەندە پارە دەکا. خەلکیش دڵیان زۆر توند دەبێ شەووڕۆژ لەبەر خوا دەپاڕێنەوە کە ڕەحمەتێکی بنێری. ڕۆژێکی چێشتان دەبی پەلە هەورێك لە ئاسمان پەیدا دەبی وردە وردە زیاد دەکا تا هەموو ئاسمان دادەگری. کابرای عەللاف لە دوکانەکەی خۆی بەکزی دادەنیشی چایخانەکیشی لە تەنیشت دەبی لەو چایخانە شاگردێکی دەم قەلەبالغی لێ دەبی، شاگردەکە هەر زوو زوو سەری لە چایخانەکە دەردێنێ و هاوار دەکا: خوایەبباری..خوایەبباری. وردە وردە بارانیش دەست بەبارینێ دەکا.

شاگردەکەش خۆش خۆش هاوار دەکا خوایە ببارێ. کاتێك بارانەکە وەك کوندەی سەربەرەژێر دەست پێ دەکا لەشەقام و کۆڵانەکان لافاو هەڵدەستێ. عەللافەکە هیوا بڕ دەبی لەو کاتیش شاگردەکە دیسان سەردەردێنی و هاوار دەکا خوایە بباری خوایە بباری، کابرای عەللاف لێی بەدەنگ دێ دەڵێ: کەر داکت بگێ چ خوایە بباری خوایەببارێتە خۆ گەنم ناباری قوڕ دەباری.

★★★

٢٦-جارێکی (محمدی مەلاسابیر) بۆی گێڕامەوە گوتی:ئۆتۆمبیلم پێبوو لە گوندی خەرابە دەهاتمەوە بۆ کۆیە لە ڕێگا توشی کابرایەك بووم دەستی بۆ ڕاگرتم کەسواری کەم، منیش بۆم ڕاگرت و ئەویش هات لەڕیزی پشتەوەم سواربوو،ڕێگاکەش زۆرتاسەدار بوو ئەوەندە هەڵزەقینەوە کاتێك لەگەڵ تاسەیەکی گەورە بڵند و نزم بوینەوە من بایەکی گەورەم لێ بەربوو. نەختێك تەریق بومەوە دوایە لەدڵی خۆم گوتم لەوانەیە لەبەرگرەی ئۆتۆمبیلەکە گوێی لێ نەبووبێ. دەستم بەگۆرانی گوتن کرد کە شتەکە بەسەر بەرم. زۆرم گۆرانی گوت تا نزیکی کۆیە بوینەوە،لە دڵی خۆمدا گوتم با پرسیارێکی لێ بکەم. ڕووم تێ کرد گوتم : کاکەگیان گۆرانیەکانی بۆم گوتی بەلاتەوە خۆش بوو ؟ گوتی:ئەرێ وەڵڵە زۆر خۆش بوون بەڵام لاوکەکەی یەکەم جارت لەهەموان خۆشتر بوو.

★★★

٢٧-دەگێڕنەوە کابرایەك دووژنی هەبووە، چوە بۆ گوندان بۆ مەڕانە وەرگرتن. ئەو کاتە مەڕانە دەستاندرا کابراش قۆڵچی بووە لەگەڵ مەئمورەکەی چووە و سێ مانگیان پێ چووە، کە هاتۆتەوە دووژنەکەی هەردوکیان لالوت بوون لەگەڵیداو کە قسەی لەگەڵ دەکردن بە پەستیەوە وەڵامیان دەدایەوە. ئەویش لە هەردووکیانی پرسی بۆچی وا کزو عاجزن، یەکیان گوتی: ئەوە تۆ سێ مانگە ڕۆیشتووی هیچ ئاگات لەمن نییە کە چەندە نەخۆشم. ئەویدیشیان

لەوەرام گوتی: پیاوەکە ئەتو حەقی ئەوەت نەبوو ژن و مالّت هەبێ، ئەمن ئەوە کراسم لەبەر نەمایە ئەتو ئاگات لێ نییە خودا لێت هەلّناگرێ. کابراش خۆی رادەگری هەتا شەو دادێ، کە کاتی نوستن دێت خۆی دەگەیەنێتە یەکیان و لەگەلّی دروست دەبی. پێش مەلا بانگی بەیانیش بدا خۆی دەگەیەنێتە ئەوی تر و لەگەلّ ئەویش دروست دەبێ. کە رۆژ دەبێتەوە هەلّدەستن و دوای نان خواردنی بەیانی کابرا خۆی دەگۆریو پێلاّو لە پێ دەکا و بە ژنە نەخۆشەکە دەلّێ : ئافرەت هەستە لەگەلّم وەرە بابچینە لای دکتۆر بەلّك و چارەسەری نەخۆشیەکەت بکا. ژنەکە دەلّێ :پیاوەگە ئەزیەت مەکێشە تۆزێك قەلبم خۆش بوە انشاالله خوا شیفام دەدا. روو دەکاتە ژنەکەی تریش دەلّێ ئافرەت هەستە بابچینە لای بەزاز بەلّك و کراست بۆ بکەم با بەرووتی نەمێنیەوە. ژنەش لە وەرام گوتی: پیاوەکە با سەغلەتت نەکەم کۆنە کراسێکم هەیە لەگەلّ ئەوەی بەرم لێکیان دەدەم ئەمسالّی پێ بەرێ دەکەم. کابراش دەستی خستە سەر ...... و بە ... گوت: بەرازی، کورِی بەرازی خۆت دکتۆرو بەزازی.

***

٢٨-شێخ نورالدینی جەلی زادە دەیگێرِایەوە و گوتی:باوکم حاجی عبدالله ی جەلی زادە چووە حەج، کە هاتەوە گێرِایەوە گوتی:کابرایەکی قۆرِ کە گونی بەقەد تورەگەیەك دەبوو لەناو لینگی لە ژوورێك کە بیری زمزم ی لێوە نزیك بوو خەریکی نوێژ کردن بوو، کابرایەکی باخەلّ برِ لەوێ دەبی. کە کابرای قۆرِ سەر بە سجدە دەکات لە کابرای باخەلّ برِ وابێ ناو لینگی کابرای قۆرِ کیسە پارەیە، بۆیە بە چەقۆیەکی تیژ یەکسەر ناولنگی دەبرِێ و گونی لێدەکاتەوە. کابرای قۆرِ دەکەویتە پەلە قاژەو دەمری. باخەلّ برەکەش کە ئەوە دەبینێ کەسیشی لێنابێ دەترسێ خەلّك بەسەر دابێ و ئاشکرا بێت، گورج مردوەکەو کیسەکەی ناو لینگی دەخاتە ناو بیری زمزم. پاش ماوەیەك

بۆگەنی لەناو بیرەکە دێت خەڵکەکەش هەڵدەستن بە دەردانی بیرەکە و لاشەکە دەردەهێنن و شتەکە بۆ خەڵك ڕوون دەبێتەوە بەڵام بێ ئەوەی کابرای باخەڵبڕ بناسرێ.

***

٢٩-جارێکی کابرایەکی خۆشناو دەچێتە حەج. خزمەکانی هەتا کەرکوك لەگەڵی دەچن بۆ بەڕێکردن، جارانیش لە کەرکوکەوە دەبوایە سواری حوشتر بن بۆ حەج. کاتێك حوشترەوانەکە حوشترەکە ییخ دەکاو کابرای خۆشناو سوار دەکاو دەنگی حوشترەکە دەدا بۆ هەستان، کە حوشتر ڕاست دەبیتەوە کابرای خۆشناو دەگاتە حەوای، ڕووله خزمەکانی دەکاو دەڵێ:برایان گەردەنم ئازاد کەن ئەگەر چونەوە ناو خزمان پێیان بڵێن خوا لەبۆ خۆی بردەوە.

***

٣٠- جارێکی کابرایەکی هەڵشۆیی پێی خواست دەکات و دەچێتە سەر دارگوێز بۆ گوێز داوەشاندن. کاتێك کە پێ لەقە لە دارگوێزەکە دەدا پەلە دارێك بە بنی پێی دادەچێت و لە پشتی پێی دەچێتە دەر. ڕەفیقانی کە لەگەڵی دەبن دەچنە سەر دارەکە بۆ ئەوەی قاچی لە پەلە دارەکە دەربێنن و دوای دەرهێنان پاش ئەوەی خوێنێکی زۆری لێدێ دەیبەستنەوەو زۆریان پەرۆش دەبێ دەڵێن برام انشاالله کەفارەتەغەمێ مەخۆ انشاالله زوو چاك دەبیتەوە.
ئەویش دەڵێ:برایانم خوا ڕەحمی کرد پێڵاوەکەم لە پێدا نەبوو دەنا ئەو دیو ئەودیو کونی دەکرد قەیدی قاچم ناکا.

***

٣١-جارێکی کابرایەکی کوێر ڕێی لێ تێك دەچێ مل لە حەمامی ژنان دەنێ. دەبێتە قاژو قیژ ژنان خۆیان لە پەنایان دەنێن، کوێرەش دەڵێ : خەڵکینە ڕێم لێ تێك چووە. ژنێکی ئازا بە ڕووتی دەچێتە پێش کابرای کوێر دەنگی دەدا کە ڕاوەستێ. کە کوێرە دەوەستێ ژنەکە لێی دەپرسێ بۆ هاتوی بۆ ئێرە

؟ کابرای کوێر دەڵێ:ڕێگام لێ هەڵە بووە و چاوم نابینێ. ژنەکەش بە ڕووتی لێی دەچێتە پێش و دەست لەسەر مەمکی دادەنێ دەڵێ : ئەوە چییە؟ کوێرە دەڵێ چاوم نابینێ نازانم. ژنە دەست لەسەر زگی دادەنێ دەڵێ : ئەوە چییە؟ کوێرە دەڵێ چاوم نابینێ نازانم. دواجار ژنەکە دەست لەسەر پشتی شتەکەی خۆی دادەنێ دەڵێ : ئەوە چییە؟ کوێرە دەڵێ: ئەگەر کوێریش بم چاوم ئەوەی هەر دەبینی.

***

٣٢- جارێکی عارەق خۆرەك دەچیتە لای مەیخانە چی دەڵێ : نیو قاپم عارەق بدەیە کە بمگری، بەلاّم نەمگری پارەکەت لێ دەستێنمەوە. کابرا نیوقاپ عارەقەکە دەباو دەیخواتەوە سەرخۆش دەبی، بەجۆرێك دەیگری دەرپێ و پانتۆڵ فرێ دەداو بە گونی ڕوتی دەچێتەوە لای مەیخانە چییەکە و دەڵێ: عارەقەکە نەیگرتوم بدە پارەکەم بدەوە. مەیخانە چییەکەش خەڵك کۆدەکاتەوەو دەڵێ: توخوا خەڵکینە ئەوە ئەگەر نەیگرتبێ بەم شێوە دێتە ناو خەڵکی ؟ ئەوانیش بە سەرخۆشەکە دەڵێن : پارەی خۆت هێناوەتەوە.

٣٣-جارێکی کابرایەك میوانی ماڵە ڕەشماڵێك دەبی، ئەو ماڵە سەگێکی ڕەشی زۆر دڕیان دەبی بەڕۆژ دەیبەستنەوەو بە شەویش بۆ پاسەوانی بەڕەلاّی دەکەن. کە شەو دادێ و کاتی نوستن دێ جێگا لەناو ڕەشماڵێ بۆ کابرا ڕادەخەن. نیوەی شەوێ کابرای میوان تەنگاو دەبی بەلاّم لەترسی سەگە ڕەشەکە ناوێرێ بچێتە دەرەوەی ڕەشماڵەکە. کابرا زۆر سەغڵەت دەبیو نازانی چ بکات. تەماشا دەکات منداڵێك لەوێ لەناو لانك دایە، کابراش دەچی لەسەرەخۆ دەسرازەی لای دامەنی منداڵەکە دەکاتەوەو پیسایی خۆی هەموو لەبن منداڵەکە دەکات. کە ڕۆژ بوەوە دایکی منداڵەکە لە لانکەکە دەردێنی سەیر دەکا پیسایەکی زۆری لەژێردایە کە بە هی منداڵ ناچێ. ئەویش ئەندامانی خێزانەکەی بانگ دەکات و دەڵێ : سەیرکەن کەی گوی منداڵی من

وا گەورە بووە. کابرای میوان لەولاوە بە جواب دێ دەڵێ:هەتا ئێوە خاوەنی سەگی ڕەش بن گوی منداڵتان لەوەش گەورەتر دەبی.

***

٣٤-جارێکی لە گوندێکی نزیك شار نەخۆشێکیان دەبی زۆر پەرێشان دەبی، دەنێرنە شاری لە مزگەوت فەقێیەکی دەینن بۆ ئەوەی یاسینی لەسەر بخوێنێ. کە فەقێیەکە دەچێتە پشت سەری نەخۆشەکەو دەست دەکات بە یاسین خوێندن، ژن و منداڵەکانی لەوێ دەبن دەست دەکەن بە چریکو هۆڕی گریان و کەس گوێی لە یاسینی فەقێ ناگری، فەقێیەکە دەنگی زۆرخۆش دەبی بەیتی ناسرو مارماری باش لەبەر دەبی کە دەبینی کەس گوێی لێ ناگری یاسینەکە دەگۆڕی بە بەیتی ناسرو مارمار. ژن و منداڵەکان سەبر سەبر بێ دەنگ دەبن و هەموی گوێ دەدەنە کابرای فەقێ تاکو لێدەبیتەوە . ئەوجا هەموو دەڵێن : مامۆستا هەزار ڕەحمەت لەباوکت بێ، ئەدی مادام ئەو یاسینە خۆشەت دەزانی ئەو فلتە فلتەی پێشوت لەچی بوو.

***

٣٥-جارێکی مەلای گوندێك وەعزان دادەدا دەڵێ:تارەت کردن لازمە پێویستە خەڵك خۆی چاك لێك بکاتەوە و دامەنی خۆی چاك پاك بکاتەوە دەنا نوێژی دروست نابێ. ئاغای گوندەکەش قسەکە لە گوێ دەگرێ، کە دەچیتە قولەتێنی پیاوان بۆ دەست نوێژ شوشتن لەکاتی تارەت کردن خۆی چاك لێك دەکاتەوە بۆیە ترێکی گەورەی لەناو خەڵکەکە لێ بەردەبی. لەتاوان ئاغا دەڵێ :بەکیری مەلای گەواد ئەگەر ئەو ئەم جۆرە ئامۆژگاریەم نەکا منیش لەناو ئەم خەڵکە توشی ئەم عەیبە نابم.

***

٣٦-جارێکی لە گوندێك گاوانێك گاڕانەکەی لە دووری گوندی دەلەوەڕێنێ. لەناو گاڕانەکە هەموو جۆرە کەرو جاشك و مانگای تێدا دەبی. وا ڕێك دەکەوێ دووکەس دەچن بۆ ئەم گوندە تووشی ئەم گاڕانە دەبن. دەبینن گاوانەکە لەو هەموو جاشك و جۆشکە ماکەرێکی پیری دایتە بەرێ لە عەمەلی دەینی. دووکەسەکەش بە گاوانەکەیان گوت: هەی ئاخر شەڕ لەو هەموو جاشکە ئەم پیرە کەرە چییە تۆ لە عەمەلی دەینی ؟گاوانیش لە وەرام دەڵێ:کاکەگیان بەخوا هەموویم تاقیکردۆتەوە هەر ئەو پیرە ماکەرەمابوو کە بزانم تامی چۆنە.

***

٣٧-باوکێك کوڕێکی زۆرنالەباری دەبێ،لەگەڵ باوکی زۆرخراپ دەبی هەموو ڕۆژێ گیروگرفتەك بۆ باوکی پەیدا دەکا. ڕۆژێکیان لەسەر شتێك لەباوکی تووڕە دەبێ، پەلاماری باوکی دەدا هەتا شل دەبی لێیدەدا، ئەوجا بڕی ناشکێ هەردوو قاچی دەگری و بەرەو کۆڵان ڕایدەکێشێ. کە دەگاتە دەرگەی حەوشە باوکەکەی بەجواب دێ دەڵێ:سەگباب بەسە منیش کاتی خۆی باوکم هەرهەتا ئێرە ڕاکێشاوە.

***

٣٨-جارێکی لەناو گاڕانی گوندێك مانگای مەلا قۆچێك لەمانگای پیرەژنێکی گوندەکە دەدات بەریدەداتەوە قاچێکی دەشکێ. گاوانەکە بە ڕاکردن دەچێ هەواڵەکە بە پیرە ژنەکە دەڵێ. پیرەژنەکە عاقڵ دەبێ هەڵدەستی دەچێتە لای مەلا و بە پێچەوانەوەپێی دەڵێ: مامۆستا مانگاکەی من قۆچێکی لە مانگاکەی تۆ داوەو قاچێکی شکاندووە لەو بارەوە شەرع دەڵێ چی؟ مەلا دەڵێ شەرع دەڵێ : مَن لە مانگاکەی تۆ شیرم دەکەوێ، ماستم دەکەوێ، ڕۆنم دەکەوێ، هەمووشتێکم دەکەوێ هەتا مانگاکەم چاك دەبیتەوە دەبی هەموو شتم

بەشدەی. پیرەژن دەڵێ: مامۆستا ئەدی ئەگەر مانگای تۆ قاچی مانگای منی شکاندبێ چۆنە؟ مەلا دەڵێ : ئەوجا ئەوە شەرعێکی ترە.

★★★

٣٩-ساڵێکی کابرایەکی کەم زان لە گوندێك دەبی،ئەو گوندەش هەر نانی هەرزنیان دەبی.ڕۆژێکیان کابرا ئەوەندە نانی هەرزن دەخوا زۆر قەبز دەبی و زگی بەژان دێ. دەچێتە سەر پێشاو هەرچەند قوەتان دەکا زگی دەرناچێ لەتاوان دەڵێ : دەوەرەدەرێ خۆ ناتخۆم.

★★★

# وەفاداری تانجی و پشیلە

دەگێڕنــەوە کــوڕێکی بــێ بــاوك هــەبوو پــیرە دایکێکــی هــەبوو، کوڕەکــە نــاوی (ئەحمەد) بوو، هەموو ڕۆژی دەچوو کۆڵە پووشێکی دەهێناو لەبازاڕ دەیدا بە دووقران،قرانێکی خەرج دەکردو قرانێکی پاشەکەوت دەکرد. تا وای لێهات (٩٠) نەوەت لیرەی پاشەکەوت کرد. ڕۆژێکی بە بازاڕی دادەڕۆیشت کابرایەکی دیت سندوقێکی لەسەر سەری داناوە دەیفرۆشێ و بانگ دەکا دەڵێ : لە سەد لیرەی کەمتر نادەم تەنها یەك کلیلیشی لەگەڵە وە نابێ بکرێتەوە تەنها ئەو کەسەی دەیکڕی ٌو پارەکەی دەدات چونکە نهێنی تێدایە. سەیری کرد چەندین کەس (٩٠) نەوەت لیرەیان دایە نەیدا، ئەحمەدیش ئەو نهێنیەی لێ بوو بە مەراق لە دڵی خۆیدا گوتی : من تەنها (٩٠) نەوەت لیرە شك دەبەم ئەگەر سەد لیرەم هەبوایە دەمکڕی. پاشان بە دڵی داهات گوتی: واچاکە بچم (١٠) دە لیرە قەرز بکەم. چوو بۆ لای ئەو کابرایەی هەموو ڕۆژێ پوشی بۆ دەهێنا پێی گوت:مامە گیان (١٠) دە لیرەم بدەیە بە قەرز کارێکی گرنگم پێی هەیە هەموو ڕۆژێ پوشت بۆ دەهێنم تاکو (١٠) دە لیرەکە پڕ دەبێتەوە. کابراش (١٠) دە لیرەکەی دایە. چووە ماڵەوەش (٩٠) نەوەت لیرەکەی کۆی کردبووەوە هێنایی وسندوقەکەی لە کابرای سندوق فرۆش کڕی. لە دڵی خۆیدا گوتی:وا چاکە بچم لە دەرەوەی شاری بیکەمەوە بزانم چی تێدایە. ڕۆیشت بۆ دەرەوەی شارو نزیکەی یەك سەعات ڕێ لەشار دوور کەوتەوە، لە جێگایەکی چۆڵ و لاپەڕگە دانیشت و کلیلی هاویشتە ناو سندوق و سەری سندوقەکەی هەڵدایەوە سەیری کرد فەرخە مارێکی زۆر جوان و ڕەنگاوڕەنگی لێ دەرپەڕی و بەرامبەر (ئەحمەد) هەڵسا سەر کلك و پێی گوت:ئەی برادەر نازانم تۆ چ کەسی بەلاّم بزانەو ئاگاداربە کە من کوڕی شای مارانم ماوەیەکی زۆرە منیان لە باوکم دزیوە و لەم سندوقەیان بەند کردووم. ئێستاش ئەوا تۆ منت ڕزگار

کرد حەز دەکەم لەگەڵم بێی بچینە لای باوکم بەڵك و پاداشتت بدەینەوە. ئەوجا ئەحمەد لە دواوەو فەرخەمار لە پێشەوە ڕۆیشتن. لە ڕێگادا فەرخەمار هەر ئامۆژگاری ئەحمەدی دەکرد دەیگوت :کە گەیشتینە لای باوکم نەترسی لەو هەموو مارەی کە لە دەوروبەری دا هەیە هەروەها ئەگەر باوکم داوای لە تۆ کرد کە بخوازە ماڵی دنیا، تا دووجار هەر بڵێ خۆشی تۆم دەوێ، بەلآم جاری سێیەم بڵێ :ئەو ئەنگوستیلەم دەوێ کە لەبن زمانتە،ئەوجا کە ئەنگوستیلەکەت وەرگرت و لەپەنجەت کرد هەر نیازێکت لەدڵدا بوو ئەنگوستیلەکە بەلای ڕاست بادە نیازەکەت دێتە دی. زۆری پێ نەچوو فەرخە مارو ئەحمەد گەیشتنە لای شای ماران. لە دوورەوە کە ئەحمەد چاوی بەو هەموو مارە کەوت خەریك بوو بگەڕێتەوەو ڕا بکات، بەلآم فەرخەماری کوڕی شای ماران دەنگی هەموو مارەکانی دا کە نەکەن ئازاری ئەو پیاوە بدەن چونکە ئەو منی لە بەندی ڕزگار کردووە. ئەوجا هەموو مارەکان پێشوازیان لە ئەحمەد کرد تا گەیشتنە لای شای ماران. فەرخە ماری کوڕی شای ماران لەگەڵ باوکی بەیەکتر شاد بوونەوە و زۆر ڕێزیان لە ئەحمەد گرت. ئەوجا شای ماران ڕووی لە ئەحمەد کرد و دووجار گوتی: بخوازە لەبری ئەو چاکەی تۆ لەگەڵ ئێمەت کرد. ئەحمەد هەر گوتی خۆشی تۆم دەوێ. جاری سێهەم کە شای ماران بە ئەحمەدی گوت بخوازە چیت دەوێ ؟ یەکسەر ئەحمەد گوتی: ئەو ئەنگوستیلەم دەوێ کە لەبن زمانتە. شای ماران گوتی: هەرچەندە ئەم داوایەم زۆر لا گرانە بەلآم چاکەی تۆ وای لێکردووم هەرچی بخوازی پێشکەشت بکەم، ئێستاش من لەسەر زگ ڕادەکشێم تۆ وەرە پێلاقەکم لە پشتی سەری بدە تا ئەنگوستیلەکەم لە دەم دەرچێ. ئەحمە چوو شای مارانیش لەسەر زگ ڕاکشا و پێلاقەیەکی لە پشتی سەری شای ماران دا ئەنگوستیلە لە دەمی شای ماران دەرپەڕی و ئەحمەد-یش هەڵی گرتەوەو ئینجا ماڵ ئاوایی لێکردن و ڕۆیشت تا گەیشتە بەرامبەر کێوێك. ئەحمەد ڕێی

سەرکێوەکەی گرتە بەر تا سەرکەوتە سەرەوە بەڵام هێندە برسی بوو توانای هەنگاونانی نەمابوو لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئێستا من بەم برسیەتییە دەگەمە کوێ، بەڵام لە پڕ ئەنگوستیلەی بەبیر هاتەوە و کە ئەنگوستیلەی بەلای ڕاست بادا سەیری کرد دوو دێو پەیدا بوون و یەك سینی لە هەموو جۆرە خواردەمەنییەکیان لە بەردەم دانا و گوتیان :فەرموو ئەی گەورەی ئێمە ئەوە نیازی تۆمان بەجێ گەیاند. ئەحمەد دەستی بە خواردن کرد تا تێر تێری خوارد کە لێ بوەوە دێوەکان گوتیان :گەورەم هەر فەرمانێکی ترت هەیە تا جێبەجێی بکەین. ئەحمەد گوتی:دەمەوێ بگەمەوە شاری خۆم. دێوەکان ئەحمەدیان لەسەر شانی خۆیان داناو بە ماوەیەکی کەم گەیاندیانە قەراغ شارەکەی و لەسەر زەوی دایاناناو لەبەر چاو ون بوون. ئەوجا ئەحمەد داخلی شاری بوو چۆوە ماڵێ لە دەرگای دا دایکی کردەوەو کە چاوی بە ئەحمەد کەوت زۆر خۆش حاڵ بوو. لەگەڵ دایکی دانیشتن بەڵام هیچ نەبوو بخۆن، ئەحمەد هەڵسا ئەنگوستیلەی بادا و سینیەك خواردن بۆیان دانرا و هەردوکیان تێریان خوارد. تا ماوەی مانگێك بەم جۆرە ڕایانبوارد. شەوێك ئەحمەد ئەنگوستیلەی بادا چەند دێو پەیدا بوون گوتیان بفەرموو ئەی گەورەم گوتی:دەمەوێ سەد دێو بێ و ئەم خانوەم بۆ تێکداو بیکاتە قەسرێك. دەڵێ نزیکەی سەد دێو هاتن دەستیان بە تێکدان و دروست کردنەوەی خانوەکە کرد لەسەر شێوەی قەسرێك کە هاوتای نەبوو لەم شارە، خەڵکی هەمووی سەرسام ببون پێی.

وای لێهات کوڕە ناوبانگی ئەحمەد چەلەبی بەسەردا بڕا و بوو بە هاونشینی ئەنجومەنی پاشا. ئەوەندە خۆی لە پاشا نزیك کردبوەوە و دەیزانی پاشا کچێکی زۆر جوانی هەیە، لە دڵی خۆیدا گوتی:واچاکە بنێرمە خوازبێنی کچەکەی پاشا. ڕۆژی دواتر چوە لای دووکەس کە زۆر خۆشەویست و نزیکی پاشا بوون. هەریەکە سەد لیرەی دانێو داوای لێکردن بۆی بچن بۆ خوازبێنی

کچی پاشا. کە چوون خوازبێنیان بۆ کرد پاشا تورە بوو گوتی :باشە دەیدەمێ بەلاّم بەومەرجەی شەوێك تا بەیانی بیست مەلا بێنێ لە مزگەوت کەبار بکەن و بیست مەلاش بێنێ تا بەیانی هەر بانگ بدەن و هەروەها ئاشێك لە حەوشەی من دابنێ تا بەیانی (١٠٠) سەد کێلە گەنم لێبکاو ئاردەکە لە جواران بکاو تا بەیانی دیسان عەلبەك جۆ و عەلبەك گەنم بینی تێکەڵیان بکاو تا بەیانی لێکیان جیا بکاتەوە. ئەوە من مەرجم کرد کە بەو مەرجانە کچەکەم بوو بەهی ئەو بەلاّم ئەگەر نەیکا یان پاشەکشێ بکا لەم داخوازییە ئەوا لە ناوەندی شار سێدارەی بۆ هەڵدەخەم و لە سێدارەی دەدەم. دەڵێ دووکەسەکە گەڕانەوە لای ئەحمەد و قسەکانی پاشایان پێگوت. ئەحمەد کە شەو داهات ئەنگوستیلەی باداو دێوەکان هاتن گوتیان :فەرمانت چییە؟ ئەحمەد داوای جێبەجێکردنی مەرجەکانی پاشای لێکردن. دێوەکان (١٠٠) سەد دێویان هێنا (چلیان) چونە مزگەوت تا بەیانی هەربانگیان داو کەباریان کرد (٦٠) شەستەکەی تریش خەریکی ئاش دانان و ئارد لێکردن و عەلبە گەنم و عەلبە جۆ تێکەڵ کردن و لێك جودا کردنەوە بوون و تا بەیانی هەموو مەرجەکانی پاشایان جێبەجێکرد. کە ڕۆژ بووەوە پاشا زۆر ڕقی داخوازیەکەی ئەحمەد ی لە دڵدا بوو خوا خوای بوو ڕۆژ ببتەوە تاك و لەسێدارەی بدا. پاشا کە سەیری کرد ئەحمەد هەموو مەرجەکانی بەجێ گەیاندووە ناچار بوو لە پەیمانی خۆی پەشیمان نەبێتەوە و کچەکەی لێ مارەکرد. حەوت شەوو حەوت ڕۆژان ئەحمەد بەزمی گێڕا و هەموو خەڵکی شاری دەعوەت کرد. جارێکیان ئەحمەد بە بازاڕی دادەڕۆیشت، دیتی دووکەس بەشەڕ هاتوون، ئەویش چوە نێوانیان و لێی پرسین بۆچی شەڕ دەکەن ؟ یەکێکیان بەجواب هات گوتی: من پشیلەیەکی زۆرجوان و زیرەکم هەبوو ئەم پیاوەش تانجیەکی هەبوو پێکمان گۆڕینەوە. ئێستاش ئەو پەشیمان بویتەوە بۆیە بەشەڕ هاتوین. ئەحمەد بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕەکە گوتی: باوکم پشیلەو تانجیەکە بفرۆشن بە من بە

چەندی دەڵێن بەس واز لەم شەڕە بێنن. هەموو لایەك ڕازیبوون و پشیلەو تانجیان بە ئەحمەد فرۆشت. ئەحمەد ڕۆژێ سێ جەم گۆشتی دەدانێ وهەموو ڕۆژیش لەگەڵ ئەحمەد دەچونە دەرەوەی شار بۆ مەشق کردن. دوای حەوت ڕۆژەکە ئەحمەد ژنەکەی گواستەوە. کچی پاشا سەیری کرد هەموو جەمێك ئەحمەد بێ ئەوەی ئاگر لەم ماڵە بکرێتەوە خواردن ئامادە دەبێ، بۆیە کچە سەرسام ببوو.

کوڕێکی قول کە خزمەتکاری کچە بوو لە ماڵێ باوکی لەژێرەوەش حەزیان لێك کردبوو کچەکە ناردی بەشوێنی و ئەو ڕوداوە سەرسوڕهێنەرەی بۆ گێڕاوە. قولە زۆر بیژی بوو بە کچەی گوت : داوا لە ئەحمد بکە من بێنێتە لای تۆ بۆ خزمەتکاری هەردوکتان. کچە کە ئێوارە ئەحمەد هاتەوە ئەم داوایەی لێکرد و ئەویش بۆی جێبەجێکرد. قولە هەمیشە چاوەدێری ئەم نهێنیەی دەکرد کە چۆن بێ دوکەڵ ئەو هەموو خواردنە ئامادە دەکرێ. تا ڕۆژێکیان کاتی جەمێ ئەحمەد چوو بۆ ژورێکی دی و قولەکەش بەشوێنی کەوت بێ ئەوەی ئەحمەد هەستی پێبکات. سەیری کرد ئەحمەد کە ئەنگوستیلەکەی بادا خواردن پەیدا بوو. قولە خێرا خۆی گەیاندە کچی پاشاو نهێنیەکەی پێگوت.

قولەو کچی پاشا ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کە کچی پاشا داوا لە ئەحمەد بکا چەند ڕۆژێك ئەو ئەنگوستیلەیەی لێ وەربگرێ. بۆ بەیانی کچە پێش ئەوەی ئەحمەد لە ماڵەوە بچێتە دەرەوە داوای لێکرد ئەنگوستیلەکەی ماوەیەك بداتێ، بەلاّم ئەحمەد ئەنگوستیلەکەی پێ نەدا. بۆ ئێوارە کچە خۆی نەخۆش کرد تا بەیانی نەیهێشت ئەحمەد سەر بکاتە سەر بالیف. بۆ بەیانی داوای لە ئەحمەد کرد تەنها تا نیوەڕۆ ئەنگوستیلەکەی بداتێ، ناچار ئەحمەد ڕازی بوو تا نیوەڕۆ ئەنگوستیلەکەی بداتێ. کە ئەحمەد ڕۆیشت قولە هات ئەنگوستیلەی لە کچە وەرگرت ولە دەستی خۆی کردو سوڕاندی دوو دێو

پەیدا بوون گوتیان بفەرموو گوتی:دەمەوێ ئەو قەسرەم بۆ ببەنە بەینی حەوت دەریا. ئەوانیش قەسرەیان بۆ قولەو کچە بردە بەینی حەوت دەریا. بۆ نیوەڕۆ کە ئەحمەد هاتەوە ماڵێ سەیری کرد نە قەسر ماوەو نە ژنەو نە قولە، لە مەراقان ئەحمەد سەری خۆی هەڵگرت ڕووی لە بیابان کرد تانجیو پشیلەش بە دواوەی دەڕۆیشتن تا گەیشتنە شارێك لەوێ لەسەر کۆسپەیەك بوو بە پینەدۆز، ئەوەی پەیدای دەکرد دەیدا بە خواردن لەگەڵ پشیلەو تانجیەکە دەیان خوارد. ڕۆژێك پشیلە بە تانجی گوت :پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین خاوەنەکەمان لەو غەدرو غەمە ڕزگار بکەین. هەردوکیان ملیان لە ڕێگا نا تا گەیشتنە ڕۆخ دەریا. پشیلەکە سواری پشتی تانجیەکە بوو گوتی:تۆ مەلە دەزانی با بچینە ئەو قەسرەی قولەو کچی پاشای لێیە. هەردوکیان ڕۆیشتن تا گەیشتنە قەسرەکە. کە چونە ژوورەوە قولەو ژنە زۆر خۆش حاڵ بوون بە هاتنیان. گەلێکیان خواردن دانێ و داوایان لێکردن کە لای ئەوان بمێننەوە . پشیلەو تانجی ئارامیان گرت تا شەو داهات کە قولەو ژنە لە باوەشی یەکتری ڕاکشان، پشیلەکە یاری بەدەستی قولە دەکرد تا خەوی لێ خست. بە هێواشی ئەنگوستیلەی لە دەستی قولە دەرهێناو لەگەڵ تانجیەکە ڕۆیشتن بۆ سەر دەریا. تانجیەکە ئەنگوستیلەکەی لە پشیلە ستاندو لەزاری خۆی نا، هەرچەندی پشیلەکە هەوڵی دا ئەنگوستیلەکە لەلای ئەو بێ بەلاّم تانجی قبوڵی نەکرد ناچار پشیلەکە سەلماندی و سواری پشتی تانجی بوو و کەوتنە ڕێ. کاتێك ماسیەك کەوتە بەردەمی تانجیەکە پەلاماری دا بە قەپاڵ لەوکاتە ئەنگوستیلەکە لە دەمی تانجی کەوتە ناو دەریا. هەردوك زۆر پەرێشان بوون و پەڕینەوە لەو بەر لەڕۆخ دەریا هەرتوتلکان بەرامبەر شەپۆلی دەریاکە و لە تاوان ئەژنۆیان سست ببوو نەیان دەتوانی بڕۆن. کاتێك ڕاوچیەك بە خۆیی و تۆڕیەوە پەیدا بوو کە چاوی بەو پشیلەو تانجیە کەوت، ڕاوچی لە دڵی خۆیدا گوتی ئەوە برسیانەو پێی گوتن ڕاوەستن ئێستا ماسی

دەگرم دەتانـدەمێ. کـە ڕاوچـی تـۆڕی خـستە دەریـا کۆمـەڵێك ماسـی گـرت و هەندێکی هەڵدا بەر دەمی پشیلەو تانجی. ئەوانیش دەستیان کرد بە خواردنی ماسیەکان. لە ناکاو پشیلەکە لە کاتی هەڵدڕینی زگی ماسیەك ئەنگوستیلەکەی کەوتە بـەر چاوی. پـشیلەکە خێـرا تانجیەکـەی ئاگـادارکردەوە لـە دۆزینـەوەی ئەنگوستیلەکەو، پشیلەکە ئەنگوستیلەکەی خستە ناو دەمی و تێـی تەقانـد بـە غار ڕۆیشت و تانجیەکەش بە غاردان بە دوای کەوت، تا گەیشتنە لای ئەحمـەد و پشیلەکە ئەنگوستیلەکەی خستە ناو کۆشی ئەحمەد. کاتێك ئەحمەد چـاوی بـە ئەنگوسـتیلەکە کـەوت شاگەشـکە بـوو ناوچـەوانی پـشیلەکەی مـاچ کـردو ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی کردەوەو سوڕاندی، دێوەکان پەیدا بوون و گوتیان :بفەرموو ئەی گەورەمان،ئەحمەد گوتی:دەمەوێ قەسرەکەم لە بـەینی حـەوت دەریا بچێتەوە شوێنی خۆی بە کچەکەی پاشاو قولەوە و منـیش بگەیەننـە وە ناو قەسرەکە. ئەوانیش قەسرەکەیان بـردەوە شـوێنی خـۆی و ئەحمەدیـشیان گەیانـدە نـاو قەسـرەکە ودیتـی ژنەکـەیی و قولـە دەسـتیان لـە ملـی یـەکتری کردوەو نوستوون. ئەحمەد خێرا ناردی بە شوێن پاشا کـە بگاتـە کـچەکەی لـە گیاندانـە. پاشـا بـە هەراسـانی هـات ئەحمـەد-یـش ڕووداوی نیـشانی پاشـای دا. پاشـاش هـەردووکیانی لـە جێگـای خۆیـان کوشـت و بـە دەریـای دادان و ڕووی کردە ئەحمەد و داوای لێکرد ئەو نهێنیە ئاشکرا نەکات و تەنها بڵێن کـچەکەی بە مردنی خۆی مردووە. پاش چەند مانگێك ئەحمەد ناردیە خوازبێنی کچە وەزیرو بە زەبـری پـارەو مـاڵی دنیـا کـچی وەزیـری هێنـا و بـە خۆشـی مـاوەی تەمەنی بردە سەر تاکو مەرگ بەسەری دادا.

## مامۆستا جلال جۆبار شیعرو هەڵوێست

ڕۆژنامەی هاموون/ژمارە(٦) دووشەممە

١٩٩٧/١٢/١

پ/بەکورتی ژیانی خۆتمان بۆ باس بکە.

**و/من ناوم جلال کوڕی مەلا سعید ی کوڕی عبداللە-یە لەساڵی ١٩٢٩ لەشاری کۆیە چاوم لە جیهان هەڵهێناوە، لە تەمەنی چوارمانگی باوکم کۆچی دوایی کردووە بە کوێرەوەری پێگەیشتوم،لەساڵی ١٩٤٩ بە تەوژمی دڵداری سەرچاوەی هونەریم بۆتەوە، هەر لە منداڵیەوە هەستم دەکرد کە دەستی شاعیریم هەیە زۆر هۆنراوەی ناو منداڵانم ڕێکدەخست، دووجار سێ جار لەناو منداڵان دەمگوت و بڵاودەبۆوە بێ ئەوەی کە بڵێم ئەوە خۆم ڕێکم خستووە.**

پ/کەی دەستتان بە شیعر نوسین کرد!وەچی بوو!

**و/دوو هۆ پاڵی بە منەوە دەنا بۆ شیعر نوسین،یەکەمیان تەوژمی دڵداری،دووەمیان هەستی نەتەوایەتی،لە هەستی دڵداری یەکەم شیعر کە نوسیم شیعرێك لەژێر ناوی (چوك شیرین) بەڵام شەرمم کرد بە ناوی خۆم بڵاوی بکەمەوە بە ناوی (جۆبار) بڵاوم کردەوە. شەوێك لە ئاهەنگێك گۆرانی بێژی خوالێخۆشبوو (حمدامین عباس) ئەم شیعرەی گوت بە گۆرانی، منیش لە ئاهەنگەکە بووم بەڵام بە (حمدامین عباس)م گوتبوو کە بەکەس نەڵێ ئەو شیعرە هی منە. کە لە گۆرانیەکە لێبۆوە،داوای دووبارەیان لە گۆرانی بێژ کرد وە پرسیاری شاعیری گۆرانیەکەیان کرد کە خەڵکی کوێیە؟ لە وەڵاما وتی شاعیرێکی لای سلێمانیە،ئیتر کە داوای دوبارە کردنەوەی کراوە،ئەم شتە منی زۆرهاندا کە بەردەوام بم لە شیعر نووسین. لە پاشان شیعرێکم هەر هەمان کات نووسی لە ژێر ناوی (ڕاز لە کورد) کە بەسرود لە قوتابخانەکان دەگوترا .**

پ/چەند شیعرتان کراوە بە گۆرانی؟

**و/ئەوانەی کە من گوێم لێبوبێ کە کراوە بە گۆرانی ئەوانەن:-**

**١-جوانی کوێستان /بە دەنگی گۆرانی بێژ (سەلاّح محمد و سەلاّح پشدەری)**

**٢-بۆم بلّێ تۆزە تۆزە/بە دەنگی (حسن زیرەك و دلێر سادق)**

**٣-ڕاز لە کورد/بەدەنگی تیپی کۆیەو خوێندکاران.**

**٤-یارم بێ شانە/بە دەنگی گۆرانی بێژ (ابراهیم سابیر)**

**٥-هەڵسە شۆڕێ بڕوانە/بە دەنگی خوالێخۆش بوو هونەرمەند مامۆستا(ئەنوەر تاهیر)**

**٦-کزەی شەماڵ/بە دەنگی گۆرانی بێژ (شەفیق خەڵەف)**

**٧-پەری وێنە/بە دەنگی (دیمەن جلال و ئاواز حسن)**

**٨-دولبەرێ وا لەو ژێرە/بەدەنگی (ئیسماعیل شەیدا) کابرایەکی تریش وتویەتی بەلاّم ناوی نازانم.**

**٩-بەچاوی چاوەڕوانی/بە دەنگی (سەلاّح محمد و کۆڕس)**

**١٠-تاقە گوڵی باغی هیوام /بە دەنگی (محمد جەزا)**

**١١-زستانی دژ/بە دەنگی خوێندکارانی کۆیە،لە ئامادەکردنی مامۆستا(سەردار احمد)**

**١٢-شەوی زستان لە کوردستان/خوێندکارانی کۆیە لە ئامادەکردنی هونەرمەند مامۆستا(سەردار احمد)**

**هەروەها شیعری (ستایشی ئایینی)م هەیە کە کراوە بە گۆرانی بە بۆنەی مانگی ڕەمەزان و جەژن.**

پ/یادگاریتان لەگەڵ گۆرانی بێژەکانی کۆیە :-

**و/لەگەڵ گۆرانی بێژەکانی کۆنی کۆیە هەمووی دۆست و برادەر بووم،هەندێکیان لە تەمەن لە من هەورازتر بوون بەلاّم هەمیشە لە**

هاتوچوونی یەکتری بوین. ڕۆژانە لە دوکانەکەم دەهاتنە لام بەقسەی خۆش و ڕابواردن بەسەرمان دەبرد ئەم گۆرانی بێژانەش ئەمانە بوون :-

١-مەلا ئەسعەدی گۆیی/کە هونەرمەندێکی زۆر بەتوانابوەو پارێزەری مەقام و ئاوازی کوردی بوو.

٢-هونەرمەندی ناسراو سێوە/کە ئێستاش گۆرانییەکانی قالبێکی ڕەسەنن بۆ هونەری کوردی.

٣-فەقێ ئەحمەدی حافیز/کە گۆرانی بێژو مەولود خوێن بوو

٤-حمدامین عباس / کە گۆرانی بێژەکی خاوەن دەنگێکی زوڵاڵ بوو هەمیشە ئاهەنگ و مەولود و شایی و بەزمەکانی بە دەنگەخۆشەکەی بەجۆش دەهێنا.

٥-وەستا باقی سەرتاش/کە ئەویش خاوەن دەنگێکی شازو بەرز بوو.

لەگەڵ ئەم هونەرمەندانە یادگاریمان هەیە بە جۆرێك کە ناتوانرێ بەم چاوپێکەوتنە باسی تەواوی بکرێ.

# مەلا ئەسعەد

رۆژنامەی هاموون ژمارە(٧)

هونەرمەندی دەنگ خۆش مەلا ئەسعەد کوڕی مەلاقادر کوڕی تەهایە لەساڵی ١٨٩٢ ز لەشاری کۆیە پێی ناوەتە ژیان. ئەم گۆییندە مەزنە هەر لە منداڵییەوە هەستی بە دەنگ خۆشی خۆی کردووە،لە تەمەنی هەژدە ساڵی دابووە بە گۆرانی بێژێکی دیارو ڕەسەن بە تایبەتی لە مقاماتی پێنج گاە و چوارگاە و سێ گاە وماهورو خورشیدی و حیجاز و بەیات و نەواو حەکیمی و سەباو زۆر مەقامی دی، کارامەو وەستا کار بوەو پارێزەرو مامۆستای مقامات بووە لە شاری کۆیەدا. گۆرانی بێژانی خوالێخۆش بوو وەك تایەر تۆفیق و فەقێ ئەحمەدی حافز و محمدامین عباس و وەستا باقی سەرتاش و چەندانی تر لەسەر دەستی ئەو فێری وەستایەتی مقامات بوون.
لە دەرەوەی کۆیەشدا گۆرانی بێژانی وەك ئەحەی ناسر لە سلێمانی و شەهاب لە هەولێرو عەجەم و ئۆغلی خەلکی سەردەشتی کوردستانی ڕۆژهەلات زۆرجار لەگەڵ مەلا ئەسعەد چاویان پێك کەوتوەو لە کۆڕی شادیدا پێشبرکێیان لە وتنی مقامات کردووە. هەر لە کۆیەدا لەگەڵ گۆرانی بێژانی ئەوسای وەك ڕەفیق چوارچاوو عەبەی چایەچی و سێوە و سمایلە خڕەو چەندین گۆرانی بێژی دیکە لەسەیرانگاو ڕەزەکانی ئۆمەرخوچان و گەرموك و کانی بسکان و ڕەزی پلوسکێ و هەنارەجنۆکان و حەمامۆك و زۆر شوێنی تری شاری کۆیە ئاهەنگیان گێڕاوە.
یەکێك لەبەسەرهاتەکانی مەلا ئەسعەد ی گۆرانی بێژ کە بەهۆی دەنگەخۆشەکەیەوە توشی هاتووە،ئەوەبوو ئەفسەرێك بەناوی (ساڵح قوندیل) کە ئەوسا ئەفسەری تەجنید بووە بیانوی پێ گرتووە لەسەر ئەوەی ڕۆژانە لە گردی قەلاشان و شێخ مستەفا بە گوتەی ئەفسەری ناوبراو مەلا ئەسعەد هەموو ڕۆژێ لەو گردە بۆ ئەوگرد قرەقر دەکات واتە گۆرانی گوتووە. هەرچەندە مەلا ئەسعەد مەرجی سەربازی تێدا نەبووە بەوەی کە چاوێکی کوێر بووە،بەلام لێی هەرپێچاوە بۆ سەربازی بەرەو کەرکوك لەگەڵ بەندییەکی تر ڕەوانەی کردوون.

# شنەی هەریە سوڵتان

لەنزیك كەركوك لە ڕاست ئاشی (یاروەلی)جەندرمەكان بۆ حەسانەوە دادەبەزن و كەلەبچەی بەندییەكانیش دەكەنەوە، ئەوانیش دەرفەتیان بۆ هەڵدەكەوێ و ڕادەكەن و دەچنە ماڵە خزمێكیان لە كەركوك. بۆ بەیانی توشی جەندرمەكان دەبنەوەو دەیانگرنەوە. بەر لەوەی ڕەوانەی شەڕیان بكەن مەلا ئەسعەد بە بیری دێتەوە كە ئەفسەرێكی كۆیی كە لە بنەماڵەی (قۆچ پاشا) دەبێت دەناسێ، هەرچۆنێك بێ دەیدۆزێتەوە كە دەیبەنە لای خۆشحاڵ دەبێت و مەلا سەربردەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە ئەویش لای خۆی دایدەنێو پێی دەڵێ واجبی تۆ لای من هەر ئەوەندەیە ڕۆژی دووغەزەلم بۆ بڵێی. پاش ماوەیەك لە سەربازی ڕزگاری دەكات و دەینێرێتەوە بۆ كۆیە. كە دەگەڕێتەوە بۆ كۆیە بەشێكی خانوەكەی بەكرێ دەدات بە كابرایەكی كەركوكی بەناوی (نەجم ئۆمباشی) كە كچێكی دەبێ بەناوی (ئامینە)، مەلا توشی داوی ئەوینی ئەو كچە دەبێت و ئارامی لێ هەڵدەگیرێ،دوای چەندین جار چوونە خوازبێنی باوكی دەڵێ :چۆن كچی خۆم دەدەم بەم چاوەشە، بەڵام دایكی كچە هەست بە پەیوەندی بۆ یەكتر سووتانیان دەكات لەو جارانەی كە مەلا لە عەشقی دڵخوازەكەی لەهۆش خۆی دەچی ژنانی دەرودراوسێ كە بە پەیوەندییان زانیوە دەچن دەسماڵی دڵخوازەكەی دەهێنن بەسەر دەم و چاوی دادەدەن و ئینجا بەهۆش خۆی هاتۆتەوە. دوای هەوڵدانێكی زۆر كچە دەدرێ بە مەلا ئەسعەد و باوكیشی بە نابەدڵی دەچێتەوە كەركوك. دوای ساڵێك ئامینەی هاوسەری بەسەر منداڵەوە دەچێ و مەلا بە تەنیا دەمینێتەوە،ئەویش لە تاوان كۆیە بەجێ دەهێڵێ و ڕوو دەكاتە ماڵێ سعید ی برای لە سەردەشت. لەوێش ژنێك دەهێنێ و دوای ماوەیەك دەستی لێ بەردەدات و لە ڕێی گەڕانەوەی ماوەیەك لە سلێمانی دەمێنێتەوە و لە سۆزی هاوسەری پێشووی ئامینە ناوێك دەخوازێ و دەیكاتە هاوسەری خۆی و دەگەڕێتەوە كۆیە. لەساڵی ١٩٥٨ دڵی پڕ لەهیوای لە لێدان كەوت و لە گۆڕستانی سەیدجامی جێی ڕابواردنی ئێوارانی بەخاك سپێردرا.

## هونەرمەند ( حسین اسماعیل )

( هاموون ) ژمارە( ١٥ ) ساڵی دووەم / کانونی دووەمی ١٩٩٩

هونەرمەند (حسین اسماعیل) کە ناودەبرا بە حوسەی حەبە تۆزێ،لەساڵی (١٨٨٥)ز لە کۆیە لەدایك بووە،هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی گۆرانی گوتنی هەبووە تا لە تەمەنی (١٨) ساڵی بووە بە گۆرانی بێژێکی بەتوانا. ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێو لاوەکانی ئەو سەردەمە ئێواران لە گردی باویانو ڕەزی ساغەو سەری کانی بی و ڕەزانی گەرموك و سەرپردێ ئاهەنگی دەگێڕا بە تایبەتی لە بەهاران کە دیمەنی شاری کۆیە دەڕازایەوە. هونەرمەندی خوالێخۆش بوو دەنگێکی قەبەو بەرزو بەسۆزی هەبوو هەروەها شارەزای لە مەقام هەبوو کە هەر مەقامەی بەستەی فۆلکلۆری تایبەتی خۆی هەبوو لە زۆر ئاهەنگی بووك گواستنەوەو شەوارەو مەولودو شایی فەقێیان بە دەنگە خۆشەکەی بەشداری دەکرد. حسین اسماعیل لە دوای هاتنی ئینگلیز بۆ کوردستان و دواییش بۆ کۆیەو بە هۆی هەندێك بارودۆخ لە کۆیە دوورکەوتەوە و ڕووی کردە کوردستانی باکوور لەشاری (وان) و (باش قەلاّ) مایەوە.

پاشان ئارەزووی خاکی ولاّت وای لێکرد گەڕایەوە بۆ کۆیە و خەریکی کاری (قایەچیەتی) بوو. باری ژیانی زۆر لاسەنگ بوو و وجاغ کوێر بوو. ژنێکی ناو(عەیشێ)ی هەبوو لە کەلاوە خانوویەك دەژیا دەکەوتە پشت مزگەوتی منارە لە کۆیە. ژنەکەی مێشکی تەواو نەبوو جارەجارە شەوانە لەهۆش خۆی دەچوو خوالێخۆش بوو هێوری دەکردەوەو ئەو گۆرانیانەی بۆ دەگوت(لۆرکێ لۆرکێ،لەبەرنازی چاوبازان،هەی بێنن بێنن). لە دوای ساڵانی بیستەکان کە کۆمپانیای تۆمارکردنی قەوان پەیدا بوو لە چاپخانەکان لێدەدرا قەوانی سەیدا علی ئەسغەری کوردستان و دایکی جمال و مەلاکریم و کاوێس ئاغا لە کۆمپانیای(چەقماقچی) و(بیهنامون) دەرچوون هونەرمەندی خوالێخۆشبوو

چوو بۆ کۆمپانیاو قەوانێکی تۆمارکرد کە دیوێکی حەیران بوو بەم جۆرە دەستی پێدەکرد (ناچمە دیانان گوندی فەلانە،ئەمن دەچمە شارەکەی قۆچە بەغدایێ لەمن بە قەیسەری و دوکانە. )

دیوەکەی تری بە بەستەی کاروانە کاروانە پڕکرابۆوە. ئەو قەوانەی (حسین اسماعیل)لە چایخانان و ماڵان لێ دەدرا تا ساڵی(١٩٣٧) دوایی لە ئێستگەی کوردی بەغداد لێدەدرا.

لەساڵی ١٩٣٨ تۆماری تەمەنی پێچرایەوەو مەرگ بەرەو دونیای ئەبەدی برد. سڵاو لەگیانی پاکی ئەم هونەرمەندە.

# جاران و شەوانی کۆیە

هاموون/ژمارە(١٧) ساڵی دووەم / ئەیلولی ١٩٩٩

لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم کە ئیمپراتۆریەتە بۆگەنەکەی عوسمانی لەناوچوو ئەو حکومەتەی بووە هۆی هاتنی گرانی و قات و قڕی لەناوچوونی هەزاران ماڵ و خێزان، چونکە هەر ماڵێك هەمبانەیەك زەخیرەی هەبوایە لێی دەستاند بە بیانوی ئەوەی دەینێرن بۆ هێڵی شەڕ. ئەو زەخیرانەشی کە لە بینای قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی کۆن کۆکردبۆوە کە ئینگلیزەکان هاتنە شاری کۆیە لە ساڵی(١٩١٨ )فەقیرخانەیان پێ دانا. بەم جۆرە ئەم خەڵکە تووشی ماڵ وێرانی و لەبرسان مردن بوو. سەیر لەوەدایە کە ئەو حکومەتی بۆگەنیە لەناوچوو، تورك چییەکان و چرکاوخۆرەکانی ئەوکات پڕوپاگەندەیان دەکرد دەیانگوت عوسمانی دێتەوە،دەیانگوت بەیانی دێتەوە،بەیانی دەیانگوت ئێواری دێتەوە،ئێواری دەیانگوت بەیانی دێتەوە. چاویان هەر لە ڕێگا بوو بەڵام ئەو ئاخەیان بردە گڵ.

ژنانی ئەوکات لەناوخۆیان دوعایان دەکرد و بەشیعر دەیانگوت :(هەرچی بەنانی دەڵێ ئەکمەك و بەشێوە دەڵێ ئاش خوایە جارێکی دی نەیەتەوە پێش و هەربچێتەوە پاش ). پاشان ئەم بارودۆخە تێپەڕی و شاری کۆیە ئارامی گرتەوە،ژیانی ئاسایی دەستی پێکردەوە، خەڵکە ئاوارەبوەکان گەڕانەوە ناو شارو ئەو کەسانەی کە چوبونە (سەفەربەلك) وە لەژیان مابوون ئەوانیش بەهەر حاڵ بوو خۆیان گەیاندەوە کۆیە و دەستیان بە ژیانی ئاسایی خۆیان کردەوە. شارەکە ئاوەدانی بەخۆیەوە دیتەودو شادی دەستی پێکردەوە،ئینجا کە مانگی ڕەمەزان دەهات هەر ئەو ئێوارەیەی کە مانگ دەبینرا تۆپەکەی بەردەمی قشڵە دەتەقێندرا بۆ ئەوەی خەڵکانی گوندەکانی دەشتی کۆیە لە هاتنی رەمەزان ئاگادار بن و نوێژی عیشا بە تەراویح دەستی پێدەکرد دوای

تــەڕاویحیش پیاوەکــان ڕوویــان دەکــردە چــایخانەکانی وەکــو چــایخانەی (سەریمەیدان) کە خاوەنەکەی (سعدی ئاغا) ئەویش کاوێس ئاغا و شەروی ئاورێ ئامادەکردبوو لە دەورەی سینی زولفانێ و گۆرانی و لاوکیان دەگوت تا پارشیوێ. سینی زولفانەکە بریتی بوو لەدوو ڕیز هەر لایەکیان بیدۆڕاندبا هەریەکەی درهەمێکی دەدا ئەو پارە کۆدەکراوە تا لەشەوی جەژن کە دواشەوی ڕەمەزانە،دەدرا بەم دوو گۆرانی بێژە کە گۆرانیان بۆ سینی زولفانێکــە دەگــوت. هــەروەها لــە چــایخانەی (ســەرنەجاڕان)کــە (حەمەشین)خاوەنی بوو، قاوەخانەکە (حەکیم) خاوەنی بوو.چایخانەی(شێخ محــی الــدین) چــایخانەی(حەمــەدیکریم) چــایخانەی(حەمــە گــەمحان) چایخانەی(فتاح حکیم) ئەوانیش ئەو گۆرانی بێژانە گۆرانیان لێ دەگۆت لە دەوری سینی زولفانێ تا پارشێو خوالێخۆشبوان(مەلا ئەسعەد و سێوەو فەقێ ئەحمەد و دەروێش سمایل بە دەفەوە و حمدامین عباس و وەستا باقی و سەید هەرمێ و حەمەرشید شێرزاد) و چەندان هونەرمەند و دەنگ خۆشی دی. هەروەها لەچایخانە هاوینییەکان وەکو چایخانەی (تەم تەمان) کە (عبــداللە ی مــەلا فــاتح) خــاوەنی بــوو چــایخانەی ســەرقەبرۆکان ) کــە (عبــدالرحمن مختــار) خــاوەنی بــوو چــایخانەی (حەمەســعید و ئاشکیلە)خاوەنەکەی (سمایل عارەب) بوو چایخانەی (کاولی جولەکان) کە (عبدالرزاق حکیم و سالّح شمس) خاوەنی بوون لەگەڵ چەندین چایخانەی دی. ئەوە هەتا پارشێوێ پڕ بوون زۆرجاریش دوای سینی و زولفانێ دەکرا بە تەمسیل و ئەو خەڵکە لە دەوری کۆدەبونەوە زۆر بەشادی کاتیان بەڕێ دەکرد. کە کاتی پارشیویش دەهات هونەرمەندان (عەزیز زەینەل و حەمە عەبۆ) بە دەهۆڵ و زوڕنا دەکەوتنە کۆڵانەکانی کۆیە بە لێدانی ئاوازی خۆش خۆش ئەو خەڵکەیان لەخەو وشیار دەکردەوە بۆ ئەوەی بزانن پارشیوە. ئەوجا لەهەر ماڵەی بۆنی قرچانەوەی ڕۆن و دەنگی تەبەق و شەکر شکێن

دەهات، خواردنی جۆراوجۆر دروست دەکرا. بۆ پارشیویش پیاوەکانیش لە چایخانەکان ڕوویان دەکردە ماڵەکانیان پارشیویان دەکرد و خواردنیان دەخوارد تا کاتی کەبار دەهات ئەوجا نییەتی بەڕۆژو بوون دەهات و دوای بانگی بەیانی نوێژدەکراو دەنووستن. کە ڕۆژ دەبۆوە هەرکەسە ڕوی لەکاری ڕۆژانەی خۆی دەکرد و دەوڵەمەندەکان دەستیان بە زەکات بەشینەوە دەکرد بۆ سەر هەژاران،ئەوانیش پێداویستی خۆیان پێ دەکڕی بۆ بەربانگ و پارشێو. کە ئێوارەش دادەهات لەهەر ماڵەی خواردن و خواردنەوەی جۆراوجۆر دروست دەکرا بەرامبەری دادەنیشتن و زۆر بە ئارەزووەوە سەیری خواردنەکەیان دەکرد. کاتێك کە مەلا لەسەر گومەتی مزگەوتی گەورە دوگردەکەی ڕادەوەشاند بۆ تۆپچییەکەی بەردەمی قشڵە، تۆپەکە دەتەقێندراو مەلا بانگی دەدا. نوێژ دەکرا و فتار دەکرایەوە تا مەست دەبوون. (٣٠) سی شەوی ڕەمەزان بەم جۆرە بەڕێدەکرا. کە ڕۆژی جەژنیش دادەهات خەڵکان سەردانی ماڵی یەکتریان دەکرد، ئەوەی تۆزە ناکۆکییەکیان هەبووایە بە بۆنەی هاتنی جەژن دەستی ئاشتبونەوەیان لە ملی یەك دەکرد.

## گۆرانی شلەوخانان

هاموون/ساڵی پێنجەم/ژمارە(٣٤)/ ئابی ٢٠٠١

گۆرانی شلەوخانان و ئاوازەکەی فۆلکلۆری شاری کۆیەیە. دێڕەکانی سەرەتایی بەم جۆرە دەست پێ دەکات :-

**ئاوی گۆلانم گەرمە +قۆشەن داژۆن بەنەرمە**
**هەلاتن بۆ مێردان شەرمە**
**ئاوی گۆلانم کەفە +قوشەن داژۆن بە سەفە**
**هەلاتن بۆ مێردان حەیفە**

ئەم گۆرانییە بە بۆچوونی من ڕاز کردنە وەکو چیرۆکێك بە بۆنەیەك گوتراوە،چونکە زۆر لاوك و حەیران هەیە لەو بابەتە چیرۆك دەگێڕنەوە وەکو لاوکی مەتین و دەروێش عەبدی و خەج و سیامەند و لاوکی شێخ محمودی نەمر کە کاوێس ئاغا گووتویەتی. هەرچەندە لە بارەی شلەوخانان هیچ سەرچاوەیەکی ڕاست و بەلگەداری ئەوتۆمان نییە کە پشتی پێ ببەستێ یاخود هیچ کەسێکی کۆیی وا لە گۆڕێ نییە کە پشتی پێ ببەستێ،یاخود هیچ کەسێکی کۆیی وا لەگۆڕێ نییە کە باوك و باپیریان لە پێشینانی بیستبێ بۆمان بگێڕێتەوە تەنیا بە بۆچوون دەتوانین شتێك لەوبارەیەوە بخەینە ڕوو. جا بەبۆچوونی من وا دەزانم لەزەمانی دەرەبەگایەتی زۆر شەڕو شۆڕو پێکدادان لەبەینی خێڵەکان و ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی دی ڕویداوە،شاری کۆیەش وەکو هەموو ناوچەکانی دی شەڕو هێرش و تالانکردنی لێ ڕوودارە. من زۆرجار لەپێشینانی خۆمانم بیستوە کە ناکۆکی لەبەینی شێخ بزێنییەکان و کۆیە هەبووە، جارەها شێخ بزێنییەکان هێرشیان هێناوە بۆ سەر شاری کۆیە مێگەلە ئاژەڵیان بردووە بە تالان، لەهەمان کات لە کۆیە

لێیان ڕاپەڕیون و ڕاویان ناون و تالآنەکەیان لێ ساندونەوە تەنانەت گردێك لە بەینی کۆیەو هەرمۆتە هەیە پێی دەڵێن گردی(قەنبەرگاوان). ئەم قەنبەر گاوانە گاڕانی کۆیەی لەوەڕاندووە لەپەنا ئەو گردە، خۆشی لەسەر ئەو گردە چاودێری کردووە کە هەرکاتێك تۆزی پێی سوارانی شێخ بزێنی پەیدا بووە هاواری بۆ ناوشار هێناوە کوڕە کۆییانیش بە هاواریانەوە چوون و پێشیان بە بەر سوارانی شێخ بزێنی گرتووە و ڕەتاندویانن ئازایەتی ئەو کوڕە کۆییانەش لە ئەنجومەنەکان و بازاڕو مزگەوتەکان گێڕدراوەتەوە. جا منیش وای بۆ دەچم کە لەشەڕێکی وەهادا لایەنی کۆیە شەڕەکەی وەکو پێویست نەکردبێ و شکا بێ و هەڵاتبێ ئەو کارەش لەبەر دڵی خەڵکانی کۆیە گران بووە بەتایبەتی لەبەر دڵی ئەو شاعیرەی خاوەنی گۆرانی شلەوخانان بووە کە داخی دڵی خۆی بەم شیعرە دەربڕیوە، چونکە کە دەڵێ (قوشەن داژۆن بەنەرمە + هەڵاتن بۆ مێردان شەرمە) ئەوە سەرزەنشت کردنە بۆ ئەوانەی شەڕەکەیان خۆڕاگرانە نەکردووە و پاشەکشەیان لە شەڕەکە کردوەو هەڵاتوون. بەم جۆرە ئەم گۆرانییە گوتراوەتەوە تەنانەت جۆرە شاییەکی نەرمە ڕۆیی پێکراوە پێی دەگوترێ (شایی شلەوخانان) تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەو نەورۆز و سەیرانەکانی بەهاران.

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

چاوپێکەوتنی /وریا ئەحمەد
گۆڤاری /ڕامان –ژمارە( ١١٧ ) ٢٠٠٧

## چاوپێکەوتنی لەگەڵ شاعیر جلال جۆبار

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٨٠/١/١٧ لە کۆیە لە ماڵی خۆیان، بە ئامادەبوونی یادی بەخێر هونەرمەند (ئەنوەر تاهیر)، لەو ڕۆژەوەش تا ئەمڕۆ زیاد لە جارێك بەیەکەوە دانیشتوین و لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆی زۆرترمان کردووە،دواجاریش لەناو قەیسەری نوێی کۆیە دانیشتین ڕێککەوتی ٢/٩/ ٢٠٠٦ بوو.

مامۆستا جلال جۆبار بەم شێوەیە هاتە دوان و گوتی:شاری کۆیە هەر لە کۆنەوە سەرشاری ئەدەب و هونەرو پێشکەوتنخوازی بووە،بۆ گۆرانی و موزیکی کوردیشمان،ئامێرەکانی موزیك لە کۆیە ژمارەیان زۆر نە بووە،(زوڕنا) و(دەهۆڵ)و(شمشاڵ) ی شوان کە زووتر(بلوێر) بووە لە قامیش دروست کراوە،هەروەها ئامێری(تەنبوورە) و ئامێری (سەنج-تاس مەعرف). زۆرتر لەو کاتانەی قوتابیان بۆ سەیران دەچوون،ئەو ئامێرەو ئامێری (تەپڵ)ی سەربازی کە بەهۆی قایشێکەوە،لەمل دەکرێت،دەکوتران تا شوێنی سەیران و لەو سەریش کاتێك قوتابیان،لە سەیران بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە بە هەمان شێوە، وەك ڕۆیشتنی سەربازی بە یارمەتی ئەو ئامێرانە بەڕێوە دەچوون،بەڵام بەبێ موزیکیش گۆرانی گوتراوە،ئەو گۆرانیبێژانەی لە کۆندا لە کۆیە هەبوون و من نەمدیون:(عەبەی چایەچی) گۆرانیبێژێکی بە توانا بووە (حوسێن ئیسماعیل) گۆرانی لەسەر قەوانیش تۆمار کردووە، دیوێکی ئەو قەوانە(حەیران) بوو،

حەیرانەکە سەرەتا بەوە دەستی پێ دەکرد:ناچمە دیانان گوندی فەلانە، دەچمە شارەکەی قۆچە بەغدایێ لەمن بە قەیسەری و دوکانە... تاد،دیوی دووەمی قەوانەکەش بەستە بوو : (سۆتم دەردی حەلۆکێ)، مۆسیقای ئەو گۆرانییە بە ئامێری زورنا بوو، هۆنراوەکەیشی وا دەستی پێدەکرد:

**کاروانە کاروانە هات کاروانێ کەرداران**
**هێ خستیان لەبن داران سۆتم دەردی حەلۆکێ**

ئەو کاحوسێنە (قەیاغچی) بووەو خاوەنی دەنگێکی یەجگار خۆش بووە،هەموو جۆرە گوتنێکی گوتووە،هەتا مقامیشی گوتووە، مقام بێژێکی تا بلێی چاك بووە،دەنگێکی قەبەی هەبووە، لە بۆنەی شایی (ئیجازە وەرگرتنی فەقێیان) یشدا گۆرانی گوتووە، ئەو پیاوە ژنێکی خووداری هەبووە، بانگیان کردووە (عەیشە شێت) خۆیی و ژنەکەی لەپشت مزگەوتی منارە، لەکۆیە لە کۆلیتێکدا ژیاون، شەوانە کە ژنەکەی باری دەروونی تێکچووە، واتە کاتێك (خوو-صرع) ی هاتوەتێ، کاحوسێن گۆرانی بۆ گوتووە، بە گۆرانی گوتن ژنەی هێور کردۆتەوە، لەو کاتانە گۆرانی (لۆرکێ و لۆرکێ) ی بۆ دەگوت، هەر بەو ئاوازەی دواتر (حەسەن زیرەك) تۆماری کرد، جگە لەوانە مامۆستای گەورەی کورد (مەلا ئەسعەد) لە کۆیە پارێزەری گشت مەقامەکان و مامۆستای مقامیش بوو، ئەو پیاوە چ وەك مامۆستای مقام،یان مقام خوێن و دەنگ خۆش لە کۆیە رۆلێکی بەرچاوی بینی. (حاجیە گەورە)شم دیوە، بەلام ئەوکاتەی ئەمن دیتم ئەو کەوتبوو،لەبن دەرگەی مالی خۆیان کە دەکەوێتە لای(دەرکی خۆشناوان) لە بازارە گچکەلەی کۆیە، بەرەو هەوراز دەرۆی،مالیان لەوێ بوو، ئینجا لەبن دەرکەی راکشا بوو،لاقی نەمابوو،ئەو پیاوە بە ئەسل (دەباغچی) بوو، ئەدەب دۆست و حەزی لە گۆرانی و مقامی کوردی بوو. (رەفیقی چارچاو) کابرایەکی زۆر زۆر دەنگ خۆش بوو، مەلا ئەسعەد یادی بەخێر باسی دەکرد، من بەچاوی خۆم نەمدیوە، برادەری مەلا ئەسعەد

بووە،باوکی ئەو ڕەفیقە (چاوێلکەی لەچاو) کردووە و ئەو دەمانەش کەم کەس چاویلکەی کردۆتە چاو، بەو هۆیەوە نازناوی (چارچاو) ی دواکەوتووە،گۆرانی بێژێکی بەتوانا بووە،لەگەڵ مەلا ئەسعەد بەیەکەوە گۆرانیان گوتووە، دیسان (مەربێنی قەشە شابیل) ئەویشم بە چاوی خۆم نەدیوە تەنیا بیستومە. (حەنیلە خڕە) شم نەدیوە بەلاّم لە (سێوە) م زانیوە، (سێوە بۆی باس کردم گوتی:ئەو مقامانەی ئەمن دەیانڵێم هەمووی لە حەنیلەوە فێربوومە، هەموویم لەو وەرگرتوە، سێوە گوتی: نازانم حەنیل لە چ کەسێك بیستبویەوە کە من دەم لەو مقامانە دەدەم، بۆیە ڕۆژێکیان بەدوایدا ناردم و گوتی:بیستومە ئەتو ئەو مقامانە دەڵێی، وەرە دانیشە مقامی (ئایشە گوڵ) م بۆ بڵێ ؟ سێوە گوتی:منیش لە ڕاستیدا شەرمم لێ دەکرد، ناعیلاجی دانیشتم و بۆم گوت، کە دەستم بە گوتنی مەقامی ئایشەگوڵ کرد لە هەندە شوێنان حەنیل دەیگوت :ئای... ئای... تۆ ئەو مەقامانەت هەمووی تێکداوە. کاك جلال گوتی:حەنیلە خڕە کە سێوە بە مامۆستای خۆی دادەنا ڕای لە گوتنی سێوە بۆ ئەو مقامانە نەبووە، سێوە دەیگوت:حەنیل پیاوێکی ورگن بوو، ئەو مقامانەی وەك (سەحەر، ئایشەگوڵ،کراسی شەنگ مێرەم،ئارێ گورێ... تاد) هەر هەموویم لە حەنیل وەرگرتووەو فێریان بویمە. هەروەها (نەشئەتی ڕەشید ئاغای) دەنگخۆش بووە، ئەمەیشیانم نەدیوە، بەلاّم لە سێوە و مەلا ئەسعەدم بیستووە، مەلا ئەسعەد باسی ئەوەیانی بۆ کردووم دەیگوت: نەشئەت ئاغا وەك گۆرانیبێژێك لە گەڵمان بوو، جگە لەو (سمایلە خڕە)ش وەك دەنگخۆش و گۆرانی بێژ هەر لەگەڵماندا بوو. جارێکیان مەلا ئەسعەدم برد بۆ بەغدا بۆ ئێزگە، بەو مەبەستەی گۆرانی بۆ ئێزگە تۆماربکات، (عبدالاحد جردیس) مان لەوێ دیت، کاتێك زانی ئێمە لە کۆیەوە هاتووین،گوتی: من لەمانگی ڕەمەزانان زیاد لە جارێك لەکۆیە میوزیکم لە چایخانەی(سعدی ئاغا) ژەندووە. کاك جلال گوتی:من زۆر لە مەلا ئەسعەدەوە

نزیك بووم، کاتێکیش نزیکی سەرەمەرگ ببوو، من زۆر خزمەتیم دەکرد، ئینجا مەلا ئەسعەد لای من وەسیەتی کرد و گوتی:کە مردم لە (تاتووکی قەراتێ) بمنێژن، چونکە کاتی خۆی ئێواران لەگەڵ هاوەڵانی دەنگخۆش و مەقامخوێنان لەوێ بە قاپێ مەیەوە دادەنیشتین، بۆیە ئەو شوێنەو ڕابواردنی ئێوارانی بەزم و گوتن ئامێزی ئەو شوێنەم قەد بیرناچێ). لە کۆیە (تاتووکی بەفریقەندی) و (هەواوان) یش هەیە،کاتێکیش کۆچی دوایی کرد من وەسیەتەکەیم بەجێ گەیاند و هەر لەوشوێنەمان ناشت.
(ئەمین ئاغا) شاعیر بووە شیعرەکانیم بیستووە، بۆ نمونە هۆنراوەی (دەخیلت بم لە عوشاقت مەڕەنجە)

**دەخیلت بم لە عوشـشاقت مەڕە نجە**
**دڵ و دینـم فیـدای ئەم لارو لە نجە**
**لە دەوری عارضـت کاکـۆڵی پڕچین**
**دەڵێی ماری سـیای ئێشکچی گە نجە**

ئەمین ئاغای ئەختەر هۆنراوەی دیکەشی زۆرن وەك(لەپاش مەرگم چ فایدە بێیە سەر قەبرم لەبۆشیوەن) کە (مشکۆ هەولێری) گوتوویەتی، بەڵام (مشکۆ) هەندێ لەو هۆنراوەیەی دەسکاری کردووە، ئەختەر دیارە زۆر حەزی لە مەقام و گۆرانی گوتن و بەزمو ئەوانە بووە، لە دیوەخانەکەی شەوانە ئەو دەنگخۆشانە خڕبوونەتەوە وتا درەنگی شەو، دەنگی گۆرانی و مەقام و بەزم و ڕەزم بووە،دیارە ئەو پیاوە بە هۆنراوە هاوکاری ئەو دەنگخۆشانەی کردووە،مەلا ئەسعەد بۆی گێڕامەوە و گوتی:ئەمن زووتر لە سلێمانی برادەرایەتیم لەگەڵ (ئەحەی ناسر)دا هەبوو،جگە لەو برادەرایەتیم لەگەڵ گۆرانیبێژێکی سابلاخیشدا هەبوو بەناوی (عەجەم ئۆغلی) ؟ لە وەرامی

پرسیارێکی مندا گوتی:ئەو گۆرانی بێژە کورد بووە،بەلاّم ئەو ناوەی هەبووە. ئەو دووانە زۆر بەرز بوونە لە مەقام و هەم لە بەستە گوتنیشدا، جا ئەوانەو غەیری ئەوانە دەهاتن بۆ دیوەخانەکەی ئەمین ئاغای ئەختەرو بە دەنگ و سەداو مەقام گوتن بەشداریان لەو شەوە تایبەتمەندانەی لە دیوەخانی ئەختەر لە کۆیە دا دەکرد، زووتر لە کۆیە گۆرانی گوتن لە دیوەخانەکان هەبووە، بۆ نموونە: لەشایی دەرچوون و ئیجازە وەرگرتنی فەقێیاندا گۆرانی و شایی هەبووە، لە مەولوودان، لە بووك گواستنەوەدا، لەو بۆنانە هەمووی لە کۆیە گۆرانی گوتراوە، بەتایبەتی کاتێك بووك دەگەیشتە بەردەم ماڵی زاوا، چەند کەسێکی دەنگخۆش لەسەربان یان سەر سواندەی ماڵی زاوا دەوەستان و گۆرانیان دەگوت و لە هەمان کاتدا نوقڵ و چوکلات و پارەی وردەیان بەسەر بووکدا دەباراند(دیارە ئەو کاتە بووك،یان بە پێیان دەبرا ماڵی زاواو زەلامێکیش بە ئاوێنەیەکەوە لەبەردەمیدا دەرۆیشت،یانیش بەسواری ولاّغ دەبوو).

کاك جلال گوتی: من منداڵ بوومە (کاك جلال جۆبار ساڵی ۱۹۲۹ لە کۆیە هاتۆتە دنیاوە) سەعدی ئاغا چایخانەی هەبوو لە کۆیە لەسەر مەیدانێ و مانگی ڕەمەزانان دەچوو(کاوێس ئاغا)ی دەهێنا تا لە چایخانەکەیدا لاوك و بەستان بڵێت،(حاجی قادری پەڕەکار) و(مام عەلی سەمەنێ) دەنگخۆش بوون، لە کۆیە ناودار بوون، باوکیشت (ئەحمەدی حەمە مەلا)،من گوێم لە باوکت بووە کاتێك گۆرانی گوتووە، دەنگی باش بوو ئەدایەکی جوانی هەبوو،باوکت بە زۆری ئەو شیعرانەی (عەونی) دەگۆت،وەك:بەقەد شمشادی بوستانە بە ڕوو باخ و گوڵستانە،وەکو قومری لە باخ و جۆیی باران، حەلقە حەلقەی زولفی یاری من هەمووی پێچ و غەمە،ئەو هۆنراوانەی بە بەستەو هەم بە مقامیش دەگوتن:

# شنەی هەریە سولتان

**بە قەد شمشادی بوستانە بەڕوو باغ و گوڵســــتانە**
**بە لێو کەوسەر بە چاو ساقی بەوێنە حورو غیلمانە**
**لەســـــەر کێوی دڵم دایم وەکـو موسـایی عیمـڕانە**
**بە شـوعلەی شـەمعی ڕووخساری هەموو دنیا چراخانە**
**تەماشـای دولبـەری من کەن سـوپا سـالاری خوبانە**

باوکت یادی بەخێر کاتێك دەیخواردەوە ئەو گۆرانیانەی دەگوت، گوتم کاك جلال مامۆستا(کریم شارەزا)لەو پێشەکییەیدا کە بۆ کتێبی (گوڵی سەربەستی)تایەر تۆفیقی نەمر نوسیویەتی دەڵێت:(ئەحمەدی حەمە مەلا یەکەم گۆرانی بێژ بووە، هونەری ئاوازو گۆرانی کوردی، لە کۆڕی ئایینی و مەولودی پێغەمبەر و لەسەر منارەو مەحفەل و گومبەتی مزگەوتانەوە، هێناوەتە ناو کۆڕی جەماوەری میللەت و هاویشتوویەتیە قالبی گۆرانی نەتەوایەتی و ڕامیارییەوە.... تاد) تۆ دەڵێی چی؟ بەڵێ ئەمە دەزانم لە کۆیە باوکت و عومەری مام عەولای وعەونی شاعیرو زووتر دڵداری جوانەمەرگی شاعیر، تاقمێکی پێشکەوتنخواز بوون،یادیان بەخێر،هەر ئەو تاقمە گەنجە ڕۆشنبیرەش بوون لە کۆیە (ڕۆژباش) و (شەوباش) و ئەوانەیان یەکەم جار بەکارهێنا، یەکەمجار خەڵکی کۆنەپەرست و نەفام،پێکەنینیان بۆ نموونە بە(ڕۆژباش) و ئەوانە دەهات دەیان گوت:سەلام سەلامی خودایە، ڕۆژباش چییە؟ باوکت گۆرانی نیشتمان پەروەری دەگۆت (شیرین بەهارە) و (ئیش کە ئێستا ڕووی لە هەورازە سەردو لێژی نەکەی) ئەو هۆنراوانەی دەگۆت.

گوتم مامۆستا هەندێك گۆرانی لە کۆیە هەن، دەتوانین بڵێین تایبەتمەندن بە شاری کۆیە،چ لە ڕووی ڕەزم بێت کە بە شێوەیەکی گشتی ڕەزمەکانیان گرانن(لەسەرخۆن-هێواشن) یان لە ڕووی ئاوازەوە کە دیسان ئاوازەکانیان قورسن و ئەداکردن و هەم قورگێکی بەتوانای دەوێت، چ لەڕووی تەکنیکەوە بێت یانیش

تواناو ڕووبەری ئەو قوڕگە، هیچ نەبێت لە توانای دابێت تۆنی (دەنگی) بەرزو هەم تۆنی گڕبخوێنێت و سەرەڕای ئەوانە ئەو کەسە خاوەنی نەفەسێکی درێژو قووڵیش بێت؟ ئەو گۆرانیانەی گوتم، گەر بڕۆیتە هەولێر،کەرکوک،سلێمانی،سەیر دەکرێت بەدی ناکرێن تۆ ئەمە بە چی لێکدەدەیتەوە؟ هەر بۆ نمونە گۆرانی (ئاهویار، دەماغم وەزنە، بۆفریبی عاشقان، لەوکولبەیی ئەحزانە، بازان باز قەتار، شلەوخانان، سام سام، مەلا بانگدانێم پێخۆشە و دەیانی تر)؟

کاك جلال گوتی: من ئەو گۆرانیانەی باست کردن و زۆری دیکەش لە کۆیە نەبێت،لەشوێنی دیکەدا بەرگوێم نەکەوتوون، دەتوانین بڵێین ئەو ئاوازانە تایبەتمەندی گۆرانی شاری کۆیەن، لێرەدا گوتم:مامۆستا گۆرانیەك لەوانەی باسمان کردن (مەلابانگدانێم پێخۆشە ئامین ئامین ئامینێ)من لەسەردەمی منداڵیمدا دەیان جا لە باوکی خۆم بیستووە گوتوویەتی،کەچی ساڵی ١٩٨٠ ئەو گۆرانیە لەناو کاسێتی نوێی گۆرانیبێژ (قادری سیاحی)دا لەگەڵ کۆمەڵێك گۆرانی دی بە تۆماری گەیاندبوو لەوساشەوە تا ئەمڕۆ بە ئاواتم ڕۆژێك ئەو گۆرانیبێژە ببینم و پرسیاری ئەوی لێکەم ئەو گۆرانیەی لە کوێو لە چ کەسێکەوە بیستووە ؟ لێرانە کاك جلال گوتی: گەلێك جاران گۆران گۆرانی لە کوردستانی ئەودیوەوە بە ئێمە دەگەیشت، من لەبیرمە زیاد لە جارێك گۆرانیبێژی لاو دەهاتن لێرە لە کۆیە لە چایخانەکان دادەنیشتن و گۆرانیان دەگوت، ناویشیانمان نەدەزانی ئەوانە هەندێکیان خەڵکی (سەردەشت)و ئی دی خەڵکی (سابلاغ)و بەو جۆرە، کابرایەکی دی هەبوو ناوی (مەمەد) بوو، کرمانج بوو (کوردی باکور) بوو لە شەڕدا گوللەیەکی بەر لێوی کەوتبوو، بەو هۆیەوە توانای ژەنینی زوڕنای بە لێو نەمابوو، هەستابوو ئامێرێکی زوڕنا هەمانەی زیرەکانە دروست کردبوو، لە کۆیە لە ماڵی ( کوێخا حەوێز) ئەوان بە بریندار دەیبەنە ماڵی خۆیان،تا برینی سارێژ دەبێت، دوای ئەوە لە کۆیە نیشتەجێ بووە، ژنی هێناوەو دوو کوڕی هەن (حسن و سەمەد) هەردوکیان لە ئامێرەکانی دەهۆڵ و زوڕنا و دووزەلە و شمشاڵی

ئاسن و بلوێر و ئەوانەدا وەستا چاکن. بۆ مامۆستا (جلال حەوێز)یش یادی بەخێر شەوێکیان لە ماڵیان دانیشتبووین، میوانێکی عارەبی هەبوو، هەستا چوو (عود) ەکەی هێناو دەستی بە عود ژەنین کردوو چەند ئاوازێکی لێدا، ئاگام لێبوو میوانەکەی زۆرچاك گوێی لە عود ژەنینی مامۆستا جلال حەوێز گرتبوو، ئەو ئاوازانەش کە ئەو شەوە ژەنینی هەر ئاوازە باوەکانی ناوچەی کۆیە بوون.

(عبدالواحد حاجی ئاغا مستەفا) کە لە عەسکەری ژەنینی ئامێرەکانی فوو، فێر ببوو،کاتی خۆی ڕۆڵێکی بەرچاوو دیاری هەبووە لە فێرکردنی منداڵ و مێرمنداڵی شاری سلێمانیدا. دەربارەی تەکیەو ئامێرەکانی موزیك گەر لەناو تەکیەکانی کۆیەدا : وەك (تەکیەی تاڵەبانی) و (تەکیەی بەرزنجی) هەبووبن و کام ئامێر بوونە؟ گوتی: لەو ڕۆژانەی زیکرو ستایشی خوا لە تەکیەکاندا بەڕێوە دەچوو، زۆرتر لەلایەن دەروێشانەوە ئامێری (دەفی گەورە) دەژەنرا، ئامێری موزیکی دیکەم نەدیوە لە تەکیەی کۆیە بژەنرێت، ئامێری دەف جگە لەناو تەکییەکان، لە مەولودیش بەکاردەهات، بۆ نموونە: فەقێ ئەحمەدە کوێرە، بەبێ ئامێری دەفی گەورەی دەروێشی مەولوودی نەدەخوێندەوە، هەرچەندە نا بینا بوو کەچی لە ماوەی (٣ تا ٤ ) ڕۆژدا توانای لەبەرکردنی هۆنراوەیەکی تەواوی هەبوو، ئینجا بۆ نمونە : هەندێ هۆنراوەی منی وەك تەنزیلە لە مەولوودەکاندا دەخوێندەوە، هەرچەندە دەفەکان نیشتمان پەروەریش بوون، بەلأم ئەو زۆر حەزی بەو کارەبوو، بە پێچەوانەی مەلا ئەسعەد کە زەینی زۆر خراپ بوو

من دەمزانی خاوەن دەنگێکی باشە زۆر جاران هەوڵم دەدا هۆنراوەی خۆمی پێ لەبەر بکەم بەلأم چونکە چاوی باش نەبوو، هەرچەند هەوڵم دەدا فێرنەدەبوو دەیگوت: خەم لێناگەڕێ . (حمدامینی عباس) یەکەم جار کە دەستی بە گۆرانی گوتن کرد لاوکێکی دەگوت (لاوکی دەلال) هەتا وای لێهات بەسەری دابڕا پێیان دەگوت:حمدامین دەلال.

لەوە زیاتر شتێکی دیکەی نەدەزانی، دوایی هات گەیشتە لای من، ئەو شیعرو شتانەی لە منی وەردەگرت، ئەمن ئاوزی ئەو هۆنراوانەیشم فێر دەکرد، بەلاّم چاکی وەردەگرت.(باقی مام سالّحی —باقی سەرتاش)ئەمەیشیان لە لەبەرکردنی شیعرو ئاوازدا تەمبەلّ بوو، هەرچەندە دەنگی زۆر باش بوو، هەندە شتی وەرگرتبوو،جا لە مەولوودان یان لە شاییان، ئەوانەی زۆرباش دەگوتن. (حەمە سالّحی مەلایان-شاییان) هەبوو تایبەت بوو بە گۆرانی شاییان، لەناو شاییدا توانای هەبوو دوو کاتژمێر گۆرانیت بۆ بلّێت، بگرە لەوەش زیاتر،شاییکاران دەبوون بە (کۆڕس) بۆی،واتە چی دەگوت ئەوان بۆیان دەگێڕایەوە. کوڕێکی دیکەش هەبوو (ڕەشید حەیران)یان پێدەگۆ، خەلّکی گەرەکی (هەواوان) بوو، ئێستا کوڕێکی دەنگخۆشی هەیە بەناوی (شەوقی)لە (ڕانیە) دادەنیشێت و قورئان خوێنێکی زۆر چاکە،ئینجا ئەو پیاوەیش وەك حەمە سالّحی مەلایان، هەمان ئەو گۆرانیانەی شاییەکانی ناوچەی کۆیەی دەگوتن و شاییەکانی گەرم دەکرد.(جلیتانێ) جاران ئەسپ سواران هەندێ ڕۆژ بەسواری پێشبڕکێیان دەکرد،بزانن کامیان لە سوارانی دی،سوارترە،یان سوارچاکترە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی بووك دەگوێزرایەوە، ئینجا ئاوازێکی تایبەتی هەیەو بە ئامێری (شمشالّی ئاسن) و زووتریش بە ئامێری (بلوێر) ژەنراوە، ئەو ئاوازە تایبەتی و کوردییە لە هەندێ شوێنی کوردستان (مەیتەرخانە)یشی پێ دەلّێن. ئاوازێکی دیکە هەیە، هەر بە ئامێری بلوێر دەژەنرێت و پێی دەلّێن (بووك و خەسوو)،ئەو ئاوازانەش زۆرتر شوانەکان دەیانژەندن. گوتم مامۆستا گیان: ئێمە لە کۆیە (کافیەخانی مەلایان) و (فەقێ گورێ) و (ئامە شەل)ی خوشکی حاجی کاکەمان هەبوون. ئێستاش (سەبیحەخان)ی ژنی یادی بەخێر (کەریم کێشکەیی) کە خەلّکی کۆیەیەو وەك ئێمە لە (هەولێر) نیشتەجێیە (بەلاّم ئەوەی جێگەی داخە ئەو ژنە بەستەزمانە کە لەتەمەنی دایکم و ئەوانە، پێش ماوەیەك کۆست کەوتەی دەستی عەرەبە شۆڤێنیەکان بوو، کاتێك (ئازاد) ی کوڕە گەورەی کە باوکی هەشت منداڵ بوو

لەرێگەی (هەولێر/بەغدا) زۆرنامەردانە بەبێ هیچ تاوانێك، لەگەڵ چەند شوفێرێکی کوردی تر،هەر لەبەر ئەوەی کورد بوون، گوللەبارانیان کردن و تەرمەکانیشیان سووتاندن ؟ داواکارین لە یەزدان سێبووری دڵیان بدات، ئەو ژنەش دەنگخۆشەو مەولوود خوێنێکی ناودارە،کاك جلال گوتی (نەعیمەی وەستا محێدین ) هەبوو ئەویش هەر لە مەولوودان دەیخوێند، (فەقێ رابی)ش خوشکی (حاجی واحێد)بوو، کورێکی هەبوو لە کۆیە (حاجی ناو بەقیمە) یان پێدەگۆت، دەنگێکی قەبەی هەبوو، هەندێك لەو ژنانەی سەرەوە لەناو شین و شەپۆڕیشدا، بەتایبەتی ئەگەر کەسێکی ناودار، یان گەنجێك جوانەمەرگ بووایە (سەردولکە) و (لاواندنەوە)یان بۆ دەگوت.

گوتم: مامۆستا گیان ئەی جولەکەکانی کۆیە، کەسێکی مەقامزان یان دەنگخۆشیان نەبوو ؟ مەبەستم وەك دیانەکانی کۆیە کە بۆ نموونە(سێوە) یان (حەنیل) یان(مەربێن) یان... هەبوو؟ گوتی: من نەمبیستووە جولەکەکان کەسێکی وا دەنگخۆش یا مەقامزانیان هەبووبێت. گوتم:باوکم باسی (مام رەحمین) ێکی جووی دەکرد لە کۆیە دەنگخۆش بووە، گوتی:باوکت زۆر لە جولەکەکانەوە نزیك بوو، منیش شەوێکیان لەلای جولەکەیەکی برادەرم داوەت کرابووم، من ئەو کاتە کە ساڵی ١٩٤٨ و ئەوانە بوو کاری(پارتی دیموکراتی کوردستان)م دەکرد، دوو شانەم لەلا بوو، یەکی جولەکەکان و یەکی دیانەکان، بەخۆمەوە هەریەکەیان لە پێنج کەس پێکهاتبوون، جگە لەوە من و عەبدولڕەحمان ڕووتەو محمد شوانی وێنەگرو سەیدەی سەید سەعیدیش شانەیەکی دیکە بووین، ئەو کاتە (مام جلال) کۆبوونەوەی پێدەکردین، جا ئەندامێکی ئەو شانەیەی من هی جولەکەکان ناوی (سدیقی لاولاو) بوو، ژنی خواستبوو پێی گوتم: حەفت ڕۆژان ئەتو داوەتی منی، جا تا لای بانگی شێوان دەرگەیان لەسەر پشت بوو، شایی دەکرا خەڵك دەهاتنە ژوورەوە، بەلام دوای ئەوە دەرگایان دادەخست، منیان لەگەڵ خۆدا بۆ ماڵی (بولبول-حەییوم) ی دەبرد، ئەویش تا ئەو دیو واتە ماڵی (سدیق) چۆڵ

دەبوو، شەوێکیان لەماڵی (سدیق) خۆییانە دانیشتبووین، لەمسەر تا ئەوسەر ژن و پیاو دانیشتبووین، (شەمتۆجوو) و(لاولاو)یش لەوێ بوون، گوتیان: بیکەینە گەڕەلاوژە، ئەویش بریتییە لەوەی ئامادەبووان، دەنگخۆش و غەیری دەنگخۆش هەرکەسە دەبێ شتێك بڵێت، لە منەوە دەست پێکرا و بەرەو ئەوانی دی چوو، (بولبول) کە نازدارێکی جوو بوو، کاتی خۆی (عمر جلال) حەزی لێکردبوو زۆریش جوان بوو، لەوێ لەخوار منەوە دانیشتبوو، دەور گەیشتە سەر (بولبول ) گوتی: من نایڵێم، لاولاو گوتی: بولبول (خا ئەد بابی) واتە بەسەری بابت دەبێت بیڵێی، ئەمما کاتێك دەستی پێکرد، خەنەبەندانێکی گوت، بە ئاوازێکی ئەوەندە خۆش گوتی:

**ئای خەنەبەندان خەنە بەندانە ئیمشەو**
**هەی لە ماڵی دۆستان لیمۆ تالآنە ئیمشەو**

جا ئەو گۆرانییەی بە دەنگێکی نەرم و ئەوەندە خۆش گوت، گوێگرانی سەرسام دەکرد. جووەکانی کۆیە گۆرانییەکی دیکەیان دەگوت بە ناوی (ئەی هاوار لەناو ڕەزان). گوتم :لە ناوچەی کۆیە وەك هەموو ناوچەکانی دیکە لە کوردستان، چونکە دروونە هەبووە،گۆرانی تایبەت بەو کارە هەبووە؟ گوتی: بەڕای من گۆرانی کوردی کۆن،یا هی دروونە، یانیش هی شاییەکانن.

---

*دەرکی گەروێ و دەرکی خۆشناوان:دیارە لە کۆندا کۆیە وەك زۆربەی شارە کۆنەکان شوورەی هەبووە، ئەو شورەیەش زیاد لە دەرگەیەکی هەبووە، یەکێك لەوانە(دەرگەی گەروێ ) بووە.

# پێرستی بابەتەکان

سەرەتا.................................................... ٣
ژیننامەی شاعیر................................................ ٥
هونەرەکانی رووخسارو ناوەڕۆك لە شیعری جەلال جۆبار.............. ١١

# بەشی یەکەم

هۆنراوەکانی جۆبار............................................ ٦٥

١- شیعری گۆرانی و دڵداری................................... ٦٦
٢- شیعری نیشتیمانی.......................................... ١٠٠
٣- شیعر کۆمەڵایەتی.......................................... ١٢٩
٤- شیعری منداڵان............................................ ١٩٤

# بەشی دووەم

حەکایەت و چیرۆکە و نووسین و دیمانەکانی جۆبار.................. ١٩٨